لێکدانەوەی پێشەکی

(إبن الجزري)

لێكدانەوەی

پێشەكی (إبن الجزری)

دانانی

إحسان برهان الدين

مۆڵەت بێدراو لە قیرائاتی عەشرە

١٤٣٨ك چاپی سێیەم ٢٠١٧ز

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: لێکدانەوەی پێشەکی (إبن الجزری)

نووسەر: إحسان برهان الدین

چاپ: سێیەم   ١٤٣٨ك-٢٠١٧ز

کۆمپیوتەر و نەخشەکێشان: عمر نجم الدین

تیراژ:

ساڵی چاپ:

چاپخانە:

ژمارەی سپاردن: 2411 لە ٢٠٠٩

پێشەكی چاپی سێیەم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه

سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر نیعمەتەكانی، سوپاس و ستایشی بێ پایانی دەكەم لەسەر ئەوەی یارمەتیدام سەروەری ئەوەم هەبێت خزمەتی قورئانەكەی بكەم بەوەی شەرحێكم لەسەر یەكێك لە چاكترین كتێبەكانی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز نووسی كە ئەویش هۆنراوەی (المقدمة الجزرية) ی ئیبنولجەزەرییە رەحمەتی خوای گەورەی لێبێت،

ئەمەی لە بەردەستی خوێنەری ئازیزدایە چاپی سێیەمی ئەم كتێبەیە،پاش تەواو بوونی هەردوو چاپی پێشوو لە كتێبخانەكاندا، لە رووی ناوەرۆكەوە شتێكی ئەوتۆم بۆ زیادنەكردووە و هەمان نێوەرۆكی چاپەكانی پێشووە، داواكارم لە خوای گەورە بیكاتە مایەی سوود بۆ خوێنەرانی و ببێتە توێشووی رۆژی دوایی بۆ نووسەری.

وصلى الله وسلم وبارك على محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا.

إحسان برهان الدين

٢٠١٧/١/٢٤

سلێمانی

پێشەکی نووسەر

الحمد لله الذي خلق السماوات الأرض وجعل الظلمات والنور ثم الذي كفروا بربهم يعدلون، والصلاة والسلام على الرحمة المهداة، سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه و أحبابه أجمعين.

خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی قورئان بەجوانی و دروستی دەخوێنێتەوە و، ساتەکانی شەو و ڕۆژی لەگەڵدا بەسەر دەبات، چونکە قورئان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت بە تکاکار بۆ خوێنەرانی، وەکو پێغەمبەر (ﷺ) **فەرموویەتی**: (أن القرآن يشفع يوم القيامة في اصحابة...)[1].

لەڕاستیدا ژیان لەسایەی قورئاندا–وەکو یەکێك لە خواناسان دەفەرموێت–: نیعمەتێکی گەورەیە، نیعمەتێکە کەسێك نەیچەشتبێت نازانێت چۆنە، نیعمەتێکە تەمەن پیرۆز دەکات و مرۆڤ لە هەموو پیسیەك پاراو دەکاتەوە.

یەکەم پەیامی قورئانیش بۆ مرۆڤایەتی داوای فێربوونی زانست بوو (إقرأ)، زانستیش نیە مەزنتر لەزانستەکانی قورئانی پیرۆز، چونکە–ڕاستەوخۆ–پەیوەندنی بە فەرموودەی پەروەردگارەوە هەیە، یەکێك لە گرنگترین زانستەکانی قورئانیش زانستی تەجوید و شێوازەکانی خوێندنەوەی قورئانە بەپێی ئەو بنچینە و بنەمایانەی گەورە زانایانی ئەم زانستە دیاریان کردووە.

[1] أخرجه مسلم ١/٥٥٣، و أحمد ٢٥٤، ٢٥٧، ٥/٢٤٩، و الطبراني في الكبير ١٣٩–٥/٣٨، البيهقي في السنن الكبرى ٢/٣٩٥.

بەڵام ئەوەی كە جێگەی داخە، ئەم زانستە مەزنە پشكێكی كەمی بەركەوتووە لەبایەخدانی مسوڵمانان لەم وڵاتەی خۆمان و بەتایبەتی مەبەستم كوردستانە، ئەوەش كەمتەرخەمیەكی بێ پاساوە، چونكە بوارێك نیە شایانی گرنگی پێدان بێت ئەوەندەی قورئانی پیرۆز، فەرمانی خوای گەورەش لەم بارەوە ڕوونترە لە تیشكی خۆر لە ناوەڕاستی ڕۆژدا كە **فەرموویەتی:** (ورتل القرآن ترتيلا).

ئەوە فەرمانێكی خواییە، هاوەڵان بە باشترین شێوە لە خۆیاندا بەرجەستەیان كردبوو، بەو شێوازەی كە لە پێغەمبەر (ﷺ) یان وەرگرتبوو. فێربوونی قورئانیش بەشێوەیەكی ڕاست و دروست بەهەوڵدان و كۆشش دەبێت، چونكە بەدەست هێنانی ئەو زانستە ڕادەوەستێت لەسەر لایەنە تیۆری و كردەیەكەی پێكەوە، بەتایبەتی بۆئەوانەی كە دەیانەوێت ڕۆڵی مامۆستایی و فێركردنی موسوڵمانان ببینن، پێویستە لەسەریان سەرباری ئەوەی بەجوانترین شێوە پیتەكانی قورئان دەربڕن، بشگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە متمانە پێكراوەكانی ئەم زانستە–بەتایبەتی سەرچاوە دێرینەكان–چونكە هەموو زانا هاوچەرخەكان زانستەكانیان لەوانەوە سەرچاوە دەگرێت، لێرەشەوە گرنگی زمانی عەرەبی دەردەكەوێت، چونكە زمانی ئاینیی ئێمەی موسوڵمانانە، واتە ئامرازی تێگەیشتنمانە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها بۆ تێگەیشتن لەو گەنجینە بە نرخانەی كە زانایان بۆیان بەجێهێشتووین، وا زەمانەش جارێكی تر خۆی دووبارە دەكاتەوە و، لەژێر پاساوی جیاجیا هەڵمەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەچڕی لەدژی ئەم زمانە ئەنجام دەدرێت، بەهیوای پەیدابوونی نەوەیەك لەداهاتوودا تێگەیشتنی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بەلایانەوە قورستربێت لە سەركەوتنی چیایەكی سەخت، ئەوەش لێپرسراوێتیەكی مێژوویيە دەكەوێتە سەر ئەستۆی موسوڵمانانی ئەم سەردەمە، خوای گەورەش

بێ نیازە لەو هەوڵانەی ئێمە و، خۆی بەڵێنی پاراستنی قورئانەكەی داوە، بەڵام تاقیمان دەكاتەوە تاكو چ ئەندازەیەك پەرۆشین لەسەر ئاینەكەمان، مەخابن سەرەتای بەرووبوومی ئەو هەوڵانەش دەركەوتوون لە نەوەی تازە پێگەیشتوودا و، یەكێكیش لە دیاردەكانی گرنگی نەدان نەشارەزاییە لە قورئان خوێندندا، ئەم مەترسیەش كە لێرەدا دەیخەمە ڕوو زیاتر مەبەستم لەڕاست خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە ئەگینا-سوپاس بۆخوا-هەوڵی مامۆستایان و كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی ئیسلامی و سەرجەم ئەو خزمەتانەی ئەمڕۆ بەئاینی ئیسلام پێشكەش دەكرێت، هەموو ئەمانە غەریبی ئیسلامیان لابردووە و بووژانەوەیەكی بەرچاو وەدیدەكرێت لەنێو موسوڵمانانی هەرێمدا.

لێرەشەوە داواكارم لە فێرخوازانی زانست-بەتایبەتی قورئانی پیرۆز-ڕێبازی وەرگرتنی زانست لەڕێگەی سەنەدەوە زیندوو بكەنەوە، چونكە ئەوە ڕێبازێكی متمانە پێكراوە بۆ وەرگرتن و فێربوون.

منیش فەزڵ و چاكەی خوای گەورە بەسەرمەوەیە بەوەی كە سەرەتا هەڵی خوێندنەوەی یەك خەتمەی بۆ ڕەخساندم بە قیرائەتی عاصم لە لای مامۆستا دلێر أحمد دواتریش قیرائاتی عەشرەم لە لای تەواو كرد بەسەنەدی نەپچڕاو بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەش دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم زانستە گرنگەی بۆ واڵا كردم و، یەكێك لەو كتێبە بە پێز و بەنرخانەی خوێندمەوە و، بە وانە وتمەوە چەند جارێك، كتێبی (المقدمة الجزرية)ی (إبن الجزري) بوو ڕەحمەتی خوای لێبێت، ئەم كتێبە وەكو پێناسەمان كردووە لە سەرەتای ئەم ڕاڤەكردنە یەكێكە لە باشترین ئەو كتێبانەی لەبواری زانستی تەجوید و بنەماكانی خوێندنەوەی قورئاندا نووسراون بەشێوەی هۆنراوە، چونكە نووسەرەكەی پێشەوایەكی ناوداری

هەرەگەورەیە، كە هەموان بێ ڕاجیایی كۆكن لەسەر پێشەوایەتی ئەو، بێگومان زانستیش—هەر زانستێك بێت—لەسەرچاوەكەیەوە وەربگیردرێت باشترە، هەروەكو چۆن ئاوخواردنەوە لە سەرچاوەی سازگار باشتر و خۆشترە لەو شوێنانەی دوورن لە سەرچاوەوە.

بۆیە پشت بە خوای گەورەو، لەژێر ڕووناكی كۆمەڵێك لێكدانەوەی زانایانی كۆن و هاوچەرخ، هەڵسام بە نووسینی شەرحێك بۆ ئەم كتێبە، هاندەریشم—پاش ڕەزامەندی پەروەردگارم—ئەوەبوو بینیم موسوڵمانان بایەخی پێوستیان بەم زانستە نەداوە و، تەنانەت خاوەن بڕوانامە و ڕۆشنبیرەكانیش هەر بەجوانی نازانن قورئان بخوێننەوە و، لە زۆربەی حوكمەكانی بێ ئاگان، جگە لەوەش هاندەرێكی بەهێزی ترم هەبوو كەبریتی بوو لەوەی تاكو ئێستا ئەم كتێبە بەباشی نەناسراوە لەنێو موسوڵمانانی كورد و كەس هیچ لێكدانەوەیەكی بۆنەكردووە كە چاپ كرابێت.

شایانی باسیشە كە ئەم كتێبە و، هیچ كتێبێكی تر لەم زانستە، قەرەبووی هەبوونی مامۆستا ناكاتەوە بۆ فێركردنی فێرخواز، چونكە ئەگەر بگونجێت هەر زانستێك لە ڕێگەی كتێبەوە وەربگیردرێت، زانستی تەجوید و جوان خوێندنەوەی قورئان هەرگیز بەتەواوی بەدەست ناخریت بەبێ مامۆستایەكی لێهاتوو، ئەوپەڕی هیواشم لەم كتێبە ئەوەیە سەرچاوەیەكی فێركردن بێت بۆ مامۆستایانی قورئان و، بابەتێكی هاندەر بێت بۆ قوتابیانی زانست بیخوێننەوە و سوودی لێوەربگرن بە هاوكاری كەسانی لەخۆیان شارەزاتر.

لەئەزموونی خۆیشمەوە لەكاتی فێربوونی قورئان بەپێی بنەماو بنچینەكانی **دەڵێم:** ئەی قوتابی زانست و جوان خوێندنەوەی قورئان، پێش ئەوەی خەتمەیەكی تەواو بخوێنیت لەلای مامۆستایەكی لێهاتوو، گوێگرتنت بۆ قورئان زۆر جیاوازە لەگەڵ پێش تەواو كردنی خەتمەكە، تۆ پێشتر گوێت لە ئایەتێك دەگرت

بەسەریەکەوە، بەڵام ئێستا پیت پیت بەگوێتدا تێدەپەڕێت، چونکە مەخرەج و سیفەتی پیتەکانی دەزانیت، بۆیە نزم کردنەوەی پیتی بەرز و پێچەوانەکەی، قەلقەلە پێنەکردنی پیتەکانی قەلقەلە و پێچەوانەکەی، ڕانەوەستان لەسەر پیتەکانی (لن عمر)، تێپەڕبوون بەسەر پیتەکانی (صفیر) بەبێ پێدانی ئەو سیفەتە، کورت کردنەوەی مینگە و مەددەکان لەئاستی خۆیان و شتی تر، هەموو ئەمانە ئێستا سەرنجت ڕادەکێشن، پێیان دەزانیت کەهەڵەن، من دەستەبەری ئەوەم بۆ هەر براو خوشکێکی موسوڵمانی قورئان دۆست، کە ئەگەر مەخرەج و سیفەتەکان شارەزا بوو و، خەتمەیەکی قورئانی بە درووستی خوێند لەسەر دەستی مامۆستایەکی کارامە هەست بە حاڵەتێکی تازە دەکات لە خۆیدا، کە هەرگیز پێشتر هەستی پێنەکردووە، شادیەکە لەوانەیە دیاری خوای گەورە بێت بۆ ئەو کەسەی بەشێك لەساتەکانی تەمەنی تەرخان دەکات بۆ جوان خوێندنەوەی قورئان.

واشنەزانی لێهاتوویی لە بنەماکانی تەجوید و ڕاست خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز مەسەلەیەکی ڕواڵەتیە و، کاریگەری زۆری نیە، نەخێر، بەڵکو وادەزانم ئەوە (یەکێکە) لە هۆکارەکانی تێنەگەیشتن لە قورئان و (تدبر) نەکردنی، ئاخر کەسێك چۆن سوود لە مەزنترین سورەتی قورئان (الفاتحة) وەربگرێت کە بە پەلە بیخوێنێتەوە وەکو ئەوەی گورگێکی بەدواوە بێت و، پیتەکانی تێکەڵ و پێکەڵ بکات، یان (آیة الكرسي) هەروەها ئایەتەکانی تر، ئەو پەلەپەل کردنە و تێکەڵ کردنی وشەکان بەسەر زماندا بەو شێوازە، ڕێگرە لە سوود وەرگرتن و تێڕامان لە واتاکانیدا.

چی بێت لەقورئان باشتر، ئادەمیزاد تەمەنی تێدا بەسەر بەرێت، ئێمە بەو شێوەیەین وەکو حەسەنی بەسری ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: ئەی

ئادەمیزاد تۆ بریتیت لە چەند ڕۆژانێك، جا كە ڕۆژێكت تێپەڕی وەكو ئەوەیە هەندێكت لەنێو چووبێت، ئەگەر كەسێكیش هەندێكی لەنێو چوو، بێگومان زۆر نابات و بەجارێك تیا دەچێت.

كتێبی خواش لەپێشترە لە هەموو زانست و بوارێكی تر بۆ بایەخ پێدان، ئەو ساتانەش لەگەڵ فێربوون و تێگەیشتن و لەبەركردنی ئایەتەكانیدا بەسەر دەچێت ساتگەلێكی پیرۆزن و قورسی تەرازووی ڕۆژی قیامەتن (إنشاءالله).

لەم نووسینەشدا ئەوەندەم بەسە توانیبێتم ئەم بابەتە بوروژێنم بۆ مامۆستایان و نووسەران كە هەولێكی جددی دەست پێبكەن بۆ ڕاڤەكردن و لێكۆلینەوە و وەرگێڕانی ئەو هەموو سەرچاوانەی كە خوێنەری مسولمانی كورد نەك هەر لێیان سوودمەند نەبوونە، بەڵكو ناویشیان نەبیستووە، ئەوەش زیانێكی گەورەیە، چونكە لەڕاستیدا گەورە زانایان و كەڵەپیاوانی ئەم بابەتە مەزنە نووسین و شوێنەواری ناوازەیان بۆ بەجێهێشتووین، گەلی كورد لەژێر جۆرەها پاساودا لێی بێبەش بووە، منیش بەپشتیوانی خوای پەروەردگار چەندین سەرچاوەی ترم داناوە كاریان لەسەر بكەم ئەگەر تەمەن دەرفەتی تێدا مابێت.

دەپاڕێمەوە لەخوای گەورە و **دەڵێم:**

ئەی چاكترین كەسێك گوێ لەنزاو پاڕانەوەی بەندەكانی دەگرێت، بمپارێزە لەوەی لەم نووسینەم مەبەستم ناوبانگ دەركردن و ڕوپامایی بێت، بۆئەوەی كردەوەم پووچەڵ نەبێت و پاداشتم بە زایە نەچێت، لاسایی پێشەوای گەورە (الشاطبي)یش دەكەمەوە، **دەڵێم:**

وناديت اللهم يا خير سامع أعذني من التسميع قولا و مفعلا

إليك يدي منك الأيادي تمدها أجرني فلا أجري بجور فاخطلا [١]

لەكۆتايشدا دەڵێم:

لەم لێكدانەوە كورتەدا گەڕاومەتەوە بۆ زۆرێك لە كتێبەكانی تەجوید و شەرحی (الجزرية) لە كۆن و نوێدا، ئەم بوارەش بوارێك نیە لەخۆمەوە قسەم تێدا كردبێت، بەڵكو هەرچیم نووسیوە هەر گواستنەوە بووە بۆ قسەی زانایان لەمەڕ ڕاڤەكردنی دێڕەكانی هۆنراوەكە، بەڵام ئەزموونی وانە وتنەوەی تەجوید و، ڕاڤەكردنی پێشەكی (الجزرية) هەلی كەڵك وەرگرتنی بۆ ڕەخساندم لەگەڵێك لەو كتێب و سەرچاوانەی لەم بارەوە نووسراون و، بە گوێرەی توانای خۆم هەوڵم داوە ئەو سوودانە بە خوێنەرم بگەیەنم.

جا ئەگەر تووشی هەڵەو نەپێكان بووبێتم لە جێگەیەكی كتێبەكەو، كەسێك بەرچاوی ڕوون كردمەوە و هەڵەیەكی بۆ ڕاست كردمەوە، بەئەو پەڕی سنگ فراوانیەوە وەریدەگرم و، لەهەڵەكەم پاشگەز دەبمەوە، چونكە لەكۆتاییدا من زیاتر نیم لە ئادەمیزادێك كە قابیلی هەڵەكردنە.

سبحانك اللهم وبحمدك أشهدُ ألاّ أله إلاّ أنت أستغفرك و أتوب أليك.

باوكی موحەممەد / إحسان برهان الدين

گەلاڕ ٢٠١٠/٨/١٩

ihsanburhan@yahoo.co.uk

[١] بڕوانە: الوافي في شرح الشاطبية / عبد الفتاح القاضي/ ٢٧-٢٨.

كورتەیەك دەربارەی ژیاننامەی (إبن الجزري)

ئەبولخەیر شەمسەددین موحەممەدی كوڕی موحەممەدی كوڕی موحەممەدی كوڕی عەلی كوڕی یوسف، عومەری، دیمەشقی، شیرازی، ناسراو بە (إبن الجزري)[١].

لە شەوی شەممە، لە پاش نوێژی تەراویح لە بیست و پێنجی ڕمەزانی ساڵی (٧٥١)ی كۆچی لە گەڕەكی (بين السورين) لە دیمەشق لە دایك بووە.

باوكی بازرگان بوو، چل ساڵ بوو منداڵی نەدەبوو، كاتێك ڕۆیشت بۆ حەج لەلای ئاوی زەمزەمدا پاڕایەوە لە خوای گەورە كە كوڕێكی زانای پێببەخشێت.

ئەم باوكە بازرگانە پیاوێكی خواناس و زانست پەروەر بوو، قورئانی مەزنڕادەگرت و، لە لای مامۆستایانی ناودار وەری دەگرت، خودی (إبن الجزري) لە باسكردنی ژیاننامەی (الحسن السروجي) مامۆستایدا **فەرموویەتی**[٢]:

(مامۆستای من و مامۆستای باوكم ڕەحمەتی خوای لێبێت، باوكمی فێری قورئان خوێندن كرد).

---

[١] (جزيرة إبن عمر): ناوچەیەكە لەسەر سنوری سوریا – توركیا، لەئەو سەری باكوری موسڵ، ئەم دورگەیە ڕوباری دیجلە لە یەك لاوە دەورەی داوە بەشێوەی مانگ، بەڵام دواتر كەندرێك لەلایەكانی ترەوە دروست كراو، ئاستێكی لەسەر دروست كراو، هەربۆیە ئاو چواردەوری ناوچەكەی دا، كەسانێكی زۆریش بەو ناوچەیە ناسراون وەكو لە كتێبی (معجم لأدباء ١/١٦٠ هـ) و (كفاية الالمعي / ٨٥) باسكراون.

[٢] بڕوانە: غاية النهاية ١/٢٤٩.

(إبن الجزري) جگە لە زانستی قورئان و لەبەرکردنی گوێی لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) دەگرت لە گەورە زانایانەوە، وەکو هاوەڵانی (الفخر ابن البخاري) و کەسانی تر لە دیمەشق، ئیجازەشی لە گەورە زانایانی وەرگرت، وەکو خاڵی بەساڵاچووی باپیری (محمد بن إسماعيل الخباز)، پاشان دەستی کرد بە کۆکردنەوەی شێوەکانی خوێندنەوەی قورئان (القراءات)، لەسەر دەستی زانایانی شام **وەکو:** (عبدالوهاب بن السلار) و (أحمد الطحان) و (أحمد رجب) لەنێوان ساڵی ٧٦٦–٧٦٧ ك، حەوت خوێندنەوەکەشی لە (ابراهيم الحموي) وەرگرت و، دواتر لەسەر دەستی (إبن اللبان) هەموو خوێندنەوەکانی تەواو کرد.

پاشان ئارەزووی گەشتی پەیدا کرد لەپێناو بەدەست هێنانی ئیسناد بەرزی و، زۆرتر کارامەبوون، هەربۆیە ڕووی کردە وڵاتی پیرۆزی حیجاز لەساڵی ٧٦٨ ك، لەوێیش پەیوەندی کرد بە وتارخوێن و پێشنوێژی مەدینە (محمد بن عبدالله الخطيب) و قیرائاتی لێوەرگرت، لەسەر کتێبی (الكافي) و (التيسير) پاشان گەڕایەوە بۆ دیمەشق و درێژەی دا بە خوێندنەکانیدا لەلای (إبن السلار) و، چەند زانایەکی تر.

لەپاش ئەوە ئارەزووی گەشت کردنی کرد بەرەو ئەندەلوس بەمەبەستی خوێندنی زانست لەلای (محمد بن يوسف الاندلسي) بەڵام باوکی ڕێگەی نەدا، هەروەها حەزی کرد بچێتە (كرك) بەڵام حەزەکەی بەدی نەهات، پاشان بڕیاری دا بچێت بۆ قاهیرە لە ساڵی ٧٦٩ ك، لەوێ زانستی قورئان خوێندنی لە گەورە زانایانی وەرگرت، **وەکو:** (محمد بن الصايغ) و (عبدالرحمن البغدادي) و (ابی بكر بن الجندي) لەپاش وەرگتنی ئیجازە گەڕایەوە بۆ دیمەشق، بەڵام پاش مانەوەیەکی کەم گەڕایەوە بۆ قاهیرە لەساڵی ٧٧١ ك، بۆئەوەی جارێکی تر

لەسەر چەند كتێبێكی قورئان شێوەكانی خوێندنەوەی قورئان وەربگرێت، هەروەها بۆ وەرگرتنی زانستی فەرموودەش لەسەر دەستی ئەوانەی مابوون لە قوتابیەكانی (الدمیاطي) و (الابرقوهي) و، زانایانی تر، هەروەها زانستی فیقهیشی وەرگرت لەسەر مەزهەبی پێشەوا شافیعی لەبازنەی مامۆستا (عبدالرحیم الاسنوي) و زانای تر.

پاشان قاهیرەی بەجێهێشت بەرەو دیمەشق و، هەموو قیرائاتەكانی كۆكردەوە لەسەر دەستی (القاضي احمد الكفري)، پاشان خێرا جارێكی تر گەڕایەوە بۆ قاهیرە، لەساڵی ٧٧٨ ك، دەستی كرد بەخوێندن لەلای (الضیاء القزویني) و زانای تر لەزانستی (الاصول) و (المعاني) و (البیان)، هەروەها گەشتی كرد بەرەو شاری ئیسكەندەریە بۆئەوەی قیرائات بەكۆكراوەیی وەربگرێت لەسەر دەستی (عبدالوهاب القروي الاسكندري)، بەلاّم لەوێ هەستی كرد سۆزی دەخرۆشێت بۆ شارەكەی خۆی، بۆیە—لەپاش وەرگرتنی مۆڵەت و بڕوانامەی زانستی لەسەر دەستی مامۆستایانی—گەڕایەوە بۆ دیمەشق وەكو زانایەكی گەورە لە چەندین زانستدا لەسەرووی هەموشیانەوە لە زانستی (القراءات) و(الحدیث) و (الفقه).

لە دیمەشق ئەستێرەی (إبن الجزري) درەوشایەوە و، ناوبانگی پەیدا كرد و، (إبن كثیر)ی زانا و لێكدەرەوەی قورئانیش ئیجازەی "فتوا"دانی پێبەخشی لەساڵی ٧٧٤ ك، ئینجا بەمەبەستی قورئان وتنەوە بە فێرخوازانی زانست و، بۆماوەی چەندین ساڵ لە مزگەوتی (الأموي) دانیشت و لێپرسراوێتی قوتابخانەی (العادلیة)شی گرتە ئەستۆ، هەروەها بوو بە مامۆستای (دار الحدیث) لە (الأشرفیة الكبری) و، بوو بە لێپرسراوی قوتابخانەی گەورە لە (تربة أم صالح)، لەپاش لە

دونیا دەرچوونی (إبن السلار) ی مامۆستای لەساڵی ٧٨٢ ك، ئەمەش لەكاتێكدا بو كە زانایانی گەورە **وەكو:** (الشهاب ابن الحجي) و كەسانی تر لە ژیاندا بوون،چەندین ئەركی زانستی دیكەشی لە ئەستۆ گرت، هەروەها قوتابخانەیەكیشی دروست كرد بۆ فێركردنی قورئان و خۆی بوو بە مامۆستای، پاشان بەباشی زانی دەست بكات بە بلاْوكردنەوەی زانست و گەشت بكات لەپێناویدا، پاش ئەوەی وەكو قوتابی گەشتی دەكرد، ئەمجارە وەكو زانایەك، بۆیە لەساڵی ٧٧٨ ك گەشتی كرد بۆ میسر بەهاوڕێیەتی موحەممەدی كوڕی، لەپاش ساڵێك لە میسر دەرچوو بەلاْم لەساڵی ٧٩٨ ك جارێكی تر گەڕایەوە میسر و چووە ئیسكەندەریە و، ولاْتی ڕۆم، كاتێك گەشتە شاری برۆسە ڕێزی زۆری لێنرا لەلایەن سولْتانی عوسمانی "بایەزید"ەوە و، حەوت ساڵ لەوی مایەوە سەرقاڵی زانست و، وتنەوەی (قراءات) و، زانستەكانی قورئان و فەرموودە بوو تێیدا.

قوتابیەكی زۆری هەبوو لەویٚ، لەپاش كۆچی دوایی سولْتان بایەزید، (إبن الجزري)لە ساڵی ٨٠٥ ك ڕووی كردە (بلاد ماوراء النهر) و، لەویٚ چوو بۆ شاری (كش) و دواتر چوو بۆ (سمرقند) و، تەیمورلەنگ ڕێزی زۆری لیٚ گرت، لەساڵی ٨٠٧ ك بەرەو خۆراسان بەڕێكەوت و، ڕۆشتە (هراة) و (یزد) و دواتر لە ئەسفەهان مایەوە، تاكو ڕەمەزانی ساڵی ٨٠٨ ك و، ئینجا ڕۆشتە شاری شیراز، سەرانی دەسەلاْت لە شیراز وابەستەیان كرد كە لەویٚ بمێنێتەوە و، كردیشیان بە دادوەری شیراز و دەوروبەری، چواردەساڵ لەویٚ مایەوە، قوتابخانەیەكی قورئانی لەویٚ دروستكرد و، قوتابی زۆری لەدەور كۆبوویەوە.

لەساڵی ٨٢١ ك ڕووی كردە عێراق، لە بەسرە نیشتەجیٚ بوو بۆ قورئان ووتنەوە و، فێركردن، هەربۆیە قوتابی زۆری لەدەور كۆبوویەوە و، لە شیرازەوە

(طاهر بن عزيز الأصبهاني) خۆی گەیاندە لای (إبن الجزري) مامۆستای و خەتمەیەكی تەواوی بە (القراءات العشرة) لەلا تەواو كرد و، دەستی كر بە خەتمەیەكی تر بەڵام تەواوی نەكرد.

لەساڵی دواتر ڕووی كردە شاری مەدینە و،بەلای گوندی عونەیزەدا تێپەڕی بەهاوڕێیەتی (معين الدين بن عبدالله قاضي كازرون)ی قوتابی خۆی، پاش دووركەوتنەوەیان لەو گوندە عەرەبە بیابان نشینەكان هێرشیان بۆ هێنان، بەڵام خوای گەورە ڕزگاری كردن لە دەستیان و، هەڵاتنەوە بەدەستی بەتاڵەوە بەرەو عونەیزە، چونكە هەرچیان پێبوو بەتاڵانی برا، لەو دەڤەرەش (إبن الجزري) هۆنراوەی (الدرة المضية في القراءات الثلاث المتممة للعشرة)[1]ی نووسی، كەلەكۆتاییەكەیدا ئاماژە دەكات بۆ ڕووداوی دەستدرێژی كردنەسەریاندا و، دەفەرموێت:

غريبة اوطان بنجد نظمتها و عظم اشتغال البال وافٍ وكيف لا
صُددت عن البيت الحرام وزوري الـ ـمقام الشريف المصطفى اشرف الملا
وطوقني الأعراب بالليل غفلة فما تركوا شيئا وكدت لأقتلا
فادركني اللطف الخفي وردّني عُنيزة حتى جاءني من تكفلا
بحملي و ايصالي لطيبة آمنا فيارب بلغني مرادي وسهلا[2]

[1] (الدرة): بریتیە لە قیرائەتی ئەبوجەعفەر و یەعقوب و خەلەفی دەیەم بەشێوەی هۆنراوە دانەر ئوصولی ئەم سێ قیرائەتەی تێدا كۆكردووەتەوە (أُصول و فرش) ((م. دلێر گەرمیانی)).

[2] بڕوانە: كۆتایی پەراوێزی (التسهیل لقراءات التنزيل).

لە عونەیزە (قاضي) ناوبراو خەتمەیەكی بە خوێندنەوەی ئەبوجەعفەر لەلای (ابن الجزري) خوێند و لە مەدینە تەواوی كرد و، لەوێیش پێشنوێژی حەرەمی مەدینەش دەستی كرد بە خوێندن لەلای[1].

كاتێك وادەی حەج كردن نزیك بوویەوە بۆ ئەو مەبەستە خۆی سازدا و، پاشان لەهەردوو حەرەمی مەككە و مەدینە مایەوە بۆ وانە وتنەوە و، دانانی كتێب، دواتر دەرچوو بەرەو عێراق و، لەساڵی ٧٢٦ ك جارێكی تر گەڕایەوە بۆ حەج، پاش تەواو بوونی حەج ڕۆیشت بەرەو قاهیرە و، لەوێ چاوی بە ئەحمەدی كوڕی كەوت و، هەروەها لەگەڵ سوڵتان ئەشرەفدا كۆبوویەوە و ڕێزی زۆری لێی گرت[2]، ئەوكاتەش كەچاوی بە ئەحمەدی كوڕی كەوت بیست ساڵبوو یەكتریان نەبینیبوو، بۆیە نامەی بۆنووسیبوو لەوڵاتی ڕۆمەوە ئامادە بێت و، دەرۆژ پێكەوە مانەوە. لەساڵی حەجی داهاتوودا ڕووی كردە مەككە و، یەك مانگ تێیدا مایەوە ئینجا دەرچوو بەرەو یەمەن لەڕێگەی دەریاوە، بەمەبەستی فێركردن و قورئان وتنەوە و بازرگانی كردن، لەوێ خەڵكەكە پێشبڕكێیان دەكرد لەسەر نزیك بوونەوە و خوێندن لەلای، چونكە ئەوان پێشتر كتێبی (الحصن الحصین)ی (إبن الجزري) یان خوێندبوویەوە، (إبن الجزري) لەناویاندا مایەوە تاكو وادەی حەج لە ساڵی داهاتوودا و، لەگەڵ ئەحمەدی كوڕی بەڕێكەوتن بەرەو میسر، چەند مانگێك لەوێ مانەوە و، لێی دەرچوون لە (جمادی الآخرة)ی ساڵی ٨٢٩ ك بەرەو دیمەشق و لەوێ لەیەكتر جیابوونەوە؛ كوڕەكەی بەرەو وڵاتی ڕۆم و خۆی بەرەو شیراز، هەر لەوێیش مایەوە لەسەر ئەو حاڵە لە فێركردن و وتنەوەی قورئان تاكو لەڕۆژی

---

[1] بروانە: غایة النهایة / ٢/٢٥١ .
[2] بروانە: البدر الطالع / ٢/٢٥٨ .

هەینی ٥ / ربیع الأول / ٨٣٣ ك كۆچی دوایی كرد، كاتێك خەڵكی هەواڵی مردنییان بیست، لەهەموو لایەكەوە كۆبوونەوە و، بەخەڵك و كاربەدەستانەوە پێشبڕكێیان دەكرد بۆ هەڵگرتنی تەرمەكەی و، هەر لەو قوتابخانەی كە دایمەزراندبوو لەشیراز نێژرا.

نووسین و كتێبەكانی (إبن الجزري):

(إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێبێت نووسینی زۆری هەیە لە هەموو بابەتەكانی زانست لە ئیسلامدا بەتایبەتی زانستی (القراءات) ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (٨٠) كتێب، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها باسی چەند كتێبێكی بەناوبانگی دەكەین وەكو:

- تحبير التيسير في القراءات العشر.
- تقريب النشر في القراءات العشر.
- التمهيد في علم التجويد.
- الدرة المضية في قراءات الأئمة الثلاثة المرضية.
- طيبة النشر في القراءات العشر.
- غاية النهاية في أسماء رجال القراءات.
- المقدمة الجزرية.
- منجد المقرئين و مرشد الطالبين.
- النشر في القراءات العشر[١].

---

[١] بۆ ئەم نووسینەم دەربارەی ژیاننامەی (إبن الجزري) لە كتێبی (شيخ القراء الإمام ابن الجزري) سوودم بینی.

پێناسەیەك بۆ (المقدمة الجزرية)

پێشەكی (الجزرية) هۆنراوەیەكە لە دانانی (إبن الجزري) لەسەر بەحری (الرجز) بریتیە لە سەدوحەوت كۆپلە (دێڕ)، هەموو بابەتە سەرەكیەكانی زانستی تەجویدی لەخۆگرتووە، ڕێكخستنیشی بۆ بابەتەكان لەسەر بنەمایەكی (منطق)ی ڕوون دامەزراندووە، سەرەتا بەپێشەكیەكانی تەجوید دەستپێدەكات و، ئینجا باسی مەخرەج و سیفەتی پیتەكان دەكات و، دواتر هەندێ حوكمی تایبەت باس دەكات بەو پێشەكیانەوە، وەكو یاساكانی ڕاوەستان و،شێوازی نووسینی قورئان و، ڕاوەستان لەسەر كۆتایی وشەكان.

وادیارە (إبن الجزري) ناوونیشانی لاوەكی لەنێوان دێڕەكانی هۆنراوەكەیدا دانەناوە، وەكو دەردەكەوێت لەكۆنترین دەستنووسەكانی ئەم كتێبە، بەلاَم هەندێ لەوانەی لەبەریان گرتووەتەوە یان بلاَویان كردووەتووە كتێبەكەیان بەپێی بابەتەكانی دابەشكردووە و، ناونیشانی ناوخۆییان بۆ دیاریكردووە، وەكو ئاسانكاری بۆ خوێنەر و فێرخواز.

پێشەكی (الجزرية) پەیوەندی هەیە بە كتێبەكانی تری (إبن الجزري) یەوە كە لەوێیش باسی بابەتەكانی زانستی تەجویدی كردووە، وەكو (التمهيد) و (النشر) و، هۆنراوەی (طيبة النشر) كە لەگەڵ پیشەكی (الجزري) دا لە ٣٠ كۆپلەدا هاوبەشن، ئەوەشم بەلاوە پەسەندە[١] كە (المقدمة) زووتر نووسراوە لەپێش كتێبی (الطيبة)، هەروەها بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆش پەیوەندی هەیە لەگەڵ كتێبی (التمهيد)، هەربۆیە ئەو كتێبانە بەلێكدانەوە و ڕاڤەكردنێكی چاك دێتە ئەژمار بۆ ئەم

[١] خاوەن ئەم قسەیە (د.غانم قدوري الحمد)ە.

هۆنراوەی كە لەبەر دەستمانایە، ڕاڤەكارانی ئەم پێشەكیەش بەم پەیوەندیەیان زانیوە و، سوودیان لەو كتێبانە زۆر وەرگرتووە.

پێشەكی (الجزرية) گرنگی زۆری پێدراوە لەلایەن پسپۆران و بایەخداران بە زانستی تەجویدەوە، لەڕووی لەبەركردن و لەبەرگرتنەوە و، ڕاڤەكردن، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە: كورتی و پوختەیی ئەو هۆنراوەیە، هەروەها ئاسانی وشەكانی و گشتگیری بابەتەكانی بۆ هەموو باسەكانی تەجوید، لەسەرووی هەموو ئەو هۆكارانەشەوە، بەناوبانگی نووسەرەكەی لەسەردەمی خۆیدا و، سەردەمەكانی تریش، تاوەكو ئەم ڕۆژگارەی خۆمان، بەڵگەش لەسەر بایەخ پێدانی ئەم پێشەكی یە زۆری لێكدانەوەكانێتی لەلایەن زانایان و ڕاڤەكارانەوە، كەدەگەنە زیاتر لە پەنجا لێكدانەوەی درێژ و كورت، **وەكو:**

١. الحواشي المفهمة في شرح المقدمة، لأبي بكر أحمد (ت ٨٣٥ هـ).

٢. الطرازات المعلمة في شرح المقدمة الجزرية، لعبد الدائم الحديدي الأزهري، قوتابی (إبن الجزرية) چاپ كراوە.

٣. اللالئ السنية في شرح المقدمة الجزرية، لأحمد بن محمد القسطلاني (ت ٩٢٣ هـ).

٤. الدقائق المحكمة شرح المقدمة، لزكريا الأنصاري (ت ٩٢٦ هـ)

٥. المنح الفكرية في شرح المقدمة الجزرية، لملا علي القاري (ت ١٠١٤ هـ).

لێكدانەوەی زۆری تریشی هەیە جگە لەمانە — چاپكراون، هەندێكیش هێشتا دەستنووسن و چاپ نەكراون[١].



[١] بڕوانە: الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية / د.غانم قدوري ١٢ / ١٣.

دەقی هۆنراوەکە

پێشەکی

١	يَقُولُ رَاجِي عَفْوِ رَبٍّ سَامِعِ	(مُحَمَّدُ بْنُ الْجَزَرِيِّ الشَّافِعِي)
٢	(الْحَمْدُ لِلَّهِ) وَصَلَّى اللَّهُ	عَلَى نَبِيِّهِ وَمُصْطَفَاهُ
٣	(مُحَمَّدٍ) وَآلِهِ وَصَحْبِهِ	وَمُقْرِئِ الْقُرْآنِ مَعْ مُحِبِّهِ
٤	(وَبَعْدُ) إِنَّ هَذِهِ مُقَدِّمَهْ	فِيمَا عَلَى قَارِئِهِ أَنْ يَعْلَمَهْ
٥	إِذْ وَاجِبٌ عَلَيْهِمُ مُحَتَّمُ	قَبْلَ الشُّرُوعِ أَوَّلاً أَنْ يَعْلَمُوا
٦	مَخَارِجَ الْحُرُوفِ وَالصِّفَاتِ	لِيَلْفِظُوا بِأَفْصَحِ اللُّغَاتِ
٧	مُحَرِّرِي التَّجْوِيدِ وَالْمَوَاقِفِ	وَمَا الَّذِي رُسِّمَ فِي الْمَصَاحِفِ
٨	مِنْ كُلِّ مَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ بِهَا	وَتَاءِ أُنْثَى لَمْ تَكُنْ تُكْتَبْ بِهَا

بابەتی مەخرەجی پیتەکان

٩	مَخَارِجُ الْحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ	عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ
١٠	فَأَلِفُ الْجَوْفِ وَأُخْتَاهَا وَهِي	حُرُوفُ مَدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي
١١	ثُمَّ لأَقْصَى الْحَلْقِ هَمْزٌ هَاءُ	ثُمَّ لِوَسْطِهِ فَعَيْنٌ حَاءُ
١٢	أَدْنَاهُ غَيْنٌ خَاؤُهَا وَالْقَافُ	أَقْصَى اللِّسَانِ فَوْقَ ثُمَّ الْكَافُ
١٣	أَسْفَلُ وَالْوَسْطُ فَجِيمُ الشِّينُ يَا	وَالضَّادُ مِنْ حَافَتِهِ إِذْ وَلِيَا

١٤	لاضْرَاسَ مِنْ أَيْسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا	وَالـلاَّمُ أَدْنَاهَـا لِمُنْتَهَاهَا
١٥	وَالنُّونُ مِنْ طَرْفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا	وَالـرَّا يُدَانِيهِ لِظَهْرٍ أَدْخَلُوا
١٦	وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا مِنْهُ وَمِنْ	عُلْيَا الثَّنَايَا والصَّفِيْرُ مُسْتَكِنْ
١٧	مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى	وَالظَّاءُ وَالـذَّالُ وَثَـا لِلْعُلْيَا
١٨	مِنْ طَرَفَيْهِمَا وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ	فَالْفَا مَعَ اطْرافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ
١٩	لِلشَّفَتَيْنِ الْـوَاوُ بَـاءٌ مِيْـمُ	وَغُنَّـةٌ مَخْرَجُهَا الْخَيْشُومُ

بابەتی سیفەتەکان

٢٠	صِفَاتُهَا جَهْرٌ وَرِخْـوٌ مُسْتَفِلْ	مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ وَالضِّـدَّ قُـلْ
٢١	مَهْمُوسُهَا (فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ)	شَدِيْدُهَا لَفْظُ (أَجِـدْ قَـطٍ بَكَتْ)
٢٢	وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ (لِنْ عُمَرْ)	وَسَبْعُ عُلْوٍ (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ) حَصَرْ
٢٣	وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ مُطْبَقَهْ	وَ (فِرَّ مِنْ لُبِّ) الْحُرُوفِ الْمُذْلَقَهْ
٢٤	صَفِيرُهَا صَـادٌ وَزَايٌ سِيـنُ	قَلْقَلَةٌ (قُطْبُ جَـدٍّ) وَاللِّيـنُ
٢٥	وَاوٌ وَيَاءٌ سَكَنَا وَانْفَتَحَا	قَبْلَهُمَا وَالانْحِرَافُ صُحِّحَا
٢٦	فِي اللاَّمِ وَالرَّا وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ	وَلِلتَّفَشِّي الشِّيْنُ ضَـادًا اسْتُطِلْ

بابەتی تەجوید

٢٧	وَالأَخْذُ بِالتَّجْوِيدِ حَتْمٌ لاَزِمُ	مَـنْ لَـمْ يُجَوِّدِ الْقُرآنَ آثِـمُ
٢٨	لأَنَّـهُ بِـهِ الإِلَـهُ أَنْـزَلاَ	وَهَكَذَا مِنْهُ إِلَيْنَا وَصَـلاَ

٢٩	وَهُوَ أَيضًا حِلْيةُ التّلاوَةِ	وَزِيْنَـةُ الأَدَاءِ وَالْقِـرَاءَةِ
٣٠	وَهُوَ إِعْطَاءُ الْحُرُوفِ حَقَّهَا	مِـنْ صِـفَةٍ لَهَا وَمُسـتَحَقَّهَا
٣١	وَرَدُّ كُـلّ وَاحِـدٍ لأَصْلِـهِ	وَاللَّفْظُ فِـي نَظِيْرِهِ كَمِثْلِهِ
٣٢	مُكَمّلاً مِنْ غَيْرِ مَـا تَكَلُّفِ	بِاللُّطْفِ فِي النُّطْقِ بِـلاَ تَعَسُّفِ
٣٣	وَلَيْس بَيْنَهُ وَبَيْنَ تَرْكِهِ	إِلاَّ رِيَاضَـةُ امْـرِئٍ بِفَكّـِهِ

بابەتی گەورەكردن و بچووك كردنەوە

٣٤	فَرَقّقَنْ مُسْتَفِلاً مِنْ أَحْـرُفِ	وَحَـاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الأَلِفِ
٣٥	كَهَمْزِ أَلْحَمْدُ أَعُـوذُ إِهْدِنَا	أَللَّـهُ ثُـمَّ لاَمِ لِلَّـهِ لَـنَا
٣٦	وَلْيَتَلَطَّفْ وَعَلَى اللَّهِ وَلاَ الضْ	وَالْمِيمِ مِنْ مَخْمَصَةٍ وَمِنْ مَرَضْ
٣٧	وَبَاءِ بَـرْقٍ بَاطِلٍ بِهِمْ بِذِي	وَاحْرِصْ عَلَى الشّدَّةِ وَالجَهْرِ الَّذِي
٣٨	فِيهَا وَفِي الْجِيمِ كَحُبّ الصَّبْرِ	وَرَبْـوَةٍ اجْتُثَّتْ وَحَـجّ الْفَجْـرِ
٣٩	وَبَيّـنَنْ مُقَلْقَلاً إِنْ سَكَنَا	وَإِنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَا
٤٠	وَحَـاءَ حَصْحَصَ أَحَـطتُّ الْحَقُّ	وَسِـينَ مُسْتَقِيمِ يَسْطُو يَسْقُو

بابەتی ڕائەكان

٤١	وَرَقّـقِ الـرَّاءَ إِذَا مَا كُسِرَتْ	كَذَاكَ بَعْدَ الْكَسْـرِ حَيْثُ سَكَنَتْ
٤٢	إِنْ لَمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حَرْفِ اسْتِعْلاَ	أَوْ كَانَتِ الكَسْرَةُ لَيْسَتْ أَصْـلاَ
٤٣	وَالْخُلْفُ فِي فِرْقٍ لِكَسْرٍ يُوجَدُ	وَأَخْـفِ تَكْرِيْرًا إِذَا تُشَـدَّدُ

بابەتی لامەکان

٤٤	وَفَخِّمِ اللاَّمَ مِنِ اسْمِ اللَّهِ	عَنْ فَتْحٍ أَوْ ضَمٍّ كَعَبْدُ اللَّهِ
٤٥	وَحَرْفَ الاسْتِعْلاءِ فَخِّمْ وَاخْصُصَا	لاطْبَاقَ أَقْوَى نَحْوَ قَالَ وَالْعَصَا
٤٦	وَبَيِّنِ الإِطْبَاقَ مِنْ أَحَطتُّ مَعْ	بَسَطتَّ وَالْخُلْفُ بِنَخْلُقْكُمْ وَقَعْ
٤٧	وَاحْرِصْ عَلَى السُّكُونِ فِي جَعَلْنَا	أَنْعَمْتَ وَالْمَغْضُوبِ مَعْ ضَلَلْنَا
٤٨	وَخَلِّصِ انْفِتَاحَ مَحْذُورًا عَسَى	خَوْفَ اشْتِبَاهِهِ بِمَحْظُورًا عَصَى
٤٩	وَرَاعِ شِدَّةً بِكَافٍ وَبِتَا	كَشِرْكِكُمْ وَتَتَوَفَّى فِتْنَتَا
٥٠	وَأَوَّلَى مِثْلٍ وَجِنْسٍ إِنْ سَكَنْ	أَدْغِمْ كَقُلْ رَبِّ وَبَلْ لاَ وَأَبِنْ
٥١	فِي يَوْمِ مَعْ قَالُوا وَهُمْ وَقُلْ نَعَمْ	سَبِّحْهُ لاَ تُزِغْ قُلُوبَ فَالْتَقَمْ

بابەتی (ض) و (ظ)

٥٢	وَالضَّادَ بِاسْتِطَالَةٍ وَمَخْرَجِ	مَيِّزْ مِنَ الظَّاءِ وَكُلُّهَا تَجِي
٥٣	فِي الظَّعْنِ ظِلِّ الظُّهْرِ عُظْمِ الْحِفْظِ	أَيْقِظْ وَأَنْظِرْ عَظْمِ ظَهْرِ اللَّفْظِ
٥٤	ظَاهِرْ لَظَى شُوَاظُ كَظْمٍ ظَلَمَا	اغْلُظْ ظَلاَمَ ظُفُرٍ انْتَظِرْ ظَمَا
٥٥	أَظْفَرَ ظَنًّا كَيْفَ جَا وَعَظْ سِوَى	عِضِينَ ظَلَّ النَّحْلِ زُخْرُفٍ سَوَى
٥٦	وَظَلْتُ ظَلْتُمْ وَبِرُومٍ ظَلُّوا	كَالْحِجْرِ ظَلَّتْ شُعَرَا نَظَلُّ
٥٧	يَظْلَلْنَ مَحْظُورًا مَعَ الْمُحْتَظِرِ	وَكُنْتَ فَظًّا وَجَمِيعِ النَّظَرِ

٥٨	إِلاَّ بِوَيْلٌ هَلْ وَأَوْلَى نَاضِرَهْ	وَالْغَيْظِ لاَ الرَّعْدِ وَهُودٍ قَاصِرَهْ
٥٩	وَالْحَظُّ لاَ الْحَضُّ عَلَى الطَّعَامِ	وَفِي ضَنِيْنٍ الْخِلاَفُ سَامِي
	بابەتی وریاکردنەوە	
٦٠	وَإِنْ تَلاَقَيَا الْبَيَانُ لاَزِمُ	أَنْقَضَ ظَهْرَكَ يَعَضُّ الظَّالِمُ
٦١	وَاضْطُرَّ مَعْ وَعَظْتَ مَعْ أَفَضْتُمُ	وَصَفِّ هَا جِبَاهُهُمْ عَلَيْهِمُ
	بابەتی (م) و (ن)ی شەددەدار و زەننەدار	
٦٢	وَأَظْهِرِ الْغُنَّةَ مِنْ نُونٍ وَمِنْ	مِيمٍ إِذَا مَا شُدِّدَا وَأَخْفِيَنْ
٦٣	الْمِيمَ إِنْ تَسْكُنْ بِغُنَّةٍ لَدَى	بَاءٍ عَلَى الْمُخْتَارِ مِنْ أَهْلِ الأَدَا
٦٤	وَأَظْهِرَنْهَا عِنْدَ بَاقِي الأَحْرُفِ	وَاحْذَرْ لَدَى وَاوٍ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي
	بابەتی بنەماکانی تەنوین و نونی زەننەدار	
٦٥	وَحُكْمُ تَنْوِينٍ وَنُونٍ يُلْفَى	إِظْهَارٌ ادْغَامٌ وَقَلْبٌ اخْفَا
٦٦	فَعِنْدَ حَرْفِ الْحَلْقِ أَظْهِرْ وَادَّغِمْ	فِي اللاَّمِ وَالرَّا لاَ بِغُنَّةٍ لَزِمْ
٦٧	وَأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي يُومِنُ	إِلاَّ بِكِلْمَةٍ كَدُنْيَا عَنْوَنُوا
٦٨	وَالْقَلْبُ عِنْدَ الْبَا بِغُنَّةٍ كَذَا	لاخْفَا لَدَى بَاقِي الْحُرُوفِ أُخِذَا
	بابەتی (مد) و (قصر)	
٦٩	وَالْمَدُّ لاَزِمٌ وَوَاجِبٌ أَتَى	وَجَائِزٌ وَهْوَ وَقَصْرٌ ثَبَتَا
٧٠	فَلاَزِمٌ إِنْ جَاءَ بَعْدَ حَرْفِ مَدّ	سَاكِنُ حَالَيْنِ وَبِالطُّولِ يُمَدّ
٧١	وَوَاجِبٌ إِنْ جَاءَ قَبْلَ هَمْزَةِ	مُتَّصِلاً إِنْ جُمِعَا بِكِلْمَةِ

٧٢	وَجَائِزٌ إِذَا أَتَى مُنْفَصِلاَ	أَوْ عَرَضَ السُّكُونُ وَقْفًا مُسْجَلاَ

بابەتی زانینی ڕاوەستان

٧٣	وَبَعْدَ تَجْوِيدِكَ لِلْحُرُوفِ	لاَبُدَّ مِنْ مَعْرِفَةِ الْوُقُوفِ
٧٤	وَالاِبْتِدَاءِ وَهْيَ تُقْسَمُ إِذَنْ	ثَلاَثَةً تَامٌ وَكَافٍ وَحَسَنْ
٧٥	وَهْيَ لِمَا تَمَّ فَإِنْ لَمْ يُوجَدِ	تَعَلُّقٌ أَوْ كَانَ مَعْنًى فَابْتَدِي
٧٦	فَالتَّامُ فَالْكَافِي وَلَفْظًا فَامْنَعَنْ	إِلاَّ رُؤُوسَ الآيِ جَوِّزْ فَالْحَسَنْ
٧٧	وَغَيْرُ مَا تَمَّ قَبِيحٌ وَلَهُ	أَلْوَقْفُ مُضْطَرًّا وَيُبْدَا قَبْلَهُ
٧٨	وَلَيْسَ فِي الْقُرْآنِ مِنْ وَقْفٍ وَجَبْ	وَلاَ حَرَامٌ غَيْرَ مَا لَهُ سَبَبْ

بابەتی پچڕاو و پێكگەیەنرا و (ت)

٧٩	وَاعْرِفْ لِمَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ وَتَا	فِي مُصْحَفِ الإِمَامِ فِيمَا قَدْ أَتَى
٨٠	فَاقْطَعْ بِعَشْرِ كَلِمَاتٍ أَنْ لاَ	مَعْ مَلْجَإٍ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ
٨١	وَتَعْبُدُوا يَاسِينَ ثَانِي هُودَ لاَ	يُشْرِكْنَ تُشْرِكْ يَدْخُلَنْ تَعْلُوا عَلَى
٨٢	أَنْ لاَ يَقُولُوا لاَ أَقُولَ إِنَّ مَا	بِالرَّعْدِ وَالْمَفْتُوحَ صِلْ وَعَنْ مَا
٨٣	نُهُوا اقْطَعُوا مِنْ مَا بِرُومٍ وَالنِّسَا	خُلْفُ الْمُنَافِقِينَ أَمْ مَنْ أَسَّسَا
٨٤	فُصِّلَتْ النِّسَا وَذِبْحٍ حَيْثُ مَا	وَأَنْ لَمِ الْمَفْتُوحَ كَسْرُ إِنَّ مَا
٨٥	لاَنْعَامِ وَالْمَفْتُوحَ يَدْعُونَ مَعَا	وَخُلْفُ الاَنْفَالِ وَنَحْلٍ وَقَعَا
٨٦	وَكُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَاخْتُلِفْ	رُدُّوا كَذَا قُلْ بِئْسَمَا وَالْوَصْلُ صِفْ

٨٧	خَلَفْتُمُونِي واشْتَرَوْا فِي مَا اقْطَعَا	أُوحِي أَفَضْتُمُ اشْتَهَتْ يَبْلُوا مَعَا
٨٨	ثَانِي فعَلْنَ وقَعَتْ رُومٌ كِلاَ	تَنْزِيلُ شُعَرَاءٍ وَغَيْرَ ذِي صِلاَ
٨٩	فَأَينمَا كَالنَّحْلِ صِلْ وَ مُخْتَلِفْ	فِي الشُّعَرَا الأَحْزَابِ وَالنّسَا وُصِفْ
٩٠	وَصِلْ فَإِلَّمْ هُودَ أَلَّنْ نَجْعَلاَ	نَجْمَعَ كَيْلاَ تَحْزَنُوا تَأْسَوْا عَلَى
٩١	حَجٌّ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَقَطْعُهُمْ	عَنْ مَنْ يَشَاءُ مَنْ تَوَلَّى يَوْمَ هُمْ
٩٢	ومَالِ هَذَا وَالَّذِينَ هَؤُلاَ	تَ حِينَ فِي الإِمَامِ صِلْ ووُهّلاَ
٩٣	ووَزَنوهُمْ وَكَالُوهُمْ صِلِ	كَذَا مِنَ الْ وَهَا وَيَا لاَ تَفْصِلِ

بابەتی تائەكان

٩٤	وَرَحْمَتُ الزُّخْرُفِ بِالتَّا زَبَرَهْ	لاعْرَافِ رُومٍ هُودٍ كَافِ الْبَقَرَهْ
٩٥	نِعْمَتُهَا ثَلاثُ نَحْلٍ إِبْرَهَمْ	مَعًا أَخَيْرَاتٌ عُقُودُ الثَّانِ هُمْ
٩٦	لُقْمَانُ ثُمَّ فَاطِرٌ كَالطُّورِ	عِمْرَانَ لَعْنَتَ بِهَا وَالنُّورِ
٩٧	وَامْرَأَتٌ يُوسُفَ عِمْرَانَ الْقَصَصْ	تَحْرِيمَ مَعْصِيَتْ بِقَدْ سَمِعْ يُخَصْ
٩٨	شَجَرَتَ الدُّخَانِ سُنَّتْ فَاطِرِ	كُلاً وَالانْفَالَ وَحَرْفَ غَافِرِ
٩٩	قُرَّتُ عَيْنٍ جَنَّتٌ فِي وَقَعَتْ	فِطْرَتْ بَقِيَّتْ وَابْنَتْ وَكَلِمَتْ
١٠٠	أَوْسَطَ الاَعْرَافِ وَكُلٌّ مَا اخْتُلِفْ	جَمْعًا وَفَرْدًا فِيهِ بِالتَّاءِ عُرِفْ

بابەتی هەمزەی پێكگەیاندن

١٠١	وَابْدَأْ بِهَمْزِ الْوَصْلِ مِنْ فِعْلٍ بِضَمْ	إِنْ كَانَ ثَالِثٌ مِنَ الفِعْلِ يُضَمْ

١٠٢	وَاكْسِرْهُ حَالَ الْكَسْرِ وَالْفَتْحِ وَفِي	لاسْمَاءِ غَيْرَ اللاَّمِ كَسْرُهَا وَفِي
١٠٣	ابْنٍ مَعَ ابْنَةِ امْرِئٍ وَاثْنَيْنِ	وَامْرَأَةٍ وَاسْمٍ مَعَ اثْنَتَيْنِ
١٠٤	وَحَاذِرِ الْوَقْفَ بِكُلِّ الحَرَكَهْ	إلاَّ إذَا رُمْتَ فَبَعْضُ حَرَكَهْ
١٠٥	إلاَّ بِفَتْحٍ أَوْ بِنَصْبٍ وَأَشِمْ	إشَارَةً بِالضَّمِّ فِي رَفْعٍ وَضَمْ

كۆتایی

١٠٦	وَقَدْ تَقَضَّى نَظْمِيَ الْمُقَدِّمَهْ	مِنِّي لِقَارِئِ الْقُرْآنِ تَقْدِمَهْ
١٠٧	أَبْيَاتُهَا قَافٌ وَزَايٌ فِي الْعَدَدْ	مَنْ يُحْسِنِ التَّجْوِيدَ يَظْفَرْ بِالرَّشَدْ
١٠٨	(وَالحَمْدُ للهِ) لَهَا خِتَامُ	ثُمَّ الصَّلاَةُ بَعْدُ وَالسَّلاَمُ
١٠٩	عَلَى النَّبِيِّ الْمُصْطَفَى وَآلِهِ	وَصَحْبِهِ وَتَابِعِي مِنْوَالِهِ



٣٢١

یەكێك لەو شتانەی دانەرانی كتێب لە زانستە ئیسلامیەكاندا پێوەی هۆگر بوون، دەستپێكردنی كتێبەكانیان بوو بە هێنانی ناوی خوای گەورە و، سوپاس كردنی و سەلأواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ).

(الخطیب البغدادي) كە لەساڵی ٤٦٣ ك لە دونیا دەرچووە، **دەفەرموێت:**

(پێویستە دەست پێكردن لە هەموو كتێبێكی زانستدا بە "بسم الله الرحمن الرحیم" بێت)[١].

لە ڕاستیشدا شێوازێكی نەگۆڕ نیە بۆ وتاری دەستپێكردنی دانانی كتێب.

پێشەوا (النووي) كە لەساڵی ٦٧٦ ك لە دونیا دەرچووە **دەفەرموێت:** سەلأواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لەپاش وتنی (الحمد لله) ئەوە پیشەی زانایانە ڕەحمەتی خوایان لێبێت... زانایانیش بە (مكروە) یان زانیوە كەسێك تەنها وشەی (الصلاة) بەبێ (السلام) بەكار بهێنێ لە سەلأواتدا.[٢]

(إبن حجر العسقلاني) كە لە ساڵی ٨٥٢ ك لە دونیا دەرچووە، **دەفەرموێت:** (وتاری دەستپێكردنی نووسینی كتێب كورت هەڵنەهاتووە لەسەر شێوازێك

---

[١] بڕوانە: الجامع لأخلاق الراوي ١/١٩٣، بەوەرگرتن لە الشرح الوجیز علی المقدمة الجزریة/ د.غانم قدوري الحمد / ٢٥.

[٢] بڕوانە: صحیح مسلم بشرح النووي ١/٤٣–٤٤، بەوەرگرتن لە الشرح الوجیز /٢٥.

نەتوانرێت لێی لابدرێت، بەڵكو تەنها مەبەست لەوەیە شێوازی دەستپێكردنەكە ئامانج بپێكێت)[١].

وتەی دانەریش لەسەرەتای ئەم هۆنراوەیە: (بسم الله الرحمن الرحیم) **واتە:** دەست پێدەكەم و، هۆنراوەكەم ڕێك دەخەم و، كتێب دادەنێم بە پەنابردن بەناوی خوای گەورە[٢].

١. يَقُولُ رَاجِي عَفْوِ رَبٍّ سَامِعِ   (مُحَمَّدُ بْنُ الْجَزَرِيِّ الشَّافِعِي)

لێكدانەوەی وشەكان:

(يَقُولُ) **واتە:** دەڵێت، دانەر وشەی (يَقُولُ)ی بەشێوازی ڕانەبردوو (مضارع) بەكارهێناوە، ڕابردوو و ڕانەبردووش وەكو یەكن لێرەدا بێجیاوازی.

(رَاجِي) **واتە:** تكاكار، تكاكردن بۆ شتێك كە شیاوی جیبەجێكردن بێت.

(عَفْوِ) **واتە:** لێبوردن و لێنەگرتن.

(رَبٍّ) وشەیەكی **هاوبەشە**-وەكو خالد الأزهري **دەڵێت:**-بە سەرگەورە و خاوەن و چاكساز و پەروەرشیار دەوترێت، بەلاَم ئەگەر ئەم وشەیە بە ڕەهایی بێت ئەوا خوای گەورە دەگرێتەوە و بە كەسی تر ناوترێت (رَبٍّ)، مەگەر بەتایبەت كردن **وەكو:** (رب الدار) **واتە:** خاوەن ماڵ و وشەی لەو شێوە.

---

[١] بڕوانە: فتح الباري ١/٨، بەوەرگرتن لە الشرح الوجيز /٢٥.

[٢] بڕوانە: القسطلاني: اللالئ السنية / ١٤، بەوەرگرتن لە الشرح الوجيز /٢٥.

(سَامِعِ)[1] **واته:** بیسەر، بەڵام (سمیع) گونجاوتر بوو، چونكە زیاتر بەكارهاتووە لە دەقە شەرعیەكاندا[2].

(مُحَمَّدُ) ناوی دانەری پێشەكیەكەیە ڕەحمەتی خوای لێبێت.

(الْجَزَرِيّ) مەبەست لە دورگەی ئیبنو عومەرە لە وڵاتی ڕۆژهەڵات.

واتای گشتی:

موحەممەدی كوڕی جەزەری شافیعی، كە تكاكارە بەر لێبوردنی پەروەردگاری بیسەری بكەوێت دەڵێت:

٢. (الْحَمْدُ للَّهِ وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّهِ وَمُصْطَفَاهُ

(الْحَمْدُ) **واته:** ستایش كردن بە زمان بەمەبەستی مەزن ڕاگرتن، ئیتر ئایا لە بەرانبەر نیعمەتێك بێت یان نا، بەڵام وشەی (الشكر) سوپاس و مەزن ڕاگرتنە بۆ پەروەردگار بەرانبەر بە نیعمەتێك كە بەخشیویەتی، دەسپێكردنی دانەریش بەم وشەیە مانای شوێن كەوتنێتی بۆ قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ).

[1] ناو و سیفەتەكانی خوای گەورە تەوقیفیە و هەموو ناوەكانی بە صیغەی موبالەغە هاتووە، جا سەمیع لەسەر وەزنی (فعیل)ە و موبالەغەیە، بەڵام سامیع تەنها (إسم فاعل)ە و هیچ موبالەغەیەكی تێدا نیە بەڵام بۆ پاراستنی وەزنی هۆنراوەكە بەكاری هێناوە ((م.دلێر گەرمیانی))

[2] بڕوانە: المنح الفكرية شرح المقدمة الجزرية / ملا علي القاري / ص ٢٠.

(وَصَلَّى اللَّـهُ) وشەی (الصلاة) لەلایەن خوای گەورەوە بەزەییە و[١]، لەلایەن فریشتەكانەوە داوای لێخۆشبوونە و، لەلایەن ئادەمیزادەوە نزاو پاڕانەوەیە[٢].

(عَلَـى نَبِيِّـهِ) وشەی (النبي) ئەگەر بە هەمزەوە بێت لە (النبأ)ەوە **هاتووە واتە:** هەواڵ، چونكە پێغەمبەر (ﷺ) لەلای پەروەردگاری هەواڵ دەهێنێت، ئەگەر بەبێ "**هەمزەش**" بێت لە (النبوة)وە هاتووە، **واتە:** بەرزایی، پێغەمبەری خواش (ﷺ) خاوەنی پلەوپایەی بەرزە لەلای پەروەردگاری.

(مُصْطَفَاهُ) **واتە:** هەڵبژێردراوی خوای گەورە، وەكو لە صەحیحی پێشەوا موسلیم دا **هاتووە** كە پیغەمبەر (ﷺ) **فەرموویەتی** " إن الله اصطفى كنانة من ولد إسماعيل، واصطفى قريشاً من كنانة، واصطفى من قريش بني هاشم، واصطفاني من بني هاشم، فأنا خيار من خيار من خيار.[٣] "

واتە: "خوای گەورە هۆزی كینانەی لە نەوەی ئیسماعیل هەڵبژاردووە و، هۆزی قورەیشی لە كینانە هەڵبژاردووە و، نەوەی هاشیمی لە قورەیش هەڵبژاردووە و، منیشی لە نەوەی هاشیم هەڵبژاردووە، بۆیە من چاكی نێو چاكانی نێو چاكانم"

---

[١] قال البخاري: قال أبو العالية: صلاة الله: ثنائه عليه عند الملائكة. مەبەست لەم صەلاواتە ئەوەیە خوای گەورە بەندەكانی ئاكەدار دەكاتەوە سەبارەت بە پلەوپایەی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی ستایشی دەكات و لەلای مەلائیكە نزیكەكانی باسی دەكات. ((م.دلێر گەرمیانی))

[٢] بڕوانە: جامع شروح مقدمة الجزرية / ٢٠.

[٣] اخرجه مسلم، كتاب الفضائل، باب فضل نسب النبي (ﷺ)، برقم (٢٢٧٦) و الترمذي و غيره من حديث واثلة بن الاسقع (ﷺ).

واتای گشتی:

سوپاس بۆ خوا و سۆز و، بەزەیشی لەسەر پێغەمبەر و هەڵبژاردەكەی بێت (ﷺ).

٣. (مُحَمَّدٍ) وَآلِـهِ وَصَحْبِـهِ   وَمُقْرِئِ الْقُرْآنِ مَعْ مُحِبِّهِ

(مُحَمَّدٍ) (ﷺ)، ناوی پێغەمبەرە (ﷺ)، لە كتێبەكانی سیرەدا هاتووە كە بە عەبدولموتتەلیبی باپیری پێغەمبەر (ﷺ) وترا كاتێك لە ڕۆژی حەوتەمدا ناوی كوڕەزاكەی نا موحەممەد، وتیان بۆچی ناوت ناوە موحەممەد ؟ لەكاتێكدا لە باوباپیران و خزمەكانتدا ئەو ناوە نەنراوە !، وتی ئومێد دەكەم لە ئاسمان و زەمیندا ستایش بكرێت، خوای گەورەش ئومێدەكەی بەدی هێنا.

(وَآلِـهِ)[1] ئیمامی شافیعی **فەرموویەتی:** خزمە ئیماندارەكانی دەگرێتەوە لە بەنی هاشم و بەنی عەبدولموتتەلیب.

(وَصَحْبِـهِ) كۆیە بۆ وشەی (صحابي) **واتە:** هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ)، وشەی (صحابي) هەموو كەسێك دەگرێتەوە كە بە موسوڵمانی كۆبوبێتەوە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەگەر بۆ ساتێكی كەمیش بووبێت و مردبێتیش لەسەر ئیمان.

---

[1] آل: ئەگەر كۆ بكرێتەوە لەگەل (أتباع) **واتە:** (آله و أتباعه) ئەوا (آل) **واتە:** خزمە ئیماندارەكانی، ئەگەریش بەتەنها بێت واتە شوێن كەوتوانی لەپێش هەموانیشەوە خزمە ئیماندارەكانی دەگرێتەوە. ((م.دلێر گەرمیانی))

(وَمُقْرِئ الْقُرْآن) ئەو کەسەیە کە کردەوەی پێدەکات، یان مامۆستایە.

(مَعْ مُحِبِّهِ) ئەو کەسەی کە قورئانی خۆش دەوێت، قوتابیش دەگرێتەوە.

واتای گشتی:

دروودو سلاّوی خوای گەورە برژێتە سەر خاووخێزان و خزمان و یارو یاوەرانی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها لەسەر ئەو کەسەش کە کردەوە بە قورئان دەکات، ئەو کەسەش کە قورئانی خۆش دەوێت.

٤. (وَبَعْدُ) إِنَّ هَـذِهِ مُقَدِّمَـهْ   فِيمَا عَلَى قَارِئِهِ أَنْ يَعْلَمَهْ

(وَبَعْدُ) **واتە:** لەپاش باسکردنی سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو سەلاّوات ناردن بۆ پێغەمبەری نازدار (ﷺ)، ئەم وشەیە عەرەب بەکاریان هێناوە، کاتێك ویستوویانە لە باسێکەوە بچن بۆ باسێکی تر.

(إِنَّ هَـذِهِ) ئاماژەیە بۆ شتێکی هەست پێکراو کە ئەم هۆنراوەیە، کە ئێمە لێرەدا خەریکی لێکدانەوەیین.

(مُقَدِّمَـهْ) **واتە:** پێشەکی، وەکو ئەو دەستەی پێشی سوپا ڕێ دەکەن پێیان دەوترێت(مقدمة الجیش)، هەر لەم واتایەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ الحجرات١.

(فِيمَا عَلَى قَارِئِهِ أَنْ يَعْلَمَهْ) **واتە:** ڕوون كردنەوەی ئەو شتانەیە كە پێویستن لەسەر خوێنەری قورئان بیانزانێت.

واتای گشتی:

لەپاش سوپاس و ستایشی خوای دلۆڤان و، صەلاّوات ناردن بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەم هۆنراوەیەم پێشەكیەكە سەبارەت بەو مەسەلانەی كە پێویستە خوێنەری قورئان بیانزانێت.



بەشەكانی زانستی تەجوید

٥. إِذْ وَاجِـبٌ عَلَيْهِمُ مُحَـتَّـمُ قَبْلَ الشُّـرُوعِ أَوَّلاً أَنْ يَعْلَمُـوا

(إِذْ وَاجِـبٌ) ئەو شتانەی بە ڕەهایی پێویستن و، وازلێهێنانیان گوناهە.

(عَلَيْهِمُ) **واتە:** لەسەر قورئان خوێنەران.

(مُحَـتَّـمُ) وشەیەكە بۆ جەخت لەسەر كردن هاتووە.

(قَبْلَ الشُّـرُوعِ) **واتە:** پێش دەستپێكردنی قورئان خوێندن.

(أَوَّلاً) **واتە:** جەخت كردنەوەیە لەسەر وشەی پێش خۆی.

(يَعْلَمُـوا) **واتە:** بیزانن.

واتای گشتی:

پێویستە لەسەر ئەوانەی كە قورئان دەخوێنن پێش دەستپێكردنیان ئەم مەسەلانە بزانن.

٦. مَخَارِجَ الْحُرُوفِ وَالصِّفَاتِ لِيَلْفِظُوا بِأَفْصَحِ اللُّغَـاتِ

(مَخَارِجَ الْحُرُوف) **واتە:** جێگای دەرچوونی پیتەكانی زمانی عەرەبی، كە بریتین لە (٢٩) پیت، بەڵام بەگشتی زانایان سێ ڕێڕەویان هەیە، سەبارەت بە ژمارەی مەخرەجەكان:

ڕێڕەوی یەكەم: ژمارەیان (١٤) مەخرەجە، ئەمانەش بە بۆچوونی (الفراء) و (قطرب) و ئەوانەی كە شوێنكەوتووی ئەوانن، مەخرەجی (الجوف) **واتە:** بۆشایی نێوان گەروو و دەم یان لابردووە، هەروەها جێگەی وشەكانی (ل، ر، ن) بەیەك مەخرەج دادەنرێن لەجیاتی (٣) مەخرەج.

ڕێڕەوی دووەم: ژمارەی مەخرەجەكان (١٦)ەیە، ئەمەش ڕێڕەوی (سیبویە) و (الشاطبي) و (إبن البري) و هاوبۆچوونەكانیانە، ئەمانیش مەخرەجی جەوفیان لابردووە، وایان داناوە كە ئەو پیتانە لە شوێنە هاوشێوەكانیانەوە دەردەچن واتە لەمەخرەجەكانی ترەوە.

ڕێڕەوی سێیەم: ژمارەی مەخرەجەكان (١٧) مەخرەجن، ئەمەش ڕێڕەوی (الخلیل بن أحمد الفراهیدي) و ئەوانەیە كە لەسەر بۆچوونی ئەون، **وەكو:** (إبن الجزري) و جومهوری زانایانی پسپۆر لەم بوارەدا ئەم ڕێڕەوەیان پەسەند كردووە[١].

(الصِّفَات) **واتە:** هەروەها سیفەتی پیتەكانیش بناسن.

(لِيَلْفِظُوا) لە نوسخەیەكدا هاتووە (لينطقوا) **واتە:** قسەبكەن و بیخوێننەوە.

---

[١] بڕوانە: الواضح في أحكام التجويد / د.محمد عصام القضاة / ٣٠.

(بِأَفْصَحِ اللُّغَاتِ) **واتە:** بە پاراوترین زمان لەنێو زمانەکاندا زمانی عەرەبیە، کە زمانی پیغەمبەرە (ﷺ) و، قورئانی پێدابەزیوە.

ڕێکەوتیش نیە کە خوای گەورە لە نێوان هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتیدا زمانی عەرەبی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی پەیامی کۆتایی بۆ خەڵکی سەرزەوی بنێرێت، لەڕاستیدا ئەم زمانە تایبەتمەندی زۆری هەیە، هەرچۆنێکیش بێت زمانێکی ئایینیە بۆمان و ئەرکی سەرشانیشمانە بەرگری لێبکەین، ئاشکرایشە کە چۆن هەوڵەکان چڕ کراونەتەوە بۆ دژایەتیکردنی ئەم زمانە بەپێی ئامانجگەلێکی دوور کە ئەوانەی بە پلانەکە هەڵدەستن ڕەچاویان کردووە، لەوەش دڵنیان کەدروست بوونی نەوەیەکی لاواز لە زمانی عەرەبیدا واتە نەوەیەکی تێنەگەیشتوو لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەمەش ئامانجە ڕاستەقینەکەیە.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و تاکو ناوەڕاستی ئەو سەدەیە، هەوڵێکی چڕ و بێووچان بەخەرج درا لەپێناوی لابردنی زمانی عەرەبی لە وڵاتی میسر، لەڕێگەی بەکارهێنانی پیتی لاتینی لەجیاتی پیتی عەرەبی، بەڵام سەرانی موسوڵمانان لەو وڵاتە دەرکیان کردبە گڵاوی ئەو پیلانە و، ڕووبەڕووی بوونەوەو هەر بە ساوایی و لە بێشکەدا ئەو بیرۆکەیان لەنێو برد، بەڵام مەخابن وا ئەو بیرۆکەیە جارێکی ترو پاش زیاتر لە نیو سەدە سەری هەڵداوەتەوە و، پێویستە لەسەر موسوڵمانان بەرگری لە زمانی عەرەبی بکەن چونکە زمانی قورئان و سوننەتە، مامۆستا (أنور الجندي) ڕەحمەتی خوای لێبێت، **دەڵێت:** ئەمڕۆ زمانی عەرەبی زمانی گفتوگۆ کردنە بۆ

سەدملیۆن عەرەب و، زمانی هزرە بۆ هەزار ملیۆن موسولْمان[1]، زمانێكی دێرینیشە كە پێش هاتنی ئیسلام بە هەزار ساڵ قسەی پێكراوە.

(الخلیل بن أحمد الفراهیدي) لە كتێبی (العین)دا **دەڵێت:** تێكڕای وشەكانی زمانی عەرەبی كە گفتوگۆیان پێدەكرێت بەوانەشەوە كە فەرامۆش كراون دەگاتە (١٢،٣٠٥، ٤١٢) وشە.

هەروەها (الحسین الزبیری) **دەڵێت:** وشەكانی زمانی عەرەبی ژمارەیان دەگاتە (٦،٦٩٩، ٤٠٠) **واتە:** زیاتر لە شەش ملیۆن و پینج سەد هەزار وشە كار بە (٥٤٢٠) وشەی دەكرێت، ئەوەكانی تر هەمووی پەراوێز خراون[2].

واتای گشتی:

پێویستە لەسەر خوێنەری قورئان شوێنی دەرچوونی پیتەكان و سیفەتەكانیان بزانن، بۆئەوەی شارەزایی پەیدا بكەن دەربارەی چاكترین و پاراوترین زمان كە زمانی عەرەبیە.

٧. مُحَرِّرِي التَّجْوِيدِ وَالمَوَاقِفِ ‌‌ ‌‌ وَمَا الَّذِي رُسِّمَ فِي المَصَاحِفِ

(مُحَرِّرِي) **واتە:** پێویستە لەسەریان ئەوانەی كە باسكراون بیزانن مادام كۆشش دەكەن بۆ جوان خوێندنەوەی قورئان.

(وَالمَوَاقِفَ) **واتە:** شوێنەكانی ڕاوەستان و دەستپێكردن لە قورئاندا.

---

[1] ئەوە سەرژمێری هەشتاكانە ، چونكە ژمارەی موسولْمانان لەم ڕۆژگارەدا دەگاتە یەك ملیار و سیْ سەد ملیۆن كەس لە جیهاندا.

[2] بڕوانە: دراسات إسلامیة معاصرة / ٣٣.

(وَمَا الَّذِي رُسِّمَ فِي الَمَصَاحِفِ) **واته:** ئەو شێوازانەی كە قورئانی پێنووسراوەتەوە لە موسحەفەكانی پێشەوا عوسمان (ﷺ)، چونكە ڕوكنێكی قورئانە، دوو ڕوكنەكەی تریش بریتین لە (تواتر) و گونجان لەگەڵ شێوەیەك لە شێوەكانی زمانی عەرەبی[١].

واتای گشتی:

ئەوانەی كە ورد دەبنەوە لە جوان خوێندنەوەی قورئان و، ڕاوەستان و دەست پێكردنی ڕێكوپێك و، ڕەچاوكردنی خوێندنەوەبەپێیی ئەو ڕێنووسەی كەلە موسحەفەكانی عوسماندا (ﷺ) هاتووە.

٨. مِنْ كُلِّ مَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ بِهَا وَتَاءِ أُنْثَى لَمْ تَكُنْ تُكْتَبْ بِهَا

(مِنْ كُلِّ مَقْطُوعٍ) **واته:** ئەو شتانەی كە بە دابڕاوی دەنووسرێت، نەك پیتەكان، **وەكو:**

﴿ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ﴾ البقرة ١٤٤.

(وَمَوْصُولٍ بِهَا) یان پێكەوە دەنووسرێت لە قورئاندا **وەكو:** ﴿يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِي﴾ طه٩٤[٢].

---

[١] بڕوانه: الدرر البهية شرح المقدمة الجزرية / ١١.

[٢] بڕوانه: الجامع في تجويد قراءة القران الكريم / كامل المسيري / ٢٤٩-٢٧٤ .

(وَتَاءِ أُنْثَى لَمْ تَكُنْ تُكْتَبْ بِهَا) **واتە:** ئەو پیتانەی (ت) كە دەگەڕێتەوە بۆ مێینەو بەشێوەی (ـة)ی كۆتایی نەنووسراون لە قورئاندا **وەكو:** (جنت، امرأت)

(بِهَا) **واتە:** بە (ها)، ئەم واتایەش دواتر شی دەكەینەوە.

واتای گشتی:

ئەو وشە دابڕاو و پێكەوە لكاوانەی كە لە قورئاندا هاتوون، هەروەها نووسینی پیتی (ت) وەكو نووسینی پیتی (ه) و دوو نوقتەی لەسەرە.



بابەتی شوێنی دەرچوونی پیتەكان (مەخرەجەكان)

بەشی یەكەم / پیتەكان

بێگومان ئەم بەشە گرنگترین بابەتە لە بواری تجویددا، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو كەسێك كە دەیەوێت بەجوانی قورئان بخوێنێتەوە، شوێنی دەرچوونی پیتەكان بناسێت، بۆئەوەی وشەكانی قورئان بەڕاست و دروستی بخوێنێتەوە، هەربۆیە (إبن الجزري) **فەرموویەتی:**

إذْ وَاجِــبٌ عَلَـيْـهِـمُ مُـحَـتَّـمُ   قَـبْـلَ الـشُّـرُوعِ أوَّلاً أنْ يَعْـلَـمُـوا

پیتەكان:

پیت بریتیە لە دەنگێك پشت دەبەستێت بە شوێنێكی دیاری كراو، یان نادیار.

ئەوەی كە دیاری كراوە لەڕێگەی بەشێك لە بەشەكانی گەروو و زمان و لێوەوە دەردەچێت، نادیارەكانیش ئەو پیتانەن كە دەرچوونیان پەیوەندی نیە بەم شوێنانەوە، ئەوانیش بریتین لە وشەكانی (ا، و، ی) ئەم پیتانە پەیوەندیان بە هەناسەوە هەیە و، لەگەڵ تەواو بوونی هەناسە دەبڕێنەوە، وەكو دواتریش بە پشتیوانی خوای گەورە روونیان دەكەینەوە[١].

بەشەكانی پیتەكان: دوو بەشن: عەرەبی و ناعەرەبی، عەرەبیەكان سەرەكی و لاوەكین، سەرەكیەكانی (٢٩) پیتن بەلای زانایانەوە جگە لە (المبرد)، كە ئەو پێی

[١] بڕوانە: الدرر البهية / ١٣.

وایە پیتەكان (٢٨) پیتن، چونكە ئەلیف و هەمزەی بە پیتێك داناوە، بۆچوونەكەشی —**وەكو**: (أسامة عبد الوهاب) **دەڵێت:**—بۆچوونێكی ناپەسەندە.

پیتە لاوەكیەكانیش ئەوانەن كە لە دوو شوێنەوە دەردەچن، دابەش دەبن بۆ پاراو و ناپاراو،سەبارەت بە پاراوەكان پینج پیتیان لە قورئاندا **هاتووە**.

یەكەم: هەمزەی ئاسانكراو (الهمزة المسهلة) ئەویش لەلای خۆیەوە دەبێتە (٣) بەشەوە، یان بەرەولای پیتی (ا) دەڕوات **وەكو**: پیتی (ءَأَنذَرْتَهُم)، یان بەرەو لای پیتی (ي) دەڕوات **وەكو**: (أئنك)، یان بەرەو (و) دەڕوات **وەكو**: (أؤنزل).

دووەم: ئەلیفی لاركراو، **واتە**: لەنێوان (ا) و (ی) دا، بەواتایەكیتر نە ئەلیفێكی تەواوە و نە یائێكی تەواوە، بەڵكو نزیكە لە پیتی (ي).

سێیەم: پیتی (ص) كە بۆنی (ز)ی لیبێت، **وەكو**: وشەی (الصراط)، ئەم كارەشیان بەهۆی نزیكی شوێنی دەرچوونی ئەو دوو پیتە ئەنجام داوە، بەهۆی ئەوەشەوە لە پیتەكانی (صفیر)ن، نمونەی ئەم حاڵەتە لە خوێندنەوەی پێشەوا (حمزة)دا هەیە.

چوارەم: پیتی (ي) كە بۆنی (و) ی لێدێت، **وەكو**: وشەی (غیض) و (قیل) لەكاتی (إشمام) كردنیاندا، بەپێی خوێندنەوەی (هشام) و (الكسائي).

پینجەم: (ا) ی قەڵەو، كەبەدوای پیتێكی قەڵەودا بێت، چونكە لەوحاڵەتەدا لە پیتی(و) نزیك دەبێتەوە، **وەكو**: لە وشەی مەزنی (الله) كە لەپاش پیتێكەوە بێت سەر یان بۆری هەبێت، یان وەكو ئەوەی لە ریوایەتی (ورش)دا هاتووە لەرێگەی (الأزرق)ەوە لە (نافع) **وەكو**: وشەكانی (الصلاة) و (الطلاق) و (الظلام)، ئینجا ئەوەش بزانە برای خوێنەر كە سەر و بۆریش بەهەمان شێوە **دەبنە دوو بەشەوە**: سەرەكی

و لاوەکی؛ سەرەکیەکان بریتین لە سەر و بۆر و ژێر، لاوەکیەکانیش بریتین لە سەر وبۆری لار، **وەکو:** (بشرى) و (النار) و (الكافرين) لەلای ئەوانەی کە بە (إمالة) ئەو وشانە دەخوێنن، **هەروەها وەکو:** (رحمة) و (نعمة) لەلای ئەوانەی کە لە ڕاوەستاندا کۆتایی ئەوجۆرە وشانە لار دەکەنەوە، **واتە:** (رحميْ) و (نعميْ)[١]... **هتد.**

لەم حاڵەتەدا دەبێتە سەروبۆرێکی لاوەکی نە بۆرێکی تەواوە، نە سەرێکی تەواوە، دووەمیش پیتی بۆنکراو **وەکو:** (قيل) و (غيض) لە ڕێڕەوی ئەوانەی کە (إشمام)ی دەکەن **وەکو:** (هشام) و (الكسائي)[٢].



---

[١] بۆ زانینی دەنگەکەی و ئەنجامدانی بەشێوەیەکی تەواو پێویستە لە مامۆستایەکی مۆڵەت پێدراو وەریبگریت و بیبیستی. ((م.دلێر گەرمیانی))

[٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدرر البهية شرح المقدمة الجزرية / ١٦.

بەشی دووەم
جێگای دەرچوونی پیتەكان

٩. مَخَارِجُ الحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ

(مَخَارِج) كۆیە، تاكەكەی (مخرج)ە **واتە:** ئەو جێگەی كە پیتەكەی لێوە دەردەچێت، لێرەشدا مەبەست لە (٢٩) پیتەكەی زمانی عەرەبیە.

(عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ) **واتە:** بەپێی هەڵبژاردنی ئەو شارەزایە– مەبەستی (الخليل بن أحمد الفراهيدي)یە.

چۆن بزانین پیتێكی دیاری كراو جێگەی دەرچوونی كوێیە ؟

بۆ نمونە دەمانەوێ بزانین پیتی (ق) یان (ش) یان (ب) شوێنی دەرچوونی لەكوێیە پیتەكە (ساكن) بكە یان باشترە (مشدّد)ی بكەیت و هەمزەیەكیش بخەیتە پێشی، **بۆنمونە:** (أقّ)، (أشّ)، (أبّ)، لەكوێ دەنگ نەما ئەوە شوێنی دەرچوونی پیتەكەیە[١].

واتای گشتی:

پیتەكانی زمانی عەرەبی لە (١٧) جێگەوە دەردەچن، بە پێی هەڵبژاردنی كەسێكی شارەزا و كارامەی وەكو: (الخليل بن أحمد الفراهيدي).

---

[١] بڕوانە: جامع شروح المقدمة الجزرية / محمد بن يوسف / ٢٧.

پیتەكانی (الجوف)[1]

١٠. فَأَلِفُ الجَوْفِ وأُخْتَاهَا وَهِـي   حُـرُوفُ مَـدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْـتَهِي

(فَأَلِفُ الجَوْف) **واتە:** جێگەی دەرچوونی پیتی (ا) بۆشایی نێو دەمە و،جێگەیەكی دیاری كراوی نیە.

(وأُخْتَاهَا) **واتە:** هەردوو پیتی (و) و (ي) ئەگەر زەننەدار بن و، پێشی خۆیان لەجۆری خۆیان بێت، **واتە:** ئەگەر لەپێش (و) بۆر (ضمة) هاتبێت و، پێش (ي) ژێر (كسرة) هاتبێت.

تێبینی: پیتی (ا) هەمیشە زەننەدار (ساكن)ەو، پێشی خۆی هەمیشە سەر(فتحة)ی هەیە نمونەی ئەو سێ پیتانە كە بە (حروف المد و اللین) دەناسرێن، ئەم سێ وشەیەیە(قال) بۆ (ا)، (يقول) بۆ (و)، (قيل) بۆ (ي).

هەرسێكەشی كۆبوونەتەوە لە وشەی﴿ نُوحِيهَا ﴾هود٤٩.

(لِلْهَوَاءِ) ئەو هەوای كەلەدەم دەردەچێت، كە بریتیە لە دەنگ.


(تَنْـتَهِي) **واتە:** پیتەكانی مەد تەواو دەبن.


[1] الجوف، واتە: بۆشایی نێوان گەروو و دەم .


بۆیەش ناونراون (حروف المد واللین) بە درێژی و ئاسانی دەردەچن (آآآ) (ووو) (ییی) چونكە شوێنی لێوەدەرچوونیان بلاّوە، شوێنی دەرچوونی پیتیش كاتێك بلاّو بێت دەنگ درێژ دەبێتەوە و بە سانایی دەردەچێت، ئەگەر تەنگیش بێت دەنگەكە بە فشار دەردەچێت[١].

واتای گشتی:

پیتەكانی (ا، و، ي) لە بۆشایی نێوان گەروو و ناودەمەوە دەردەچن، ئەمانەش تایبەتن بە پیتەكانی (مدّ)ەوە و، تاكو هەناسەش درێژ ببێتەوە بەردەوام دەبن.


مەخرەجی واوی مەددی


مەخرەجی یائی مەددی


مەخرەجی ئەلیف



[١] بڕوانە: جامع شروح الجزرية / زكريا الأنصاري / ٢٨-٢٩.

پیتەكانی گەروو

١١. ثُمَّ لأَقْصَى الحَلْقِ هَمْزٌ هَاءُ ثُـمَّ لِوَسْطِهِ فَعَيْنٌ حَـاءُ

مەخرەجی دووەم گەرووە، سێ مەخرەجی تێدایە و شەش پیتی لێوە دەردەچێت:

یەكەم: سەرووی قورگ كە دوورترین جێگە دەگرێتەوە لە كۆتایی قورگ و، نزیك سنگ دوو پیتی لێوە دەردەچێت (ء) و (هـ).

دووەم: ناوەڕاستی گەروو.


(ثُـمَّ لِوَسْـطِهِ فَعَيْنٌ حَـاءُ) **واتە:** پیتەكانی (ع) و (ح)ی لێوە دەردەچێت.


واتای گشتی:


كۆتایی گەروو پیتەكانی (ء) و (هـ)ی لێوە دەردەچێت، لە ناوەڕاستی گەروشەوە پیتەكانی (ع) و (ح) ی لێوە دەردەچێت.

١٢. أَدْنَـاهُ غَيْـنٌ خَـاؤُهَا والْقَـافُ   أَقْصَـى اللِّسَـانِ فَوْقُ ثُـمَّ الْكَـافُ

واتە: نزيك ترين جێگەی گەروو لە دەمەوە مەخرەجی پیتەكانی (غ) و (خ)ە، پێشخستنی پیتی (غ) لەسەر (خ) بۆچوونی پەسەندكراوی (سيبويە) و (الشاطبي)يە، خاوەنی هۆنراوەی جەزەریش لەسەر هەمان بۆچوونە[1].


مەخرەجی (غ، خ)


مەخرەجی (ع، ح)


مەخرەجی (ء، ه)



[1] بڕوانە: المنح الفكرية شرح المقدمة الجزرية / ملا علی القاري / ٤٩.

پیتەکانی زمان


مەخرەجی پیتی (ق):

کاتێك (إبن الجزري) لێبوویەوە لەباسکردنی مەخرەجی پیتەکانی گەروو، دەستی کرد بە باسکردنی مەخرەجەکانی زمان و پیتەکانی:


مەخرەجی یەکەم: سەرووی زمان (أقصى اللسان) **واتە**: کۆتاییەکەی لە نزیك گەرووەوە.

(فوق) مەبەستی مەلاشووە.

(الكاف) **واتە**: ئەمیش مەخرەجی لە سەرووی زمانەوەیە.



مەخرەجی (ق)



مەخرەجی (ك)

واتای گشتی:

پیتەکانی (ق) و (ك) لە سەرووی زمانەوە لە لای مەلاشووەوە دەردەچن جێگەی (ك) نزمترە لە جێگەی (ق)، بەگشتی ئەو مەخرەجانەی لە زماندان (١٠) مەخرەجن و (١٨) پیتیان لێوە دەردەچێت بەم شێوەی خوارەوە[1].

[1] بروانە: الواضح في أحكام التجويد / د.محمد عصام القضاة / ٣٢-٣٤.

١. سەرووی زمان: **واتە:** دوورترین جێگەی لە نزیك قورگ و مەلاشووی سەرەوەیە، پیتی (ق)ی لێوە دەردەچێت.

٢. سەرووی زمان: كەمیك لە خوار مەخرەجی (ق)ەوە لەلای مەلاشووی سەرەوە، لەناو دەمەوە نزیك ترە، پیتی (ك) لێوە دەردەچێت.

٣. ناوەڕاستی زمان لەگەڵ مەلاشوودا، سێ پیتی لێوە دەردەچێت (ج) و (ش) و (ي) بەمەرجێك پیتی (ي) مەددی نەبێت، **واتە:** بزواو بێت یان زەنندار (ساكن) بێت و پێش خۆی سەر(فتحة) ی هەبێت.

٤. یەكێك لە لێوارەكانی زمان لای راست یان لای چەپ لەگەڵ ئەو دانانەی بەتەنیشتیەوەن لە دانەخرێكانی سەرەوە یان بە بەكارهێنانی هەردوولا پێكەوە پیتی (ضاد)ی لێوە دەردەچێت دەركردنیشی لەلای چەپەوە ئاسانترە و زۆرتر بەكاردێت، لەلای ڕاستیشەوە كەمتر و قورسترە چونكە لە لێواری زمان و ئەو دانانەی تەنیشتەوە دەردەچێت بەهۆی درێژی مەخرەجەكەیشیەوە چونكە لەخواروی لێواری زمان دەست پێ دەكات و لە سەروویەوە تەواو دەبێت.

٥. خواروی هەردوو لێواری زمان بەرەو سەرەتای زمان لەگەڵ پووكی ددانەكانی تەنیشتی لەو مەخرەجەوە پیتی (ل) ی لێوە دەردەچێت.

٦. پێشەوەی زمان لەكەڵ ئەو بەشەی بەرانبەرێتی لە پووكی ددانەكانی سەروە پیتی (ن) ی لێوە دەردەچێت.

٧. پێشەوەی زمان و كەمێك لە پشتیەوە لەگەڵ پووكی ددانەكانی تەنیشتی لەسەرەوە نزیك مەخرەجی (ن) لەو مەخرەجەوە پیتی (ر) دەردەچێت لاربونەوەیەكیشی تێدایە بەرەو مەخرەجی (ن).

٨. پشتەوەی زمان لەگەڵ پووكی ددانە بڕبڕەكانی لای سەرەوە كە ئەوە خاڵی پەیوەندی نێوان بڕەڕەكانی سەرەوە پووكی ناو دەم ئەوەش بریتیە لەمەخرەجی پیتەكانی (ت) و (ط) و (د).

٩. پێشەوەی زمان و سەرووی بڕەڕەكانی خوارەوە لەگەڵ هێشتنەوەی بۆشاییەكی كەم لەنێوان سەرەتای زمان و ددانەكان ئەم مەخرەجەش تایبەتە بە پیتەكانی (س) و (ز) و (ص).

١٠.پێشەوەی زمان و پێشەوەی ددانە بڕەڕەكانی سەرەوە هاوكات دەركردنی كەمێك لە زمان بۆ دەرەوەی ددانەكان ئەمەش پیتەكانی (ث) و (ذ) و (ظ)ی لێوە دەردەچێت.



پیتەكانی نێوان ناوەڕاستی زمان و مەلاشوو (الأحرف الشجْرية)

مەخرەجی (ج) و (ش) و (ي):

١٣. أَسْفَلُ وَالْوَسْطُ فَجِيمُ الشّينُ يَا ‌ ‌ ‌ ‌ وَالضَّادُ مِنْ حَافَتِهِ إذْ وَلِيَا

١٤. لاضْرَاسَ مِنْ أَيسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا ‌ ‌ ‌ ‌ وَاللاَّمُ أَدْنَاهَا لِمُنْتَهَاهَا

(أَسْفَل) **واتە:** لەخوارووی پیتی (ق)ەوە، هەردوو پیتی (ق) و (ك) بەپیتی (لهوي) دەناسرێت، چونكە لەكۆتای زمانەوە دەردەچن لەلای زمانە بچكۆلەوە.

(وَالوَسْط) ناوەڕاستی زمان لەگەڵ بەشی سەرووی مەلاشوو، مەخرەجی (ج) و ئینجا (ش) و ئینجا (ي) ی تێدایە.


(وَالضَّادُ مِنْ حَافَتِهِ إذْ وَلِيَا) **واتە:** مەخرەجی (الضَّاد) لەلێواری زمانەوەیە


(لاضْرَاس) ددانە خرێكان (مِنْ أَيسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا) **واتە:** لەلای چەپی یا ن لای ڕاستیەوە كەئەمەیان كەم بەكاردەهێنرێت و گرانە لەوەش گرانتر دەركردنی ئەو پیتەیە لە هەردوولای زمانەوە.


واتای گشتی:

لە ناوەڕاستی زمانەوە مەخرەجی (ج) و (ش) و (ي)ی لێ دەردەچن، هەروەها پیتی (ض) یش لەلای زمانەوە دەردەچێت یان لای چەپی یان لای ڕاستی .

سوود: محمد بن علی النویری لە کتێبی (شرح طیبة النشر) **دەڵێت:** دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێت پیتی (الـضَّـاد) ی لەهەردوو لای زمانیەوە دەردەکرد[1].


مەخرەجی یاءی (غیر مد)ی


مەخرەجی (ج)



مەخرەجی (ش)




[1] بڕوانە: شرح طیبة النشر ج١/٢٣٣.

پیتەكانی سەر زمان

(وَالـلاَّمُ أَدْنَـاهَـا لِمُنْـتَهَاهَا) **واته:** پیتی (ل) لەنزیكترین لێواری زمانەوەیە لە دەم دەردەچێت لە دوای مەخرەجی (الـضَّـاد)ەوەیە لەگەڵ پووكی بەشی سەرەوەی ددانەكان هیچ پیتێكیش نیە–بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زانایان– مەخرەجەكەی ئەوەندەی مەخرەجی (ل) درێژ بێت، دەرچوونی پیتی (ل) لەلای چەپەوە–بەپێچەوانەی پیتی (ض)– كەمتر و گرانترە بەلاَم لەلای ڕاستەوە زۆرتر و ئاسانترە.


مەخرەجی (ل)





مەخرەجی (ض)

مەخرەجی (ن):

١٥. وَالنُّونُ مِنْ طَرَفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا وَالـرَّا يُدَانِيـهِ لِظَهْرٍ أَدْخَلُوا

لێرەدا (إبن الجزري) تێمان دەگەیەنێت كە مەخرەجی (ن) كەمێك لەپێشەوەی زمانەوەیە كەمێك بەرەو پشتی زمانە ئەوەش بەپێی بۆچوونی (سیبویە) و، ئەوانەی هاوبۆچوونن لەگەڵیدا[١].


مەخرەجی (ن)


مەخرەجی (ر)



[١] بڕوانە: لێكدانەوەی خالد الأزهري لە جامع الشروح / ٣٣.

پیتەکانی پێشەوەی مەڵاشوو
(الحروف النطعية)

١٦. وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا مِنْهُ وَمِنْ   عُلْيَا الثَّنَايَا والصَّفِيْرُ مُسْتَكِنْ

(وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا) ئەم پیتانەش لەپێشەوەی زمان و ئاسمانەی دەمەوە دەردەچێت لەگەڵ بەکارهێنانی بنی ددانەکانی سەرەوە، ئەم سێ وشەش بە (الحروف النطعية) دەناسرێن چونکە لە چالأیی مەلأشووەوە دەردەچن.

(الثَّنَايَا) **واتە:** ددانەکانی پێشەوە دوو لەسەرەوە و دوو لەخوارەوە

(والصَّفِيْرُ مُسْتَكِنْ) **واتە:** پیتەکانی (ص) و (ز) و (س) جێگیرە کە دەرچونیان لەسەرەتای زمانەوەیە.

واتای گشتی:

پیتەکانی (ت) و (ط) و (د) لەپێشەوەی زمان لەگەڵ بەکارهێنانی ددانەکانی پێشەوە بەشی سەرەوە دەردەچن هەروەها جێگیریش بووە پیتەکانی (صفیر)یش کە بریتین لە (ص) و (ز) و (س) لەهەمان جێگەوە دەردەچن بەڵام سەر زمان دەدات لە ددانەنی خوارەوە.



پیتەکانی باریکایی زمان
(الحروف الأسلية أو حروف الصفير)

١٧. مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى وَالظَّاءُ وَالـذَّالُ وَثَـا لِلْعُلْيَا

(مِنْهُ) **واته:** له پێشەوەی زمان (وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى) **واته:** لەنێوان ددانەکانی پێشەوە بەشی سەرەوە و خوارەوە ئەم سێ پیتەش بە (الحروف الأسلية) دەناسرێن چونکە لە (أسلة)ی زمانەوە واتە لە باریکایی زمانەوە دەردەچن.

ئەو پیتانەی لە نزیك پووکەوە دەردەچن (الحروف اللثوية)


(وَالظَّاءُ وَالـذَّالُ وَثَـا لِلْعُلْيَا) **واته:** لەپێشەوەی هەردوو لای زمانەوە دەردەچن لەگەڵ ددانەکانی سەرەوە مامۆستایانی فێرکردنی قورئان جەخت دەکەنەوە سەبارەت بەم پیتانە کە زمان دەربکرێت لەکاتی وتنیاندا، ئەم سێ پیتەش بە(اللثوي) دەناسرێن چونکە لە نریك (پووك) گۆشتی دەوری ددانەکانەوە دەردەچن.


ئەم (٣) پیتە لەلایەن (الخليل بن أحمد الفراهيدي) ناونراون بە (الحروف اللثوية) چونکە سەرەتا یان لەلای پووکەوە دەست پێ دەکات، یان **وەکو:** (التاذقي) **دەڵێت:** لەبەرئەوەی مەخرەجەکەیان نزیکی پووکە، یان لەبەر ئەوەی مەخرەجەکەیان لە لێوەوە دەردەچێت، ئەوەش وەسفێکی ڕاست نیە.


(المرعشي) **دەڵێت:** ئەم واتایە جۆرێك لە چاوپۆشینی تێدایە، چونكە ئەو هەناسەی لەگەڵ دەربڕینی ئەم پیتانە دەردەچێت دەگاتە پووك و لەوێ بڵاودەبێتەوە، ڕاست تریش ئەوەیە بەم پیتانە بوترێت (أسناني) نەك (لثوي)[١].

واتای گشتی:

پیتەكانی (ظ، ث، ذ) لەپێشەوەی زمان و ددانەكانی پێشەوەی بەشی سەرەوە دەردەچن هاوكات لەگەڵ كەمێك لە دەركردنی زمان.


مەخرەجی (د، ت، ط)


مەخرەجی (س، ص، ز)


مەخرەجی (ذ، ث، ظ)



[١] بڕوانە: الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية / د.غانم قدوري الحمد / ٣٩–٤٠.

پیتەکانی هەردوو لیّو و کەپوو
(حروف الشفتين الخيشوم)

١٨. مِنْ طَرَفَيْهِمَا وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ فَالْفَا مَعَ اطْرافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ

(مِنْ طَرَفَيْهِمَا) **واتە:** لەهەردوولای زمانەوە پەیوەندی هەیە بە پیتەکانی باریکایی زمان.

(وَمِنْ بَطْنِ) **واتە:** بەشی ناوەوەی لێوی خوار.

(فَالْفَا مَعَ اطْرافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ) **واتە:** پیتی (ف) لە بەشی ناوەوەی لێوی خوار لەگەڵ پێشەوەی ددانە بڕەڕەکانی سەرەوەدا[1].

واتە: پیتی (ف) لە بەشی ناوەوەی لێوی خوار دەردەچێت لەگەڵ خوارەوەی بڕەرەکانی سەرەوە[2].

تێبینی: هەندێ کەس پیتی (ف) لە مەخرەجی هەڵەوە دەردەکەن، کاتێك پێشەوەی ددانەکانی سەرەوەیان دەخەنە سەر لێوی خواریان نەك بەشی ناوەوەی.


---


[1] بڕوانە: المنح الفكرية شرح مقدمة الجزرية /ملا علي القاري / ٥٨.
[2] بڕوانە: التجويد الميسر / د.عبد العزيز القاري / ٢٠.


١٩. لِلشَّفَتَيْنِ الْـوَاوُ بَـاءٌ مِيْـمُ   وَغُنَّـةٌ مَخْرَجُهَا الْخَيْـشُومُ


(لِلشَّفَتَيْنِ الْـوَاوُ بَـاءٌ مِيْـمُ) **واتە:** مەخرەجی نێوان هەردوو لێو پیتی (و، ب، م)ی لێوە دەردەچێت، بەڵام بۆ (و) لێوەكان دەكرێنەوە و خڕ دەكرێنەوە وەكو (ضمة) بخوێنیت و، بۆ پیتی (ب) و (م) دادەخرێن[١].

(وَغُنَّـةٌ مَخْرَجُهَا الْخَيْـشُومُ) **واتە:** جێگەی دەرچوونی مینگەش كەپووە.


مەخرەجی (ف)



مەخرەجی (م)



مەخرەجی (و) ی (غیر مد)ی


مەخرەجی (ب)

واتای گشتی:

پیتەكانی (و، ب، م) لەنێوان هەردوو لێوەوە دەردەچن بۆ (و) بە كرانەوەیان و بۆ (ب، م) بە داخستنیان، مینگەش لە كەپووەوە دەردەچێت.


مەخرەجی مینگە لەگەڵ (ن)


مەخرەجی مینگە لەگەڵ (م)

---

[١] بڕوانە: هداية المستفيد / محمد محمود ابو ريمة / ٢٩.

سوود: مامۆستا (عطية قابل نصر) دەڵێت:

پیتەكانی عەرەبی لە ڕووی مەخرەجیانەوە ژمارەیان (٣١) پیتە بەم شێوەیەی خوارەوە:

بۆشایی نێوان قوڕگ و دەم: ٣ پیت.

قوڕگ: ٦ پیت.

زمان: ١٨ پیت.

هەردوو لێو: ٤ پیت[١].



---

[١] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٢١-١٢٢.

سیفەتی پیتەكان

(الصفات) كۆیە تاكەكەی (صفة)یە لە ڕووی زمانەوانیەوە **واتە:** ئەو واتایەی كە وەسفی شتێك دەكات وەكو بڵێی ئەو شتە سپیە یان ڕەشە.

لەڕووی (إصطلاحي)یەوە بریتیە لە شێوازێكی نەگۆڕ (ثابت) بۆ پیتەكە لەكاتی خوێندنەوەیدا **وەكو:** دەنگ نەرم كردن و نزم كردن و بەرزكردن، لەڕاستیدا سیفەتەكان وەكو پێوانەن بۆ پیتەكان، پیتی بەهێز لە لاواز جیادەكەنەوە **وەكو:** (ت) لە (ط) چونكە ئەگەر سیفەتی لكاندن (الإطباق) و جووڵاندن (قلقلة) نەبوایە لە یەكتر جیا نەدەكرانەوە.

بۆیە خستنە ڕووی سیفەتەكان شێوازی ڕاستی خوێندنەوەی پیتەكان دەردەخات وەكو ئەوەی ئایا دەنگ بەو پیتە درێژ دەبێتەوە یان نا.

زانینی ئەو سیفاتانە سێ سوودی هەیە:

یەكەم: جیاكردنەوەی ئەو پیتانەی كە مەخرەجی هاوبەشیان هەیە.

دووەم: ناسینی پیتی بەهێزولاواز، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا دروست تێهەلكێش (أدغام) كراوە یان نا دروست.

سێیەم: جوان خوێندنەوەی ئەو وشانەی كە مەخرەكانیان جیاوازن[١].

---

[١] بڕوانە: الدرر البهية / ٢٥.

جیاوازی زانایان سەبارەت بە ژمارەی سیفەتەكان

زانایان لەم بارەیەوە جیاوازیان لەنێواندایە، (إبن الجزري) و ئەوانەی پەیڕەوی لە بۆچوونەكەی دەكەن پێیان وایە كە (١٧) سیفەتن، بەلای هەندێ زانایانیشەوە (٢٠)ە یان (٣٤)ە یان (٤٤)ە بەلآم ئێمە لەم كتێبەدا ڕەچاوی بۆچوونی جومهوری زانایان دەكەین، كە (إبن الجزري)یش هەمان بۆچوونی هەیە لەوەی **كە سیفەتەكان بریتین لە (١٧) سیفەت و دەڵێن:**

سیفەتەكان دەبنە دوو بەشەوە:

١. سیفەتە خۆییەكان (الصفات الذاتية).

٢. سیفەتە توشهاتووەكان (الصفات العرضية).

سیفەتە خۆییەكان: ئەو سیفەتانەن كە هۆگرن بە پیتەكەوە و هەرگیز لێی جیانابنەوە **وەكو:** (قلقلة).

سیفەتە توشهاتووەكان: ئەو سیفەتانەن كە هەندێ جار لەگەڵ پیتەكەن و هەندێ جار لێی جیادەبنەوە **وەكو:** (تفخيم) و (ترقيق)، لێرەدا باسمان لەسەر بەشی یەكەمە، **كەئەویش دەبێتە دوو بەشەوە:**

١. ئەو سیفەتانەی كە دژیان هەیە.

٢. ئەو سیفەتانەی كە دژیان نیە.

سیفەتە دژە یەكترەكان بریتین لە:

(الجهر) دژەكەی (الهمس)ە.

(الرخاوة) دژەكەی (الشدة) و (التوسط)ە.

(الإستفال) دژەکەی (الإستعلاء)ە.

(الإنفتاح) دژەکەی (الإطباق)ە.

(الإصمات) دژەکەی (الإذلاق)ە.

سیفەتە بێ دژەکانیش بریتین لە:

(القلقلة) و (اللین) و (الإنحراف) و (التکریر) و (التفشي) و (الإستطالة)، دواتریش هەموو ئەم سیفەتانە باس دەکەین و واتاکانیان ڕوون دەکەینەوە (إن شاءالله)[1].

(إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێبێت بەباسکردنی سیفەتە بەناوبانگەکان دەست پێدەکات و **دەڵێت:**



[1] بڕوانە: الدرر البهیة / ٢٦.

سیفەتە دژ دارەكان

٢٠. صِفَاتُهَا جَهْرٌ وَرِخْـوٌ مُسْتَفِلْ   مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ وَالضِّدَّ قُـلْ

(صِفَاتُهَا) **واتە:** سیفەتە بەناوبانگەكانیان بریتین لە:

١. (جَهْرٌ) **واتە:** دەنگ بەرزی.

٢. (وَرِخْـوٌ) **واتە:** نەرمی.

٣. (مُسْتَفِلْ) **واتە:** نزم.

٤. (مُنْفَتِحٌ) **واتە:** كراوە.

٥. (مُصْمَتَةٌ) **واتە:** قورس.

(وَالضِّدَّ قُـلْ) **واتە:** باسی دژەكانیشیان بكە، كە **بریتین لە:**

٦. (الهمس) **واتە:** ئەسپایی.

٧. (الشدة) **واتە:** توند و بەهێز.

٨. (الإطباق) **واتە:** لكاندن.

٩. (الإذلاق) **واتە:** خێرایی.

پیتەكانی ئەسپایی و دەنگ بەرزی و توندی و نەرمی

٢١. مَهْمُوسُهَا (فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ) شَدِيْدُهَا لَفْظُ (أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ)

ئەمەش پوختەی واتاكانی ئەو سیفاتانەیە كە باسمانكرد:

(الهمس):

لەڕووی زمانەوانیەوە: دیارنەبوون و ئەسپایی.

لەڕووی زاراوەوە: دەرچوونی هەناسە لەكاتی دەربڕینی ئەو پیتانەی كە ئەم سیفەتەی تێدایە، بەهۆی لاوازی پشت بەستن بە مەخرەجەكەیەوە.

پیتەكانی: (١٠) پیتن كۆ كراونەتەوە لە وتەی (إبن الجزري) دا، (فحثه شخص سكت)[١].

تێبینیەكی گرنگ: خوێنەر ناتوانێت–ئەم سیفەتە–یان هەر سیفەتێكی تر– لە كتێبەكانەوە فێر بێت، بەڵكو پێویستە لە مامۆستای كارامەوە فێربێت، بەتایبەتی لەو مامۆستایانەی شارەزایی تەواویان هەیە لە شێوازی خوێندنەوەی قورئان و سەنەدی نە پچڕاویان هەیە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) [٢].

---

[١] بڕوانە: الميسر الفريد في علم التجويد / محمد فريد الجمل / ٨٠.

[٢] بڕوانە: الدرر البهية / ٢٧.

(الجهر):

لەڕووی زمانەوانیەوە: ئاشكراكردن.

لەڕووی زاراوەوە: دەرنەچوونی هەوا لە كاتی دەربڕینی پیتەكە، بەهۆی تەواو پشت بەستن بە مەخرەجەكەیەوە.

پیتەكانی: بریتین لە پیتەكانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتەكانی (الهمس) كۆكراوەتەوە لەم بڕگەیەدا (عظم وزن قاري ذي فض جد طلب) **واتە:** تای تەرازووەكەی قورسە ئەو كەسەی كە قورئان دەخوێنێت تەماشای حەرام ناكات و هەوڵ دەدات فێری زانست بێت[١].

(الشدة):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** بەهێزی.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** ڕێنەكردنی دەنگ و گیرانی لەكاتی دەربڕینی پیتەكە بەهۆی ئەوپەڕی پشت بەستن بە مەخرەجەكەیەوە.

پیتەكانی: بریتین لە (٨) پیت (إبن الجزري) لەم ڕستەیەدا كۆیكردوەتەوە، (أَجِـدْ قَـطٍ بَكَتْ).



[١] بروانە: الواضح في أحكام التجويد / د.عصام القضاة / ٤٥.

پیته مام ناوەند و بەرزەكان

٢٢. وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ (لِنْ عُمَرْ)   وَسَبْعُ عُلْوٍ (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ) حَصَرْ

(وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ) **واته:** لەنێوان پیته بەهێزەكان و پیته نزمەكاندا (٥) پیت هەیە لە (لِنْ عُمَرْ)دا كۆكراونەتەوە.

پیته مام ناوەندەكان

(التوسط):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واته:** مامناوەندی.

لەڕووی زاراوەوە: **واته:** دەنگ تێیاندا نەبەتەواوی دەگیرێت وەكو پیته بەهێزەكان و، نەبەتەواویش ڕێ دەكات وەكو پیته نەرمەكان هەندێ لە زانایانیش بە پیتەكانی (البينية) ناوی دەبەن.



پیتە نەرمەكان (الحروف الرخوة)

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** نەرمی.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** ڕێكردنی دەنگ لەكاتی دەربڕینی پیتەكە بەهۆی لاوازی پشت بەستن بە مەخرەجەكەی.

پیتەكانی (١٨) پیتن: (ث، ح، خ، ذ، ز، س، ش، ص، ض، ظ، غ، ف، هـ، و، ي، ا، و (مەددی)، ی (مەددی)).

پیتەكانی زمانی عەرەبی دابەشكراونەتە سەر ئەم سێ سیفەتە، پیتەكانی (أَجِـدْ قَـطٍ بَكَتْ) بە پیتە بەهێزەكان دەناسرێن و پیتەكانی (لِنْ عُمَرْ) بەپیتە مامناوەندەكان دەناسرێن و ئەوەشی لەو دوو جۆرە نەبێت بەپیتی نەرم دادەنرێت[١].

بۆنمونە– مامۆستا (أیمن سوید) **دەڵێت:**

لەكاتی دەربڕینی پیتی (ش) دەبینین دەنگی پیتەكە درێژ دەبێتەوە، (أششش) یان (أغغغ) بەڵام لە پیتێكی **وەكو:** (ب) بەهیچ شێوەیەك درێژ نابێتەوە (أبّ)، لەنێوان ئەم جۆرە پیتانەدا (لِنْ عُمَرْ)ی مامناوەند هەیە، **بۆنمونە:** پیتی (ع)

---

[١] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣١–١٣٢.

نە وەکو (ش) و (غ) درێژ دەبێتەوە، نە وەکو (ب) ڕادەوستێت، بەڵکو حاڵێتکە لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدایە[١].

(وَسَبْعُ عُلْوٍ) **واتە:** پیتە بەرزەکان (٧) پیتن.

(خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ) **واتە:** پیتە بەرزەکان کۆبونەتەوە لەم وشانەدا (حصر) تەنها لەم ڕستەدا کۆبوەتەوە و لەوە زیاتر نین.

(الإستعلاء):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** بەرزبوونەوە.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** ئاراستەی فشاری دەنگ لەکاتی دەربڕینی پیتەکە بەرەو سەرووی مەلاشوو لەگەڵ بەرز بوونەوەی بەشێك لە زمان بەرەو مەلاشوو.

پیتەکانی (الإستعلاء) **بریتین لە:** (خ، ص، ض، غ، ط، ق، ظ)، بەڵام پیتە بەرزەکان هەموو وەکو یەك نین لەبەرزیاندا بەڵکو **پێنج پلەیان هەیە:**

١. پیتی بەرز ئەگەر سەر (فتحة)ی هەبێت و پیتی (ا)ی بەدوادا بێت **وەکو:** (قال).

٢. پیتی بەرز ئەگەر سەر (فتحة)ی هەبێت و پیتی (ا)ی بەدوادا نەیەت **وەکو:** (قَدْ).

٣. پیتی بەرز کە بۆر (ضمة)ی لەسەر بێت **وەکو:** (يقولوا).

[١] لە یەکێك لەو وانانەی (د.أیمن)دا دەربارەی سیفەتی پیتەکان هاتووە لە کەناڵی (إقرأ).

٤. پیتی بەرز ئەگەر زەنندار (ساكن) بێت، **وەكو:** (يقطعون) و (يختصمون) و (نصبر).

٥. پیتی بەرز ئەگەر ژێر (كسرة)ی هەبێت، **وەكو:** (قيل)[١].

زۆربەی زمانیش لەكاتی دەربڕینی پیتی (ط) بەرز دەبێتەوە، پاشان (ص) و (ض) و (ظ) تاكو دەگاتە پیتی (ق) كەزمان كەمتر بۆ دەربڕینی بەرز دەبێتەوە، لەوەش كەمتر لە دەربڕینی هەردوو پیتی (خ) و (غ).

لەبەر ئەوەش ناونراوە (إستعلاء) چونكە دەنگەكە لە بەرزاییەوە دەردەچێت. (المرعشي) **دەڵێت:** لە پیتە بەرزەكاندا گرنگ ئەوەیە سەرووی زمان بەرز بێتەوە، ئیتر گرنگ نیە ئەودوای زمان بەرز بێتەوە یان نا[٢].

لەڕاستیدا یەكێك لە گرنگ ترین هۆكارەكانی جوان خوێندنەوەی قورئان ناسینی پیتە بەرزەكان و پایەكانیان و جێبەجێكردنیانە لەكاتی خوێندنەوەیاندا، ئەمەش بەهەمان شێوە مەسەلەیەك نیە لەكتێبەوە وەربگیردرێت، بەڵكو پێویستە لە مامۆستای لێهاتوو وەربگیردرێت.



[١] بڕوانە: النور المبين في تجويد القران الكريم / محاضرة د. أيمن سويد / ٢٢.
[٢] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣٢.

پیتە نزمەكان (حروف الإستفال)

(الإستفال):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە**: نزمی.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە**: نزم بوونەوەی زمان لەكاتی دەربڕینی پیتەكەو، بەرز نەبوونەوەی بەرەو ئاسمانەی دەم (مەلأشوو) لەو كاتەدا.

پیتەكانی: بریتین لە (٢٢) پیت، **واتە:** پیتەكانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتە بەرزەكان (ء – ب – ت – ث – ج – ح – د – ذ – ر – ز – س – ش – ع – ف – ك – ل – م – ن – هـ – و – ي – ا).

پێوەری جیاكردنەوەی پیتی بەرز و نزم

جیاكردنەوەی پیتی بەرز و نزم بە بەرزبوونەوەی زمان دەناسرێت لەكاتی دەربڕینی پیتەكەدا، لەگەڵ هەرپیتێكدا زمان بەرز بوویەوە ئەوا پیتێكی بەرزە، لەگەڵ هەرپیتێكدا زمان نزم بوویەوە ئەوا پیتێكی نزمە.

نموونەی پیتی بەرز : (أطّ) (أقّ) (أظّ) لە دەربڕینیاندا زمان بەرز دەبێتەوە.

نموونەی پیتی نزم: (أهـّ) (أشّ) (أتّ) لە دەربڕینیاندا زمان نزم دەبێتەوە.

پیتە نزمەكانیش بەهەمان شێوە پیوەرێكی زۆر گرنگن بۆ جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، بەتایبەتی لەكاتی یەكگرتنیان لەگەڵ پیتە بەرزەكاندا لە وشەیەكدا، **وەكو:** (مخمصة) و (أخذن)، فێربوونیشیان لەڕێگەی كتێبەوە نابێت بەڵكو دەبێت لەڕێگەی مامۆستای شارەزاوە بێت لەو بوارەدا.

واتای گشتی:

هەندێ لەپیتەكان سیفەتی نەرم (رخاوة)یان تێدایە و هەندێكیان سیفەتی بەهێزیان تێدایە، لەنێوان ئەو دوو جۆرەشدا هەندێ پیتی تر هەیە مام ناوەندن و پیتەكانی قەتیس بوونە لە ڕستەی (لِنْ عُمَرْ).

هەروەها لەناو پیتەكانی عەرەبیشدا (٧) پیتی بەرز هەن پێویستە لەكاتی دەربڕینیاندا بەشێك لە زمان بەرزبێتەوە بەرەو ئاسمانەی دەم.



پیتەكانی لكاندن (الإطباق)

٢٣. وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ مُطْبَقَهْ   وَ (فِرَّ مِنْ لُبِّ) الْحُرُوفِ الْمُذْلَقَهْ

(وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ مُطْبَقَهْ) **واتە:** ئەم چوار پیتە زمان یان بەشێك لە زمان لە كاتی دەربڕینیاندا دەلكێنە ئاسمانەی دەمەوە.

(الإطباق):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** لكاندن.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** لكاندنی زمان یان بەشێك لە زمان لە كاتی دەربڕینیاندا بە مەلاشووەوە و، لە كاتی دەربڕینیاندا بە شێوەیەك دەنگ پەنگ دەخواتەوە لەنێوانیاندا پیتەكانیشی بریتین لە (ص، ض، ط، ظ) زمانیش وەكویەك لەهەموو پیتەكاندا نالكێت بە مەلاشووەوە.

سوود: هەموو پیتێكی (إطباق) بەرزە، بەلاّم مەرج نیە هەموو پیتێكی بەرز زمان لەدەربڕینیاندا بلكێت بە مەلاشووەوە[١].

(الإنفتاح):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** جیابوونەوە.

---

[١] بڕوانە: الواضح في أحكام التجويد / د.عصام القضاة/٤٧.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** ئەو پیتانەیە كە لەكاتی دەربڕینیاندا زمان و مەڵاشوو لە یەكتر دوور دەكەونەوە تاكو هەوا لە نیوانیاندا دەربچێت[١].

(فِرَّ مِنْ لُبِّ) الحروف المذلقة:

واتە: پیتی خێرا (مذلق)، بریتین لەو پیتانەی خۆیان لە ڕستەی (فِرَّ مِنْ لُبِّ) دا دەبیننەوە **واتە:** (ف – ر – م – ن – ل – ب).

(**الإذلاق**):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** پەڕ یان لای شتێك.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** سووكی پیتەكە یان خێرایی دەربڕینی چونكە لە پێشەوەی زمان یان یەكێك لە لێوەكان یان لە هەردووكیانەوە دەردەچن، پیتەكانیشی وەكو باسمان كرد (٦) پیتن، هۆی ناونانیشی بە (إذلاق) ئەوەیە كە هەندێكیان لە پێشەوەی لێوەوە دەردەچێت[٢].

(**الإصمات**):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** قەدەغەكردن.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** قورسی پیتەكە لەكاتی دەربڕیندا، (الأخفش) **وتوویەتی:** ئەو كەسەی (صمت) بكات، **واتە:** خۆی لە قسەكردن قەدەغە كردووە، مەبەستیش لەوەیە كە ئەم پیتانە قەدەغەن لەوەی كە خۆیان بە تەنها وشەی چوار پیتی یان پینج پیتی پێكبهێنن، بەڵكو پێویستە پیتێكیان لەگەڵدا بێت لە پیتە

---

[١] بڕوانە: البرهان في تجويد القران / الصادق القمحاوي/ ١٧.
[٢] بڕوانە: الدرر البهية شرح المقدمة الجزرية / ٣١.

(مذلق)ەكان هەر بۆیە زانایان وتوویانە وشەی (عسجد) **واتە:** ئاڵتوون وشەیەكی عەرەبی نیە چونكە چوار پیتە و پیتی خێراشی لەگەڵدا نیە[1].

پیتەكانی: هەموو پیتەكانی زمانی عەرەبیە جگە لە پیتە خێراكان واتە (٢٣) پیتە كۆكراونەتەوە لەم ڕستەدا (جز غش ساخط صيد ثقة اذ وعظه يحضك)[2]. **واتە:** دووربە لە فرۆفێلی كەسێك كە ڕقی لە حەقە و بگەڕێ بەدوای كەسێكی متمانە پێكراو چونكە ئامۆژگاریەكانی هانت دەدەن بۆ چاكە.

واتای گشتی:

پیتەكانی لكاندن (الإطباق) چوار پیتن (ص، ض، ط، ظ).

پیتەكانی خێرایی (الإذلاق)یش شەش پیتن (ف – ر – م – ن – ل – ب).



---

[1] بڕوانە: المنح الفكرية في شرح المقدمة الجزرية / ملا علي القاري / ٧٢.
[2] بڕوانە: الميسر الفريد في علم التجويد / محمد فريد الجمل / ٨٣.

سیفەتە بێ دژەكان

٢٤. صَفِيرُهَا صَـادٌ وَزَايٌ سِيـنُ   قَلْقَلَةٌ (قُطْبُ جَـدٍّ) وَاللِّيـنُ

سیفەتی یەكەم (الصفیر)

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** دەنگێك وەكو دەنگی باڵندە بێت.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** دەنگێكی زیادە لە لێوەوە هاوكات لەگەڵ پیتەكانی (ص، س، ز) دەردەچێت، بەهێزترینی ئەم سێ پیتەش (ص)ە، چونكە هەردوو سیفەتی (الإستعلاء) و (الإطباق)ی تێدایە[1]، پاشان پیتی (ز) كە سیفەتی (جهر)ی تێدایە بەڵام پیتی (س) لەو دوو پیتە لاوازترە چونكە سیفەتی (همس)ی تێدایە.

سوود: زانایان فەرموویانە، پیتی (ص) لە دەنگی قاز دەچێت و پیتی (ز) لەدەنگی مێشەنگ دەچێت و پیتی (س) لە دەنگی كوللە دەچێت[2].

سیفەتی دووەم (القلقلة)

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** جووڵە.

---

[1] بڕوانە: البرهان في تجويد القران / الصادق القمحاوي/ ١٧.

[2] بڕوانە: نهاية المفيد في علم التجويد / ٥٣، بەوەرگرتن لە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر/١٣٥.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** درروست بوونی جووڵەیەك لە مەخرەجی پیتەکە لەکاتی دەربڕینیدا، ئەگەر پیتەکە ڕاوەستاو (ساکن) بێت دەنگێکی توندیش دەبیسترێت لەکاتی دەربڕینی پیتەکەدا[١].

پیتەکانی: (القلقلة) یان (لقلقلة) پێنج پیتی هەیە پیشەوا (إبن الجزري) کۆیکردووەتەوە لە وشەی (قُطْبُ جَدٍّ)، تێبینیش دەکرێت کە هەموو پیتەکانی سیفەتی (شدة) و (جهر) یان تێدایە.

بەشەکانی:

(قلقلة) دەبێتە سێ بەشەوە:

١. بەهێز ترین حاڵەتەکانی ئەوەیە پیتەکە شەددە دار بێت و لەکۆتایی وشەشدا هاتبێت **وەکو:** (الحقّ) و (تبّ) و (الحجّ)، ئەم حاڵەتەش قەلقەلەی گەورە (القلقلة الكبرى) ی پێدەوترێت.

٢. پیتەکە زەنندار (ساکن) بێت شەددەی نەبێت لەکاتی وەستان لەسەری **وەکو:** (قريب)، (مجيد)، (خلق) ئەم حاڵەتەش پێی دەوترێت قەلقەلەی مام ناوەند (القلقلة الوسطى).

٣. پیتی زەنندار لەناوەڕاستی وشەوە **وەکو:** (يدخلون)، (وجهها)، (يطبع) ئەم حاڵەتەش پێی دەوترێت قەلقەلەی بچوك (القلقلة الصغرى)[٢].

---

[١] بڕوانە: أحكام التجويد و التلاوة / محمود رأفت زلط /٦٢.

[٢] بڕوانە: الواضح في أحكام التجويد / د.عصام القضاة / ٤٩.

هەندێ لە زانا هاوچەرخەكان وەكو (عطية قابل نصر) پێی وایە كە (قلقلة) بەشی چوارەمیشی هەیە كاتێك پیتەكە بزواو (متحرك) بێت، لەو حاڵەتەشدا بنچینەی قەلقەلەی هەر تێدا دەمێنێت **وەكو:** (المتقين)[١].

(قلقلة) لەڕووی خودی پیتەكانەوە دەبێتە سێ ئاستەوە:

ئاستی یەكەم: لە پیتی (ط) (قلقلة) بەرزتر دەبێت لە پیتەكانی تر.

ئاستی دووەم: لە پیتی (ج) (قلقلة) مام ناوەند دەبێت.

ئاستی سێیەم: (قلقله) كەمتر دەبێت لەپیتەكانی (ق – ب – د).

دەربڕینی (قلقلة) چۆن دەبێت ؟

زانا و قورئان خوێنی پایە بەرز (محمود خليل الحصري) ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە كتێبی (أحكام قراءة القرآن) دا وتوویەتی: زانایان سەبارەت بە شێوازی دەربڕینی (قلقلة) جیاوازیان تێدایە، جومهوری زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن كە هەمیشە بەلای (فتحة)دا دەڕوات بەڕەهایی، ئیتر ئایا پیتی پێش خۆی بۆر(ضمة)ی **هەبێت وەكو:** (هلْ يُجْزون إلاّ ما كانوا يعملون)، یان سەر (فتحة)ی **هەبێت وەكو:** (فاولئك يدخلون الجنة) یان ژێر(كسرة) ی **هبێت وەكو:** (ولا تشطط).

هەندێكیش لە زانایان بۆچوونیان وایە دەربڕینی پیتی (قلقلة) بەپێی بزوێنی پیش خۆیەتی **واتە:** ئەگەر بۆری هەبێت ئەوا بەرەو بۆر دەخوێنرێتەوە، ئەگەریش سەر یان ژێری هەبێت ئەوا بەرەو لای ئەو دووانە دەڕوانێت، بەلاّم ئەوەی زۆرینەی

---

[١] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣٦.

مامۆستایانی ئەم هونەرەی لەسەرە ڕێڕەوی یەكەمە كە هەمیشە پیتی (قلقلة) بەرەو سەر دەڕوات.

وەكو لە هۆنراوەی یەكێك لە زانایان هاتووە:

وقلقلة قرب الى الفتح مطلقا ولا تتبعها بالذى قبل تقبلا

واتە: پیتەكانی (قلقلة) هەمیشە لە (فتحة) نزیك دەكرێنەوە، مەیانكە بە پاشكۆی پیتەكانی پێش خۆیان بۆئەوەی خوێندنەوەكەت پەسەند بێت.

مامۆستا (محمود على بسه)یش لەكتێبی (العميد) لاپەڕە ٦٤ **وتوویەتی:**

وتراوە كە (قلقلة) هەمیشە لە سەر نزیككراوەتەوە بەبێ تەماشاكردنی پیتەكانی پێش و پاش خۆی، منیش ئەم بۆچوونە پەسەند دەكەم و بە باشی دەزانم كاری پێ بكرێت[1].

واتای گشتی:

پیتەكانی (صفیر) بریتین لە (ص، ز، س) و پیتەكانی (قلقلة)ش بریتین لە (ق، ط، ب، ج، د).

سیفەتی سێیەم (اللين)

٢٥. وَاوٌ وَيَاءٌ سَكَنَا وَانْفَتَحَا قَبْلَهُمَا وَالانْحِرَافُ صُحِّحَا

(واللين) **واتە:** پیتەكانی لین بەبێ (مەددن)، (وْ) و (يْ) ئەگەر زەنندەدار (ساكن)بن و پیتی پێش خۆیان سەر(فتحة) ی هەبێت.

---

[1] بڕوانە: الدرر البهية / ٣٣.

پیناسەی (لین):

لەڕووی زمانەوانیەوە: **واتە:** ئاسانی، لووسی.

لەڕووی زاراوەوە: **واتە:** دەرکردنی پیتەکە لە مەخرەجەکەیەوە و بەئاسانی و بەبێ هیچ قورسیەك لەسەر زمان.

پیتەکانی: دوو پیتن (يْ – وْ) بەمەرجێ ڕاوەستاو(ساكن) بێت و پیتی پێشی خۆیان سەری هەبێت (مفتوح) بێت **وەکو:** (قَول) و (صَیف) و(خوف).

٢٦. فِي اللاَّمِ وَالرَّا وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ   وَلِلتَّفَشِّي الشِّيْنُ ضَادًا اسْتُطِلْ

پیتەکانی (إنحراف) و (تکرير) و (تفشی) و (استطالة) (والانحراف صححا **واتە:** جومهوری زانایان سیفەتی (الانحراف) یان بۆ هەردوو پیتی (ل) و (ر) جێگیر کردووە.

سیفەتی چوارەم (الإنحراف)

لە زمانەوانیدا: **واتە:** لادان.

لە زاراوەدا: لادانی پیتەکە لە مەخرەجەکەی.

پیتەکانی: (٢) پیتن (ل) و (ر).

لادان (الإنحراف) سیفەتێکی هۆگرە بۆ ئەو دوو پیتە، چونکە ئەو دوو پیتە لە مەخەرجی خۆیان دەرئەچن و دەگەنە مەخرەجی پیتێکی تر، (ل) لادەدا بۆ پێشەوەی زمان و (ر) یش لادەدا بۆ پشتی زمان[١].

---

[١] بڕوانە: السعود في قراءة عاصم بن ابي النجود / حامد العاني / ٨٩.

سیفەتی پێنجەم (التكریر)

لە زمانەوانیدا: **واتە:** دووبارە بوونەوە.

لە زاراوەدا: **واتە:** لەرینەوەی سەری زمان لەكاتی دەربڕینی پیتەكە، پیتەكەی تەنها پیتی (ر)ە.

(التكریر) سیفەتێكی وابەستەیە بە پیتی (ر)، چونكە ئەو پیتە ئامادەیە بۆ ئەو لەرینەوە بۆیە وریایی پێویستە لەكاتی دەربڕیندا، مەبەستیش لە باسكردنی ئەم سیفەتە خۆ لێ بەدوور گرتنێتی **واتە:** زێدە ڕەوی نەكردن تێیدا، دەركەوتنی ئەم سیفەتەش لە پیتی (ر) بەزۆری لەو كاتەدا دەردەكەوێت كە (شدة) دار بێت **وەكو:** (كرَّة) (مرَّة) بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر ئەو دووبارە بوونەوە بشارێتەوە و بواری دەركەوتنی نەدات، بەلأم شاردنەوەی (تكریر)یش بەو شێوەیە نیە كە سەری زمان بەهیچ شێوەیەك نەجوڵێتەوە، چونكە ئەوە دەبێتە هۆی پەنگ خواردنەوەی دەنگەكە لەنێوان سەری زمان و پوكدا **وەكو:** پیتی (ط)، ئەمەش هەڵەیەكە بواری پێ نەدراوە، بەڵكو پیویستە یەكجار سەری زمان بجولێتەوە بەسووكی بۆئەوەی سیفەتەكە بێتەدی[1،2].

---

[1] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣٧.

[2] كەواتە پێویستە سیفەتی (تكریر) **واتە:** لەرینەوەی سەر زمان بێتەدی هاوكات لەگەڵ خۆپاراستن لە (تكرار). ((م.دلێر گەرمیانی))

چۆن لە دووبارەبوونەوەی پیتی (ر) خۆمان بپارێزین؟

رێگە چارەی رزگاربوون لەو هەڵەیە ئەوەیە خوێنەر پشتی زمانی بلكێنێ بە مەلأشوویەوە بەشێوەیەك كە رێگە نەدات زمان زۆر بجوڵێتەوە[١].

سیفەتی شەشەم (التفشي)

لە زمانەوانیدا: **واتە:** بلأوبوونەوە.

لە زاراوەدا: **واتە:** بلأوبوونەوەی هەوا لە ناو دەمدا لەكاتی دەربڕینی پیتی (ش) هۆی ناونانیشی بە (متفشي) بلأوبوونەوەی هەوایە لەناو دەمدا كە مەخرەجەكەشی دەگاتە مەخرەجی (ظ) **بۆنمونە:** (مما علمت رشدا)[٢].

ئەم سیفەتەش وەكو زۆرێك لە سیفەتەكانی تر ئاسان نی یە لەرِێگەوە كتێبەوە لێی تێبگەی بەڵكو فێربوونی پێویستە لەلای مامۆستا بێت.

سیفەتی حەوتەم (الإستطالة)

لە زمانەوانیدا: **واتە:** درێژبوونەوە.

لە زاراوەدا: **واتە:** درێژبوونەوەی دەنگ لەسەرەتای قەراغی لایەك لە زمانەوە تاكو كۆتاییەكەی.

پیتەكەی: ئەم سیفەتەش تەنها لە پیتی (ض) هەیە.

ووریاكردنەوە: (إبن الجزري) لە كتێبی (النشر في القراءات العشر) **فەرموویەتی:**

---

[١] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣٨.

[٢] بڕوانە: الجامع في تجويد قراءة القران الكريم / كامل المسيري / ١٤٩.

(ض) تاکە پیتێکە کە سیفەتی درێژ بوونەوەی تێدایە، هیچ پیتێکیش نیە ئەوەندەی (ض) قورس بێت لەسەر زمان، خەڵکیش لەشێوازی دەربڕینیدا هەمەجۆرن و کەم کەسیش بەباشی و دروستی دەریدەبڕێت، هەندێ وەکو (ظ) دەریدەبڕن و، هەندێ لەگەڵ پیتی (ذ) تێکەڵی دەکەن و،هەندێ دەیکەن بە (ل)ێکی قەڵەو و، هەندێکیش وەکو پیتی (ز)ی لێدەکەن و، هەموو ئەوانەش نادروستن[1].

سوود: دەنگ بە پیتی (ض) درێژ دەبێتەوە، بەڵام ناگاتە ئاستی درێژ بوونەوەی پیتی مەدد، چونکە (ض) لەمەخرەجی خۆیدا درێژ دەبێتەوە سنووری مەخرەجەکە نابەزێنێ.

بەڵام پیتی مەدد مەخرەجێکی دیاری کراوی نیە، بەڵکو دەنگی بە نەمانی هەناسە دەبڕێتەوە[2].

زانیاری: پیتی (ض) تەنها لە زمانی عەرەبیدا هەیە، هەربۆیە بە زمانی عەرەبی **دەوترێت:** (لغة الضاد).

بەڵام فەرموودەی (انا افصح من نطق الضاد) بنەمایەکی ڕاستی نیە، **وەکو:** (إبن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا (١/٥٤) باسی کردووە.

---

[1] بڕوانە: السعود في قراءة عاصم بن ابي النجود / حامد العاني / ٩٠-٩١.

[2] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد/ عطية قابل نصر / ١٣٨، المنح الفكرية شرح المقدمة الجزرية / ملا علي القاري / ٧٦.

چۆن جیاوازی بكەین لە نێوان (ض) و (ظ) دا ؟

هەندێ كەس پیتی (ض) وەكو پیتی (ظ) دەردەكەن، لەڕاستیشدا ئەم دوو پیتە لەڕووی مەخرەج و سیفەتەوە جیاوازیان لەنێواندایە. مەخرەجی (ض) یەكێكە لە قەراغەكانی زمان و، ئەو ددانانەی تەنیشتی لەلای سەرەوە، بەڵام مەخرەجی (ظ) لەپشتی سەرەتای زمانەوەیە لەگەڵ پێشەوەی ددانەكانی سەرەوە، ئەمەش جیاوازیەكی زۆرە لە نێوانیاندا لەڕووی سیفەتیشەوە هەردوو پیتەكە لە پێنج سیفەتدا هاوبەشن، كە بریتین لە سیفەتەكانی (الجهر) و (الرخاوة) و (الإستعلاء) و (الإطباق) و (الإصمات) بەڵام پیتی (ض) تاك دەبێتەوە بەسیفەتی (الإستطالة)، بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر ئەم دوو پیتە لە یەكتر جیا بكاتەوە، بە شێوەیەك درێژبوونەوەی پیتەكە ببیسترێت.

مامۆستا (حسني شیخ عثمان) لە كتێبی (حق التلاوة) لاپەڕە١٩٣ **فەرموویەتی:**

دەربڕینی پیتی (ض) وەكو پیتی (ظ) ئەگەر بوارێكی تێدا بێت چاوپۆشی لە كەسی نەخوێنەوارو نا شارەزا بكرێت، هیچ بوارێكی تێدا نیە بۆ كەسێك كە توانای ڕاهێنانی زمانی هەبێت لەسەر دەربڕینی ئەو پیتە بەشێوەیەكی ڕاست و دروست و بێ تێكەڵبون لەگەڵ پیتی (ظ)، چونكە ئەو كارە نوێژ بەتاڵ دەكاتەوە، ئەگەر واتایەكی نادروست بگەیەنێت جیاواز لەوەی خوای گەورە ویستوویەتی وەكو ئەو كەسەی (الضالّین) لە سورەتی (الفاتحة) بە (الظالین) دەخوێنێتەوە و، یان (ضل

من تدعون) بە (ظل من تدعون) دەخوێنێتەوە، چونكە ئاشكرایە كە (ضل) واتای گومڕابوون دەگەیەنێت و، (ظل) بەردەوام بوون ومانەوە[١].

بابەتی (التجويد)

لەڕاستیدا توێژینەوەی جێگەی دەرچوون و سیفەتی پیتەكان بە تەنها بەس نیە بۆ ئەوەی فێرخواز كارامە بكات لە دەربڕین و جوان خوێندنەوەی وشەكانی قورئان، چونكە یەكگرتنی پیتەكان پێكەوە كاریگەرییان لەسەر یەكتر هەیە، لەوانەشە كەسێك بتوانێت پیتەكان بەجوانی دەربڕێت كاتێك تەنها بن، بەڵام لەكاتی پێكەوە بوونیان لە وشەیەكدا ئەوەی پێ ئەنجام نەدرێت. لەڕووناكی ئەم ڕاستیەشدا (الحسن بن قاسم المرادي) پێی وایە كە **تەجویدی قورئان لەسەر چوار مەسەلە بونیات نراوە:**

١. ناسینی مەخرەجی پیتەكان.

٢. ناسینی سیفەتەكانیان.

٣. زانینی ئەو حوكمانەی درووست دەبن لەئەنجامی پێكەوە بوونیان.

٤. ڕاهێنانی زمان و زۆر دوبارە كردنەوەی، بنچینەی هەموو ئەو مەسەلانەش ئەوەیە فێرخواز لەسەر دەستی مامۆستای كارامە فێری قورئان ببێت[٢]، هەربۆیە كاتێك (إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێبێت تەواو

---

[١] بڕوانە: حق التلاوة / حسني شيخ عثمان / ١٩٣ و بەوەرگرتن لە كتێبی (الدرر البهية)/٣٨.
[٢] بڕوانە: الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية / غانم قدوري الحمد/٢٧.

بوو لە باسكردنی مەخرەج و سیفەتی پیتەكان، دەستی كردە باسكردنی ئەو مەسەلانەی لە دوای ئەوە پێویستن و **فەرمووی:**

٢٧. وَالأَخْذُ بِالتَّجْوِيدِ حَتْمٌ لازِمُ   مَنْ لَمْ يُجَوِّدِ الْقُرَآنَ آثِمُ

٢٨. لأَنَّهُ بِهِ الإِلَهُ أَنْزَلا   وَهَكَذَا مِنْهُ إِلَيْنَا وَصَلا

(الاخذ بالتجويد) بایەخدان و كاركردن بە تەجوید (حتم لازم) زۆر گرنگە بۆ خوێنەری قورئان، پێویستە بیزانێ.

(من لم يجود القران آثم) هەركێ قورئان بە پێی بنەماكانی تەجوید نەخوێنێتەوە گوناهبارە.

(لانه به اله انزلا) **واتە:** چونكە خوای گەورە بەتەجویدەوە دایبەزاندووە، خوای گەورە **فەرموویەتی:** (ورتل القران ترتيلا)[1].

واتە: لەسەر خۆ و بەجوانی پیت و بزوێنەكانی بخوێنێتەوە، جەختیشی لەسەر مەسەلەكە كردووە بە وشەی (ترتيلا)[2].

(عبد الدائم الأزهري) **وتوویەتی:**

وەكو ئەوەی كەسێك پرسیاری لە (إبن الجزري) كردبێت: لەكوێوە دەزانین كە تەجوید پێویستە لەسەرمان و، واجبە فێری بین و، كەمتەرخەم تیایدا گوناهبارەو،

[1] بڕوانە: سورەتی المزمل /ئایەتی (٤).
[2] بڕوانە: نور الفلاح في تجويد كلام اللة الفتاح .

بەڵگە چیە لەسەر هەموو ئەوانە و ڕێگەی فێربوونیشیان چۆنە؟ دانەریش لە وەڵامدا وتبێتی: (لانه به اله انزلا) **واتە:** مەسەلەکە ئەوەیە خوای گەورە ئەو قورئانەی بە تەجویدەوە دابەزاندووە و **فەرموویەتی:** (ورتل القران ترتيلا) [١].

(وهكذا منة الينا وصلا) **واتە:** لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێك، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك، بە (تواتر) پێمانگەیشتووە، لە ڕێگەی هاوەڵانەوە، ئەوانیش لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) لە ڕێگەی جبریل (علیه سلام)ەوە، ئەویش لە پەروەردگاری مەزنەوە) [٢].



[١] بڕوانە: الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية / غانم قدوري الحمد/٥٧.

[٢] بڕوانە: اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / محمود محمد العبد .

پێناسەی (تجوید)

لە زمانەوانیدا **واتە:** چاككردن، دەوترێت (هذا شيء جيد) **واتە:** ئەوە شتێكی چاكە.

لە زاراوەدا: **واتە:** شارەزابوون و كارامەیی لە خوێندنەوەی قورئاندا بەبێ زیادوكەم)[1].

یان بایەخدان بە هەموو پیتێك لە ڕووی جێگیری دەرچوون و سیفەت و مینگە و، درێژكردنەوە و بچوك و گەورە كردنەوە و...هتد)[2].

ئامانج چیە لە شارەزابوون لە زانستی تجوید:

١- پاراستنی زمان لە هەڵەكردن لە قورئانی پیرۆز، زانایانیش هەرلەكۆنەوە هەڵەكردنیان لە قورئاندا بە (لحن) ناو بردووە **واتە:** لادان لە ڕاستی.

(لحن) لە قورئاندا دووجۆرە:

یەكەم: (لحن)ی ئاشكرا، ئەویش **حەوت شێوەی هەیە:**

١- گۆڕینی پیتێك بە پیتێكی تر.

٢- زەنندار (ساكن) كردنی پیتی بزواو (متحرك).

٣- جوڵاندنەوەی (تحريك)ی زەنندار (ساكن).

---

[1] پێناسەی (خالد الازهری) بۆ (تجوید) لە: جامع شرح المقدمة الجزرية / ٤٥ .

[2] بۆ ئەم پێناسەیە بڕوانە: النشر في القراءات العشر / ١٦٨ . الجامع في تجويد قراءة القران الكريم/١٥، زۆرێك لە سەرچاوەكانیش هەر هەمان پێناسەیان كردووە .

٤- درێژكردنەوەی پیت كە پیتێكی تری لێوە دروست بێت.

٥- نەهێشتنی مەددی پیتەكان.

٦-سووككردنەوەی پیتی (شدة)دار.

٧-(شدة) داركردنی پیتی سووك.

دووەم: (لحن)ی نادیار:

ئەم جۆرە هەڵەكردنە پەیوەندی هەیە بەیاساكانی تەجویدەوە وەكو تێهەڵكێشانی ئەوەی تێهەڵكێش ناكرێت، یان ڕاوەستان لەسەر (ت)ی بزواو بە (ه)و هەڵەی لەوجۆرە، **بۆنموونە:** دەرنەخستنی (همس) لە (ت – ح – ف) یان جیانەكردنەوەی پلەكانی بەرزكردنەوەی پیتی بەرز.

ئەم جۆرەش بۆیە ناونراوە هەڵەی نادیار یان شاراوە، چونكە شارەزایانی قورئان خوێندن نەبێت كەسی تر پێی نازانێ.

(البركوي) لە (احكام تلاوة القران الكريم) لە لاپەڕە (٣٦) **دەڵێت:**

(هەموو ئەو جۆرە هەڵانە حەرامن، چونكە ئەگەر چی كاریگەرییان نییە لەسەر واتای ئایەتەكە، بەڵام كاریگەرییان هەیە لەسەر خودی وشەكە و، ڕەونەق و جوانی پیتەكە لەكەدار دەكات)[١].

---

[١] بڕوانە: اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / ٤ – ٤١ .

حوکمی فێربوونی زانستی تەجوید لەشەرعدا:

زۆربەی زانایان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فێربوونی ئەم زانستە فەرزی کفایەیە، ئەگەر کەسانێك پێی هەڵسن ئەوەکانی تر گوناهبار نابن، بەڵام ئەگەر کەسێ پێی هەڵنەسێت هەموویان گوناهبار دەبن، کارپێکردنیشی واتە جێبەجێکردنی یاساکانی لە کاتی خوێندنەوەی قورئان (فرض عین)ە. لەسەر هەموو موسڵمانێکی پێگەیشتوو (بالغ) با لەڕووی یاساو حوکمەکانیشەوە لێیان شارەزانەبێت[١].

مەسەلەیەکی گرنگ:

دووشێواز هەیە بۆ فێربوونی ئەم زانستە:

١- گوێگرتنی قووتابی بۆ خوێندنەوەی مامۆستا.

٢- خوێندنەوەی قوتابی لەبەردەستی مامۆستا[٢].

زانای پایەبەرز (ملا علی القاري) لە لێکدانەوەکەیدا بۆ هۆنراوەی (الجزرية) ڕێگەی دووەمی پێ باشترە، بەڵام زۆرێك لە زانا هاوچەرخەکان کۆکردنەوەیان پێ باشە لە نێوان هەردوو شێوازەکەدا[٣].

سوود: ئەم زانستە بەهیچ شێوەیەك لە ڕێگەی کتێبەوە بە تەواوەتی لێی شارەزانابێت، بەڵکو پێویستە مامۆستایەك هەبێت بۆ فێربوونی.

---

[١] بڕوانە: الميسر الفريد في علم التجويد / محمد فريد الجمل / ٢٧، احكام التجويد والتلاوة / محمود رأفت الزلط / ٥ .

[٢] بڕوانە: الواضح في احكام التجويد / ١١.

[٣] بڕوانە: الميسر الفريد / ٥٤.

واتای گشتی كۆپلەی (٢٧ – ٢٨):

كاركردن بە زانستی تەجوید بۆ قوتابی قورئان پێویستە و جەختی لەسەر كراوە، چونكەهەركەسێك قورئان بەبێ تەجوید بخوێنێتەوە گوناهبارە، لەبەرئەوەی خوای گەورە خۆی بەم شێوە دایبەزاندووە، سەدە بە سەدە و دەستە بە دەستە ودەست بە دەستیش بە ئێمە گەیشتووە.



جۆرەكانی خوێندنەوەی قورئان

٢٩. وَهُوَ أَيضًا حِلْيةُ التّلاوَةِ وَزِيْنَـةُ الأَدَاءِ وَالْقِـرَاءَةِ

(وَهُوَ) **واتە:** تەجویدكردنی قورئان.

(حِلْيةُ التّلاوَةِ) **واتە:** جوانی خوێندنەوە.

(وَزِيْنَـةُ الأَدَاءِ وَالْقِـرَاءَةِ) **واتە:** ڕازاندنەوەی بە جێهێنانی قورئان و خوێندنەوەی.

أ- (التّلاوَةِ) **واتە:** خوێندنەوەی قورئان بە دوای یەكدا بەرێك و پێكی بەپێی ئەو دابەشكردنانەی لە قورئاندا هەیە.

ب- (الأَدَاءِ) **واتە:** فێربوونی قورئان لە مامۆستایانەوە.

ت- (الْقِـرَاءَةِ) بە هەردوو حاڵەتی پێشوو دەوترێت و لەوان گشتگیرترە[١].



[١] بڕوانە: الدرر البهية / ٤٠ .

پایەکانی قورئان خوێندن

زانایان دەفەرموون: (خوێندنەوەی قورئان سێ پایەی هەیە):

أ- (التحقیق)[١] **واتە:** خوێندنەوەی قورئان بە هێمنی و لەسەر خۆیی، لە گەڵ تێگەیشتنی واتاکان و چاودێریکردنی یاساکانی تەجوید، ئەم شێوە خوێندنەوە گونجاوە بۆ کەسانی سەرەتایی کە دەیانەوێت فێری قورئان خوێندنەوە بن، بۆ ئەوەی ڕابێن لەسەری.

ب- (الحدر) **واتە:** پەلە کردن لە خوێندنەوەی قورئان هاوکات پارێزگاری کردن لە بنچینەکانی تەجوید و ڕەچاوکردنیان.

ت- (التدویر) خوێندنەوەی قورئان بەشێوەیەکی مام ناوەند لە نێوان حاڵەتی یەکەم و دووەمدا، هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی یاساکانی تەجوید[٢].

واتای گشتی:

هەروەها تەجوید جوانی و ڕازاندنەوەیە بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

---

[١] هەندێك لە زانایان لە جیاتی (التحقیق) (الترتیل) بەکاردەهێنن .

[٢] بڕوانە: الواضح في احکام التجوید / د.محمد عصام القضاة /١٠ .

٣٠. وَهُوَ إِعْطَاءُ الْحُرُوفِ حَقَّهَا   مِـنْ صِـفَةٍ لَهَا وَمُسْتَحَقَّهَا

(وَهُوَ) **واتە:** تەجوید.

(حَقَّهَا) **واتە:** لەو سیفەتە هۆگرانەی لەگەڵ پیتەکاندایە **وەکو:** (همس) و (جهر) و (شدة) و (رخاوة) لەو سیفەتانەی کە باسمان کرد.

(مُسْتَحَقَّهَا) ئەوەی کە لە ئەنجامی بەجێهێنانی سیفەتەکانەوە دروست دەبن، **وەکو:** ناسککردنەوەی پیتی نزم و، قەڵەو کردنی پیتی بەرز و شتی لەو شێوەیە.

واتای گشتی:

هەروەها تەجوید بریتیە لەوەی مافی پیتەکان بدرێت وەکو سیفەتە هۆگرەکانیان و، ئەوەش کە دروست دەبێت لە جێبەجێکردنی سیفەتەکانەوە، وەکو بچوك کردن و گەورە کردنەوەی پیتەکان.

٣١. وَرَدُّ كُـلِّ وَاحِـدٍ لأَصْلِـهِ   وَاللَّفْظُ فِـي نَظِيْرِهِ كَمِثْلِهِ

(رَدُّ) **واتە:** گێڕانەوەی هەموو پیتێك بۆ جێگەی دەرچونی سەرەکی خۆی.

(وَاللَّفْظُ فِـي نَظِيْرِهِ) **واتە:** دەربڕینی پیتێکی هاوشێوەی ئەو پیتە لە شوێنێکی تر، ئەگەر دووبارە بووەوە.

(كَمِثْلِهِ) هەر وەکو دەربڕینێتی یەکەم جار.

واتای گشتی:

هەروەها تەجوید واتای ئەوە دەگەیەنێ كە هەموو پیتێك بگێردرێتەوە بۆ مەخرەجی سەرەكی خۆی، ئەگەر پیتێكی تریش هەبو لە جێگەیەكی تر وەكو ئەو پیتە ئەویش بە بێ زیاد و كەم هەمان شێوازی لەسەر جێبەجێ دەكرێت.

٣٢. مُكَمّلاً مِنْ غَيْرِ مَا تَكَلُّفِ   بِاللُّطْفِ فِي النُّطْقِ بِلاَ تَعَسُّفِ

(مُكَمّلاً) **واتە:** لە حاڵەتێكدا كە ویستت بە تەواوی قورئان بخوێنیتەوە.

(مِنْ غَيْرِ مَا تَكَلُّفِ) **واتە:** بەبێ زۆر لە خۆكردن لە كاتی خوێندندا.

(بِاللُّطْفِ) **واتە:** دەربڕینی پیتەكان بە هێمنی و ئاسانی و، بە بێ سنور بەزاندن و بێ زێدەڕەوی و كەمتەرخەمی.

(مَا) بۆ زیاتر جەخت كردنەوەیە.

واتای گشتی:

لەكاتی دەربڕینی پیت و وشەكانی قورئانی پیرۆزدا، پێویستە بە تەواوی بەبێ زیادەڕەوی ئەو سیفەتانەی باسمانكرد جێ بەجێ بكرێت.

چەند نمونەیەك لە زێدەڕەوی لەكاتی خوێندنەوەی قورئاندا

(إبن الجزري) لە كتێبی (النشر في القراءات العشر)لە لاپەڕە ١٦٩ **دەفەرموێت:**

(وليس التجويد بتمظيغ اللسان ولا بتقعير الفم ولا بتعويج الفك و لا بترعيد الصوت ولا بتمطيط الشد ولا بتقطيع المد ولا بتطنين الغنات ولا بحصرمة الراءات).

تەجوید بریتی نیە لە:

(تمظيغ اللسان) **واتە:** قورئان دەخوێنێ و دەڵێی پاروێکی لە دەمدایە.

(تقعير الفم) **واتە:** فشار خستنە سەر گەروو لەکاتی خوێندنەوەدا، **واتە:** هەموو پیتەکان وەکو پیتی (ع) دەردەکات (تعويج الفك) **واتە:** لارکردنەوەی پیتەکان یان لارکردنەوەی شەویلگەی لەکاتی خوێندندا.

(ترعيد الصوت) لەراندنەوەی دەنگ و، واپیشاندات کە خوێنەر لە ترسی خوا دەگرێت و دەنگی دەلەرزێ واتە وا دەردەکەوێت حاڵەتێکی دروست کراوە[١].

(تمطيط الشد) **واتە:** درێژکردنەوەی ئەو پیتانەی (شدة)دارن و درێژ کردنەوەیان تێدا نیە **بۆنمونە:** (اعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

(تقطيع المد) **واتە:** بڕبڕکردنی پیتی مەدد، **وەکو:** (يـاااأيها الذين امنووو).

(تطنين الغنات) **واتە:** بڕبڕکردنی (غنة) مینگە لە پیتەکانی (غنة) دا **وەکو:** (مننن الجنننة والنننناس).

(بحصرمة الراءات) **واتە:** ڕاگرتنی هەناسە بە تەواوی لەکاتی دەربڕینی پیتی (ر) و ڕێگەنەدان بە دەرکردنی سیفەتی (بينية) تێیدا.

[١] زۆر گریان لەکاتی قورئان خوێندندا، بەتایبەتی ئەگەر خوێنەرەکە بەزۆر خۆی بگرێنی، دوو مەترسی لێ چاوەڕوان دەکرێت: یەکەم مافنەدانی پیتەکان و شێواندنی ئایەتەکان، دووەمیش خوێنەرەکە بەزمانی حاڵ **دەڵێت:** من زۆر لە خوا دەترسم دەگریم لە قورئان خوێندندا، مەگەر گریانێك بەدەستی خۆت نەبێت، بۆیە ئەگەر چی هەندێ بەڵگە و شوێنەوار هاتووە دەربارەی گریان لەژ قورئاندا، بەڵام لەم ڕۆژگارەی خۆماندا بەدوور نیە لە مەترسی ڕوپامایی (والله أعلم).

هەموو ئەم نمونانەش مامۆستا (أيمن سويد) لە یەكێك لە وانەكانی لە كەناڵی (اقرأ)ی ئاسمانی باسی كردووە و، هەڵەكانی بەرجەستە كردووە بە نمونە بۆ ئەوەی خوێنەران خۆیانی لێ بە دوور بگرن.



ڕێگەی فێربوونی تەجوید

٣٣. وَلَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ تَرْكِهِ   إِلَّا رِيَاضَـةُ امْـرِئٍ بِفَكِّـهِ

(بَيْنَهُ) لە نێوان تەجوید و

(تَرْكِهِ) لە نێوان لێدوورکەوتنەوەی

(رِيَاضَـةُ) بەردەوامبوونی

(امْـرِئٍ) کەسێکە لە ڕاهێنان

(بِفَكِّـهِ) بە شەویلگەی **واتە:** دەمی.

(طاش كبري زادة) **فەرموویەتی:** دانەر ڕەحمەتی خوای لێبێت وەکو ئەوەی هەستی کردبێت ئەم هەموو بابەتانە قورس بێت لەسەر فێرخوازان و تووشی سەرسام بوونیان بهێنێت بۆیە **فەرموویەتی:** جیاوازی نێوان شارەزاو نەشارەزا لە تەجوید هەرئەوەیە ڕاهێنان بە دەمی بکات و گوێ لە مامۆستایانی قورئان بگرێت، تاکو لێهاتوویی بەدەست بهێنێت[١].

---

[١] بڕوانە: شرح المقدمة الجزرية / طاش كبري زادة / ١١٩، بەوەرگرتن لە کتێبی الشرح الوجيز / ٦٠.

واتای گشتی:

(إبن الجزري) لێرەدا ئامۆژگاریمان دەكات بەردەوام بین لەسەر خۆ ڕاهێنان لەسەر چاك خوێندن و جوان خوێندنەوەی قورئان، چونكە ئەگەر بۆ ماوەیەك فەراموش بكرێت بە جێهێنانی یاساكان بیر دەچنەوە، واتای كۆپلەكەش بە كورتی: (لە نێوان تەجوید و نەمانی هەر ئەوەیە كەسێك بەردەوام بێت لەسەر خۆ ڕاهێنان لەسەر قورئان خوێندنەوە بەشێوەیەكی جوان)[١].



[١] بڕوانە: اللمعة البدرية / ٤٢، الدرر البهية / ٤٢ .

بابەتی بچوككردنەوە

بچوككردنەوەی پیتە نزمەكان

لەم بەشەی هۆنراوەكەیدا (إبن الجزري) ڕەحمەتی خوای لێبێت باسی هەندێ بنەما و یاسای پەیوەندی دارمان بۆ دەكات بە تەجویدەوە، كە لە سیفەتەكانەوە سەرچاوە دەگرێت و **دەفەرموێت:**

٣٤. فَرَقِّقَنْ مُسْتَفِلاً مِنْ أَحْرُفِ   وَحَاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الأَلِفِ

(فَرَقِّقَنْ مُسْتَفِلاً مِنْ أَحْرُفِ) **واتە:** پیتە نزمەكان بچوككەرەوە.

(وَحَاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الأَلِفِ) **واتە:** وریاش بە لەوەی پیتی ئەلیف (ا) گەورە بكەیتەوە.

پێناسەی (الترقيق):

لە زمانەوانیدا: لە (الرقة)ەوە هاتوە، **واتە:** لاوازی.

لە زاراوەدا **واتە:** بچوككردنەوەی پیت بە بچوككردنەوەی لە مەخرەج و لاوازكردنی لە سیفەتدا.

پێناسەی (التفخيم):

لە زمانەوانیدا **واتە:** گەورە كردن.

له زاراوەدا **واتە:** گەورە کردنی پیت بە قەڵەوکردنی لە مەخرەج و، بە هێز کردنی لە سیفەتدا.

لەم کۆپلەیەدا (إبن الجزري) باسی هەندێ یاسای گرنگمان بۆ دەکات سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی قورئان خوێندن. پێویستە لەسەر خوێنەر ڕەچاویان بکات، **بۆنمونە:** پیتە نزمەکان واتە پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتە بەرزەکان هەموو بە بچوکی دەخوێنرێتەوە مەگەر لە حاڵەتێکد ڕیوایەت هەبێت وەکو گەورە کردنەوەی لام لە هەندێ حاڵەتدا. هەروەها هۆشیارمان دەکاتەوە لە گەورە کردنەوەی پیتی ئەلیف (ا)، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و، لەم ڕۆژگارەدا زۆر بڵاو بوەتەوە و، لە بنچینەشدا لە عەجەمەکانەوە ئەم عادەتە پەیدا بوە)[١].

٣٥. كَهَمْزِ أَلْحَمْدُ أَعُوذُ إِهْدِنَا   أَللَّهُ ثُمَّ لاَمِ لِلَّهِ لَنَا

زانای پایە بەرز (خالد الازهري) **دەڵێت:**

لێرەدا (إبن الجزري) هۆشیاری دەدات کە پیتی (ء) **هەمزە لە چوار جێگەدا بچوك دەکرێتەوە.**

یەکەم: کاتێك بە تەنیشتی پیتی (ح)ەوە بێت، **وەکو:** (الحمد الله رب العالمين)

ئەگەر کەسێك بڵێت: لێرەدا هەمزەکە بە تەنیشتی لامەوەیە نەك (ح) **دەڵێم:** قسەکەت تەواوە بەڵام لەبەر ئەوەی پیتی (ل) زەنندارە وەکو ئەوەیە بوونی نەبێت.

---

[١] بڕوانە: جامع شروح المقدمة الجزرية في علم التجويد/ خالد الازهري و زكريا الانصاري .

دووەم: لە لای پیتی (ع)، **وەكو:** (اعوذ بالله).

سێ یەم: لە لای پیتی (هـ)، **وەكو:** (أهدنا الصراط).

چوارەم: لەلای پیتی لامی ناساندنی گەورە. **وەكو:** (الله الذي) لە پاش ئەوەش فەرمانی كردووە بە بچوككردنەوەی پیتی لام لە وشەی مەزنی (لله) و، جەختیش دەكاتەوە لەسەر دەرخستنی پیتی (ل) لە وشەی (لنا) بە هۆی نونەكەی دوای خۆی[1].

٣٦. وَلْيَتَلَطَّفْ وَعَلَى اللَّهِ وَلَا الضْ   وَالْمِيمِ مِنْ مَخْمَصَةٍ وَمِنْ مَرَضْ

واتە: پێویستە خوێنەر وریا بێت و پیتی (ل) **واتە:** لامی دووەم لە وشەی (وَلْيَتَلَطَّفْ) بچوككاتەوە، چونكە بە تەنیشت پیتی (ط)ە، كە پیتێكی بە هێزە و كارێگەری هەیە لەسەر پیتی (ل)ی تەنیشتی.

هەروەها پێویستە لامی یەكەم لە وشەی (وعلى الله) و (ولا الضآلين) بچوك بكرێتەوە، چونكە ئەو پیتە گەورانەی پاش خۆیان كاریگەرییان هەیە لەسەر یان.

هەروەها جەخت دەكاتەوە لەسەر بچوككردنەوەی پیتی (م) لە وشەی (مَخْمَصَةٍ)، چونكە زۆربەی خوێنەران لەو پیتەدا هەڵە دەكەن بە هۆی گەورەیی پیتی (خ) ئەوەش هەڵەیەكی نادروستە)[2]، بەهەمان شێوە پێویستە خوێنەر

---

[1] بروانە: اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / ٤٣ .
[2] بروانە: شرح طيبة النشر / ١٤٧ بە وەرگرتن لە اللمعة البدرية / ٤٤.

وریابێت نەوەكو پیتی (م) گەورە بكاتەوە لە وشەی (مرض) بەهۆی پیتی (ر)ەوە كە قەڵەوە.

٣٧. وَبَاءِ بَـرْقٍ بَاطِلٍ بِهِمْ بِذِي ... وَاحْرِصْ عَلَى الشّدَّةِ وَالْجَهْرِ الَّذِي

٣٨. فِيهَا وَفِي الْجِيمِ كَحُبِّ الصَّبْرِ ... وَرَبْـوَةٍ اجْتُثَّتْ وَحَـجِّ الْفَجْرِ

هەروەها ئامۆژگاریمان دەكات بچوكی پیتی (ب) بپارێزین لەم نمونانەدا.

(بَـرْقٍ) بەهۆی دراوسێتی (ر) كە پیتێكی گەورەیە.

(بَاطِلٍ) بەهۆی نزیكی لە پیتی (ط).

(بِهِمْ بِذِي) بەهۆی ئەوەی بە تەنیشتی دوو پیتی نەرمەوەیە، ئەوەش نەبێت بچوككردنەوەی پیتی (ب) تایبەت بێت بەم شوێنانەوە، بەڵام نابێت زێدەڕەوی بكرێت لە بچوككردنەوەی پیتی (ب) نەوەكو وەكو (إمالة)ی پێبێت[١].

(وَاحْرِصْ عَلَى الشّدَّةِ وَالْجَهْرِ الَّذِي) **واته:** هەروەها وریای دەرخستنی ئەو دوو سیفەتەش بە لە پیتی (ب).

(وَفِي الْجِيمِ) **واته:** هەروەها پێویستە ئەو دوو سیفەتە لە پیتی (ج) یشدا دەربخرێت بە جوانی، ئەگینا مەترسی تێكەڵ بوون هەیە لە نێوان (ب) لەگەڵ (ف) هەروەها (ج) لەگەڵ (ش)دا.

---

[١] بڕوانە: شرح طيبة النشر / ١٤٧، بەوەرگرتن لە اللمعة البدرية / ٤٤.
– الدرر البهية شرح المقدمة الجزرية / ٤٤.

ئینجا چەند نمونەیەكی ئاشكرای لە قورئاندا بۆ هێناوینەتەوە وەكو وشەی (حب) **لە ئایەتی:** ﴿يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلّهِ﴾البقرة١٦٥.

(بِالصَّبْرِ) **لە ئایەتی** ﴿وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾العصر٣.

(رَبْوَةٍ) **لە ئایەتی** ﴿وَآوَيْنَاهُمَا إِلَى رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ﴾المؤمنون٥٠.

(اجْتُثَّتْ) **لە ئایەتی** ﴿اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾إبراهيم٢٦.

(بِالْحَجِّ) **لە ئایەتی** ﴿وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ﴾الحج٢٧.

(الْفَجْرِ) **لە ئایەتی** ﴿وَقُرْآنَ الْفَجْرِ﴾الإسراء٧٨.

بۆ نموونە: ئەگەر ئەو دوو سیفەتەی (إبن الجزري) وریامان دەكاتەوە كە پێویستە دەریخەین لە پیتی (ج) جێبەجێی نەكەین تێیدا وشەی (اجتثت) دەبێتە (اشتثت).

٣٩. وَبَيِّنَنْ مُقَلْقَلاً إنْ سَكَنَا وَإنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَا

٤٠. وَحَاءَ حَصْحَصَ أَحَطتُّ الْحَقُّ وَسِينَ مُسْتَقِيمِ يَسْطُو يَسْقُو

(إبن الجزري) لەم بەشەدا فەرمانمان پێ دەكات سیفەتی قەلقەلە بە ڕوونی دەربخەین لە پیتەكانی (قلقلة)، (ق ط ب ج د) لە كاتی (ساكن) بوونی پیتەكە.

(وَإِنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ) **واتە:** ئەگەر لەكاتی ڕاوەستان بێت لەسەر پیتەكە، **وەكو:** (قريبْ).

(كَانَ أُبَيِّنَا) **واتە:** پیتی (قلقلة) بە ڕوونتر دەجوڵێتەوە لە ڕاوەستاندا.

چەند نموونەیەك لەسەر (قلقلة):

- لە كاتی بەردەوام بوون: (يقطعون – وقطر – واجتبيناه – ويدخلون).

- لە كاتی ڕاوەستان دا (خلاق – محيط – بهيج – مجيد).

- جگە لەمانەش كە باسكران، پێویستە ئاگاداری بچوككردنەوەی (ح)ی یەكەم و دووەم بین لە وشەی (حصحص الحق) چونكە بە تەنیشت پیتێكی گەورەوەیە وەكو (ص)، هەروەها لە وشەی (احطت) و (الحق)یشدا بەهۆی دراوسێتی بۆ هەردوو پیتی گەورەی (ط) و(ق) **وەكو:** (الحق من ربك).

بە هەمان شێوە ئاشكراكردن وجوان دەربڕین پێویستە سەبارەت بە بچوككردنەوەی پیتی (س) لە وشەی (مستقيم) (يسطو) لە ئایەتی (يكادون يسطون) و، لە وشەی (يسقو) لە ئایەتی (وجدعليه امة من الناس يسقون)[١].

سوود: ئاگاداركردنەوە دەربارەی بچوك دەربڕینی پیتی (س) كورت هەڵنەهاتووە لەسەر ئەم حاڵەتانە، بەڵكو بابەتێكی گشتی یە لە هەموو حاڵەتێكدا، لە زەنندداری و بزواوی، بە تەنیشت پیتێكی گەورە بێت یان بچووك[٢].

[١] بڕوانە: جامع شروح المقدمة الجزرية / ٥٦ .

[٢] بڕوانە: الدرر البهية / ٤٤ .

واتای گشتی هەردوو كۆپلەكە:

پیتی جوڵاو (مقلقل) بە جوانی دەربڕە لە كاتی (ساكن)یدا، لەكاتی وەستانیشدا، بۆ نمونە وەكو ڕاوەستان لەسەر وشەی (قريب) ڕونتر دەردەكەوێت.

هەروەها پێویستە هەردوو پیتی (ح — س) بە بچوكی بخوێنرێتەوە، بەتایبەتی كاتێك بە تەنیشتی پیتی گەورەوە بن **وەكو:** (ص — ق).



بابەتی پیتی (ر)

٤١. وَرَقِّـقِ الـرَّاءَ إِذَا مَا كُسِرَتْ كَذَاكَ بَعْدَ الْكَسْرِ حَيْثُ سَكَنَتْ

٤٢. إِنْ لَمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حَرْفِ اسْتِعْلا أَوْ كَانَتِ الكَسْرَةُ لَيْسَتْ أَصْـلا

(وَرَقِّـقِ الـرَّاءَ إِذَا مَا كُسِرَتْ) **واتە:** هەركاتێك پیتی (ر) ژێر (كسرة) ی هەبوو بە بچووكی بیخوێنەوە، **وەكو:** (رزقا – الريح – ارني).

(كَذَاكَ بَعْدَ الْكَسْرِ حَيْثُ سَكَنَتْ) بە هەمان شێوە بە بچووكی (ترقيق) دەخوێنرێتەوە ئەگەر خۆی (ساكن) بوو، پێش خۆیشی ژێر (كسرة)ی بنچینەیی (اصلي) بێت، **وەكو:** (الفِرْدوس).

(إِنْ لَمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حَرْفِ اسْتِعْلا) **واتە:** ئەگەر پیتی (ر) كەوتە پێش یەكێك لە پیتە بەرزەكانەوە، **وەكو:** (قرطاس – فرقة – لبالمرصاد) لەو حاڵەتەدا گەورە دەكرێتەوە بە هۆی ئەو پیتە گەورانەوە[١].

سوود: لە قورئاندا تەنها سێ پیت لە پیتەكانی (استعلاء) لە پاش پیتی (ر)ەوە هاتوون، كە بریتین لە (ص – ط – ق)[٢].

---

[١] بڕوانە: اللمعة البدرية / ٤٥ .

[٢] بڕوانە: لێكدانەوەی (زكريا الانصاري) بۆ (الجزرية) لە جامع الشروح/٥٩.

(أَوْ كَانَتِ الكَسْرَةُ لَيْسَتْ أَصْلاَ) **واتە:** ئەگەر لە حاڵەتێکدا (کسرة) ی پیتی (ر) ئەصلی نەبوو، **وەکو:** (ام ارتابوا – ارتبتم) گەورە دەکرێتەوە.

روونکردنەوە: ئەگەر پیتی (ر) ساکن بوو، بەهۆی ڕاوەستانەوە–ئیتر بەهەر شێوەیەك بزواوبێت لە حاڵەتی بەردەوامیدا–خۆی لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەبینێتەوە.

یەکەم: پیتی پێشی خۆی سەر (فتحة)ی هەبێت، **وەکو:** (ترمی بِشَرَر – ولمن صَبَرْ) گەورە دەکرێتەوە.

دووەم: پیتی پێش خۆی بۆر (ضمة) ی هەبێت، **وەکو:** (بالنذُرْ – الدُّبُرْ – النذُرْ) گەورە دەگرێتەوە.

سێیەم: پیتی پێش خۆی ژێر (کسرة)ی هەبێت، **وەکو:** (یوم عسر) بچوك دەکرێتەوە.

چوارەم: پێش خۆی ئەلفێکی مەددی هەبێت، **وەکو:** (ان الفجارْ - بِئْس القرار – وقناعذاب النارْ) گەورە دەکرێتەوە.

پێنجەم: پێش خۆی واوێکی مەددی هەبێت، **واتە:** واوی زەنئەدار (ساکن) کەپیتی پێش خۆی بۆر (ضمة)ی هەبێت، **وەکو:** (لن تبور – ترجع الامور – من فی القبور) گەورە دەکرێتەوە.

شەشەم: پێش خۆی یائێکی مەددی هەبێت **واتە:** یائی زەنەدار (ساكن) كە پیتی پێش خۆی ژێر (كسرة)ی هەبێت، **وەكو:** (خبير – يوم عسير – والحمير) بچووكدەكرێتەوە.

حەوتەم: پێش خۆی (ي)ێكی زەنەدار (ساكن) هەبێت، **وەكو:** (من خير – لا ضير – فاالله خير) بچوك دەكرێتەوە.

هەشتەم: پێش خۆی پیتێكی زەنەدار (ساكن)ی ڕاستی (صحيح) هاتبێت، پێش ئەو پیتە زەنەدارەش پیتێك بێت سەر یان بۆری هەبێت، **وەكو:** (يريدُ الله بكم اليسر – والفجر – سندس خضر) گەورە دەكرێتەوە.

نۆیەم: پێش خۆی پیتێكی نرم (مستفل) بێت و، پێش ئەوەش پیتێكی (مكسور) هەبێت، **وەكو:** (من ذكر – وما علمناه الشعر – ولابكر) بچوك دەكرێتەوە.

دەیەم: لە پێش خۆی پیتێكی بەرز (استعلاء) هاتبێت، پێشی ئەو پیتە بەرزەش پیتێكی ژێردار (مكسور) بێت، لەم جۆرەش لە قورئاندا دوو وشە هاتووە (مصر – القطر) ئەم دوو وشە هەردوو حاڵەتی گەورەكردن و بچوككردن هەڵدەگرن.

سوود: وشەی (مصر) **لە چوار جێگەدا لە قورئاندا هاتووە.**

یەكەم ﴿أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتاً وَاجْعَلُواْ﴾ يونس٨٧.

دووەم: ﴿وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِن مِّصْرَ لِامْرَأَتِهِ﴾ يوسف٢١.

سێیەم: ﴿وَقَالَ ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاء اللّهُ آمِنِينَ﴾ يوسف٩٩.

چوارەم: ﴿قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ﴾الزخرف٥١.

سەبارەت بە وشەی (القِطْر) تەنها یەکجار لە قورئاندا هاتووە:

﴿وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ﴾سبأ١٢.

تێبینی: (إبن الجزري) گەورەکردنەوەی پەسەندکردووە لە وشەی (مصر) و بچوککردنەوە لە وشەی (القِطْر) وەکو دانەری کتێبی (أحكام تلاوة القرآن) مامۆستا (محمود خليل الحصري) دەیگێرێتەوە[١].

هەروەها زانای پایەبەرز ناسراو بە (الشيخ المتولي) لە کتێبی (غنية المقري) لەلاپەرە ٤٨ دەفەرموێت:

والراجح التفخيم في البشر	**والفجر ايضاً وكذا بالنذر**
وفي اذا يسر اختيارالجزري	**ترقيقه وكذا ونذر**
ومصر فيه اختار ان يفخمها	**و عكسه في القطر عنه فاعلما**
وذلك كله بحال وقفنا	**والروم كالوصل على مابينا**

[١] چونکە لەکاتی خوێندنەوە و ڕۆیشتن (وصل) رائی مصر (فتحە)ی لەسەرە، تەنها بە قەڵەوی دەخوێنرێتەوە، بۆیە لەکاتی وەستان لەسەری بە ئیعتیباری ئەصل فەتحەکە ئەرجەح وایە بە قەڵەوی بخوێنرێتەوە، بەڵام (القگر) (مقاف إليه و مكسور)ە لەکاتی خوێندن و (وصل)دا تەنها بە سووککردنەوە دەخوێنرێتەوە، جا لەکاتی ڕاوەستان بچووککردنەوە پەسەندە. ((م.دلێر گەرمیانی))

یانزەیەم: لە پاش پیتی (ر) یائێكی لابراو هەبێت بۆ سوككردنەوە. لەو حاڵەتەشدا هەردوو شێوازی خوێندنەوە هەڵدەگرێت: گەورەكردنەوە و بچووككردنەوە، **ئەمەش لە (٣) وشە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:**

یەكەم: وشەی (نذر) لە ئایەتی (عذابي ونذر) لە شەش جێگە.

دووەم: وشەی (یسر) لە ئایەتی (واللیل اذا یسر).

سێیەم: وشەی (الجوار) لە سێ ئایەتدا هاتووە:

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ الْجَوَارِ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ﴾الشورى٣٢.

﴿وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ﴾الرحمن٢٤ .

﴿الْجَوَارِ الْكُنَّسِ﴾التكوير١٦.

سوود: بنەمایەكی ئاسان هەیە زۆربەی حاڵەتەكانی پیتی (ر) دەگرێتەوە.

هەركاتێك پیتی (ر) سەرو بۆری هەبوو گەورەدەكرێتەوە، ئەگەر ژێری بوو بچووك دەكرێتەوە، لەهەر شوێنێكی وشەدا بێت ئەگەر زەنەداربوو (ساكن)، تەماشای پیتی پێش خۆی دەكەین، ئەگەر ئەو پیتە سەروبۆری هەبوو گەورەی دەكەینەوە ئەگەر ئەو پیتە ژێری بوو بچوكی دەكەینەوە.

ئەگەر پیتی (ر) (ساكن) بوو، پیتی پێشی خۆیشی هەر ساكن بوو، تەماشای پیتی پێشتر دەكەین و هەمان یاساكانی بەسەردا جێ بەجێ دەكەین،

تەنها ئەگەر لە حاڵەتێكدا پیتی پێش (ڕْ)ی (ساكن) (ي) مەددی یان (لین) بێت ئەوە بچوك دەكرێتەوە **وەكو:** (خيرْ - طيرْ)[١].

٤٣- والخلف في فرق لكسر يوجد   وأخف تكريرا اذا تشدد

(والخلف) واتە: دوو شێواز خوێندنەوەی تێدایە ، گەورە كردنەوە (التفخيم) و بچووككردنەوە (الترقيق).

(فرق) واتە: وشەی (فرق) لە فەرموودەی خوای گەورەدا:(فكان كل فرق كالگود العقيم).الشعراو/٦٣.

(وأخف) واتە: بیشارەوە.

(تكريرا) مەبەستی لە دووبارە بوونەوەی سیفەتی (ر) یە.

(اڑا تشدد) واتە: بە تایبەتی ئەگە پیتی(ر) شەددەدار بوو.

واتای گشتی:

وشەی (فرق) لە ئایەتی ئاماژە پێكراودا ، بە دوو جۆر دەخوێندرێتەوە ، بە (تفخيم) و بە (ترقيق) ، ئەوانەی كە بە (تفخيم) خوێندوویانەتەوە لە سەر بنەماكە ڕۆیشتوون ، چونكە ئەمە (ر) یە و پیتی بەرزی بە دوادا هاتووە ، ئەوانەش كە بە (ترقيق) خوێندوویانەتەوە تەماشای ژێری پێش (ر) كەیان كردووە ، ئەمە جگە لە لاوازی پیتە بە ڕزەكەی پاش (ر) كە (ق) بەهۆی ئەوەی ژێری هەیە، بەڵام زاناو قورئانخوێنی بە ناو بانگ(محمود خليل

---

[١] مامۆستا (احمد عامر) ئەم بنەمایەی باس كرد لە كەناڵی (الليبية)ی ئاسمانی .

الحصری) له پێشەوا (أبو عمرو الدانی) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: پەسەند ئەوەیە كە بچووك بكرێتەوەوزانایان بەوە كاریان كردووە. بڕوانە:(احكام تلاوە القران) ١٥٨.

هەروەها وریامان دەكاتەوە لەوەی كە پێویستە سیفەتی دووبارە بوونەوە لە پیتی(ر) بشارینەوە ،ئەوەش یەكێكە لە هەڵە دیارەكان لە لای قورئانخوێنان.



بابەتی گەورەکردنەوە

پیتی (ل):

٤٤. وَفَخِّمِ اللاَّمَ مِنِ اسْمِ اللَّهِ   عَنْ فَتْحِ أَوْ ضَمٍّ كَعَبْدُ اللَّهِ

واتە: وشەی مەزنی (اللّٰهِ) بە گەورە بخوێنەوە ئەگەر پیتی پێش خۆی (فتحة) یان بۆر (ضمة)ی هەبوو، **وەکو:** (وقال الله انی معکم) (وانه لما قام عبدالله) (قل الله اسرع مکرا)[1].

حاڵەتەکانی وشەی مەزنی (الله) لە تەجویددا:

١- خوێندنەوەی بە گەورەیی (تفخیم).

٢- خوێندنەوەی بە شێوازی (ترقیق).

حاڵەتەکانی گەورە کردنەوەی:

* ئەگەر پێش وشەی (الله) (فتحة) بێت، **وەکو:** ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ الإخلاص١.

یان وشەکە خۆی بەسەر (فتحة) دەستی پێ کردبێت، **وەکو:** ﴿الله الصمد﴾ الإخلاص٢.

[1] لێکدانەوەی زانایان (خالد الازهري) و (زکریا الانصاري) بۆ ئەم کۆپلەیە لە جامع الشروح/٦١.

پێویستە وریاش بیت هەمزەكەى گەورە نەكەیتەوە.

* ئەگەر پێش وشەى (الله) بۆر (ضمة) هاتبێت، **وەكو:** ﴿نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ﴾الهمزة٦.

* ئەگەر پێش وشەى (الله) پیتێكى زەنندار (ساكن) بێت وپێش ئەو (ساكن)ەش (فتحة) بێت، **وەكو:** ﴿وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطاً﴾الجن٤.

- ئەگەر پێش وشەى (الله) پیتێكى زەنندار (ساكن) بێت و، پێش ئەو (ساكن)ەیش (ضمة)ى هەبێت، **وەكو:** ﴿أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ﴾ نوح٣.

حاڵەتەكانى بە (ترقیق) خوێندنەوەى وشەى مەزنى (الله):

- ئەگەر ژێر (كسرة)ەیەكى ئەصڵى لە پێشەوە بێت، **وەكو:**

﴿قُلِ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾الزمر٤٦.

﴿وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ﴾الأنفال١٠.

- ئەگەر پێش وشەكە (كسرة)ەیەكى (عارض) هەبێت، **وەكو:**

﴿لِمَ تَعِظُونَ قَوْماً اللّهُ مُهْلِكُهُمْ﴾الأعراف١٦٤، بە (قومَنِ الله) دەخوێنرێتەوە.

- ئەگەر پێشەوەى خۆى (ساكن) بێت و، پێش ئەو (ساكن)ەیش (كسرە) بێت، **وەكو:** ﴿وَيُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوا بِمَفَازَتِهِمْ﴾الزمر٦١ .



گەورەكردنەوەی پیتەكانی
(استعلاء و إطباق)

٤٥. وَحَرْفَ الاسْتِعْلاءِ فَخِّمْ وَاخْصُصَا   لاطْبَاقَ أَقْوَى نَحْوَ قَالَ وَالْعَصَا

(إبن الجزري) لێرەدا داوامان لێ دەكات پیتەكانی (استعلاء) بەرزكەینەوە كە بە پێی پلەی بە هێزییان بەم شێوەن: (ط – ض– ص – ظ – ق – غ – خ) بەتایبەتیش لە نێوانیان دا پیتەكانی (اطباق) كە بریتین لە (ص – ض – ط – ظ) چونكە ئەم چوارە بەرزترین پیتەكانی (استعلاء)ن.

زانیاریەكی گرنگ:

هەموو پیتێك لە پیتەكانی (استعلاء) پێنج پایەی هەیە لە بەرزی دا بەم شێوەی لای خوارەوە:

١- **پیتی (استعلاء) سەر (فتحة)ی هەبێت و، پیتی ئەلیفی (ا)ی بەدوادا هاتبێت، وەكو:** (الطامة – يضاعف – ظالمين – قائلون – غافلين – خائنين).

٢- **پیتی (استعلاء) سەر (فتحة)ی هەبێت و، ئەلیفی بەدوادا نەیەت، وەكو:** (طلبا – ضربتم – صبر – ظلم – غضب – خلق).

٣- پیتی (استعلاء) بۆر (ضمة)ی هەبێت، **وەكو:** (وطُبِع - فضُرِب- صُرِفت - ظُلِم - قُتِل - غُلِبت - خُلقوا).

٤- پیتی (استعلاء) زەنندار (ساكن) بێت، **وەكو:**

(يطْبع - يضْرب - فاصْبِر - لايظْلم - يقرؤون - يغْلب - يخْلق).

٥ - پیتی (استعلاء) ژێر (كسرة)ی هەبێت، **وەكو:**

(بطِرت - ضِعافاً - صِراط - ظِلال - قِتال - غِطائك - خلال).

كەواتە هەر پیتێكی بەرز پێنج پایەی هەیە، لە هەموویان بەرزتر پیتی (ط)ە كە ئەلیفی (ا) بەدوادا بێت، پیتی (خ)یش كە ژێر (كسرة)ی هەبێت لە كۆتایی هەموویان دێت لە ڕوی بەهێزییەوە)[١].

واتای گشتی:

پێویستە پیتەكانی (استعلاء) **واتە:** پیتە بەرزەكانی (خص ضغط قظ) بە گەورەیی دەربڕیت، بەتایبەتی پیتەكانی (اطباق) لەنێوانیان دا كە بریتین لە (ض - ص- ط - ظ).

[١] یەكێك لە زنجیرە وانەكانی مامۆستا (ایمن سوید) لە تەجوید، باسی ئەم مەسەلە دەكات لە كەناڵی (اقرأ).

٤٦. وَبَيِّنِ الإِطْبَاقَ مِنْ أَحَطتُ مَعْ   بَسَطتَّ وَالخُلْفُ بِنَخْلُقْكُمْ وَقَعْ

(وَبَيِّنِ الإِطْبَاقَ) **واتە:** لە پیتی (ط) لە فەرموودەی خوای گەورە: (فقال احطت) هەروەها ئایەتی (لَئِن بسطت) و، ئەو جۆرە ئایەتانە بۆ ئەوەی پیتی (ط) لەگەڵ پیتی (ت) تێكەڵ نەبن چونكە مەخرەجیان واتە جێگەی دەرچونیان یەك جێگەیە.

(وَالخُلْفُ) **واتە:** لە نێوان زانایان دا جیاوازی هەیە دەربارەی هێشتنەوەو نەهێشتنەوەی سیفەتی بەرزی پیتی (ق) لەگەڵ تێهەڵكێشكردنی لە وشەی (نَخْلُقْكُمْ) لە ئایەتی (الم نخلقكم)، نەهێشتنیشی بەلای (إبن الجزري) ەوە پەسەندە وەكو خۆی بڕیاری داوە لە كتێبی (التمهيد)دا.



هەندێ ئاگاداری
لە مەڕ بەكارهێنانی سیفەتی پیتەكان

٤٧ . وَاحْرِصْ عَلَى السُّكُونِ فِي جَعَلْنَا   أَنْعَمْتَ وَالْمَغْضُوبِ مَعْ ضَلَلْنَا

واتە: ئەی خوێنەری قورئانی پیرۆز، ئامۆژگارییەكت دەكەم وریای دەرخستنی (سكون) بیت لە پیتی (ل) لە وشەی (جَعَلْنَا)، هەروەها ئاگاداری (سُّكُون)ی هەردوو پیتی (نْ) لە (أَنْعَمْتَ) و (غ) لە (الْمَغْضُوب) و، لامی دووەم لە (ضَلَلْنَا) بەجوانی دەریان بڕە، بێگومان تێبینیش كراوە كە خەڵكانێكی زۆر ئەم پیتانە دەجوڵێننەوە لە خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة) ئەوەش هەڵەیەكی ئاشكرایەو لەحنێكی قەدەغەكراوە.

٤٨ . وَخَلِّصِ انْفِتَاحَ مَحْذُورًا عَسَى   خَوْفَ اشْتِبَاهِهِ بِمَحْظُورًا عَصَى

(وَخَلِّصِ انْفِتَاحَ) **واتە:** سیفەتی جیابونەوە (انفتاح) لە پیتی (ذ) ئاشكرابكە بۆ نمونە لە ئایەتی (إن عذاب ربّك كان محذورا) نەوەكو لەگەڵ پیتی (ظ) تێكەڵ بێت وەكو لە وشەی (مَحْظُورًا) لە ئایەتی: ﴿وَمَا كَانَ عَطَاء رَبِّكَ مَحْظُوراً﴾الإسراء٢٠.

هەروەها كەمتەر خەمی مەكە لە دەربڕینی سیفەتی (انفتاح) لە پیتی (س) نەوەكو تێكەڵ بێت لەگەڵ (ص) كە سیفەتی (اطباق)ی تێدایە و، زمان بەرز

دەبێتەوە بۆ لای مەلاشوو، وەكو لە وشەی (عَصَی) لەم ئایەتەدا هاتووە (وعصى آدم ربه).

چونكە مەخرەجی (ذ، ظ) هەروەها (س، ص) یەك مەخرەجە بۆیە پێویستە بە سیفەتەكانیان جیاكرێنەوە.

واتای گشتی ئەم كۆپلەیە:

ئەی خوێنەری قورئانی پیرۆز، پیتی (ذ، س) بە سیفەتی (انفتاح) لە پیتی (ظ، ص) جیاكەرەوە چونكە ئەوان (اطباق) یان تێدایە، ئەگینا وشەی (مَحْذُورًا) و (عَسَی) لەگەڵ (حَظُورًا) و (عَصَی) تێكەڵ دەبن.

٤٩. وَرَاعِ شِـدَّةً بِـكَافٍ وَبِتَا كَشِرْكِكُمْ وَتَتَوَفَّی فِتْنَتَا

(وَرَاعِ شِـدَّةً) **واتە:** پارێزگاری بكە لە سیفەتی بەهێزیی (شدە).

(بِـكَافٍ وَبِتَا) **واتە:** كە لە ئەو دوو پیتەدا هەیە، بەوەی كە رێگە نەدەیت كە هەناسە لەگەڵ ئەو پیتانەدا رێبكات.

(ك) بۆ نمونە لە وشەی (شِرْكِكُمْ) لە ئایەتی: ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾فاطر١٤، **هەروەها وشەكانی:** (تَوَفَّاهُمُ) وەكو نمونەی پیتی (ت) لە فەرمودەی خوای گەورە: ﴿الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنْفُسِهِمْ﴾النحل٢٨ و، (فِتْنَةً) لە

فەرمودەی پەروەردگاری مەزن: ﴿وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً﴾ الأنفال٢٥.

تێبینی: زۆركەس زێدەڕەوی دەكەن لە دەرخستنی سیفەتی (همس) لە (ك) و (ت) بە شێوەیەك پیتێكی تری لێ پەیدا دەبێت، وەكو پیتی (هـ) لە (ك) و (س) لە (ت) پەیدادەكەن، بەم شێوەیەش سیفەتی (رخاوة) دەدەنە ئەو پیتە كە خۆی لە بنچینەدا نیەتی، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكرێت ئەو دوو پیتە دوو پیتی بەهێزن و، نابێت هەوا لەگەڵ دەربڕینیاندا ڕێ بكات ئەمەش ڕێگر نیە لەوەی هەناسە بەشێوەیەكی كەم و لاواز لە گەڵیان دا دەربچێت بە تایبەتی لەكاتی ڕاوەستان دا.



بابەتی تێهەڵكێش كردنی
(متماثلین) و (متجانسین) و (متقاربین) و (متباعدین)

واتە: لێكچوو و هاوچەشن ونزیك لەیەكتری ودوور لە یەكتری.

٥٠. وَأَوَّلَى مِثْلٍ وَجِنْسٍ إنْ سَكَنْ   أَدْغِمْ كَقُلْ رَبّ وَبَل لاَ وَأَبِنْ
٥١. فِي يَوْمِ مَعْ قَالُوا وَهُمْ وَقُلْ نَعَمْ   سَبِّحْهُ لاَ تُـزِغْ قُلُوبَ فَلْتَقُمْ

پێناسەی زاراوەكان:

(المتماثلین) (لێكچوو) **واتە:** دوو پیتی هاوشێوە لە مەخرەج و لە سیفەت دا **وەكو:** (ت، ث).

(المتجانسین) هاوچەشن، **واتە:** دوو پیتی هاوشێوە لە مەخرەج و جیاواز لە سیفەت **وەكو:** (د – ظ) (ل – ر).

(الإدغام)، **واتە:** تێهەڵكێشانی دوو پیت لە یەك پیتدا.

(وَأَوَّلَى مِثْلٍ وَجِنْسٍ إنْ سَكَنْ) **واتە:** ئەگەر پیتی یەكەمی دوو پیتە لێكچووەكە یان هاوچەشنەكە زەننەدار (ساكن) بوو، تێهەڵكێشی بكە لەگەڵ پیتی دووەم دا، نمونەیەكیشی هێناوەتەوە بۆ هاوچەشن كە بریتی یە لە (قل رب) لە پاش تێهەڵكێشانەكە دەبێتە (قُرَّبّ) نمونەیەكی تریشی هێناوەتەوە بۆ لێكچوو كە بریتی یە لە (بل لا) پاش ادغام دەبێتە (بلاّ).

(وَأَبِنْ) **واتە:** ئەم نمونانەی خوارەوە تێهەڵكێشی مەكە:

(فِي يَوْمٍ) لە ئایەتی ﴿فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ﴾المعارج٤.

یان (قَالُوا وَهُمْ) لە ئایەتی ﴿قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ﴾الشعراء٩٦.

واتە: ئەگەر پیتی یەكەم مەد بوو (ادغام) ناكرێت.

هەروەها لامی زەنندار دەردەخرێت لەلای (ن)دا، **وەكو:** ﴿قُلْ نَعَمْ وَأَنْتُمْ دَاخِرُونَ﴾ الصافات١٨.

هەروەها (ح) ی زەنندار لەلای پیتی (ه) دەردەكەوێت و (ادغام) ناكرێت، چونكە پیتەكانی گەروو دوورن لە تێهەڵكێشانەوە، بە هۆی قورسی ئەوكارە.

سوود: بنەمایەكی گرنگ هەیە لە زانستی (تجوید) دا **دەڵێت: هیچ** پیتێك لە پیتەكانی گەروو (حلق) تێهەڵكێش ناكرێت لەگەڵ پیتێك لە خۆی خوارتر پیتی هائیش لە خوارەوەی پیتی (ح)ە.

هەروەها (غ) لەلای (ق) دا دەردەخرێت، **وەكو:** ﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا﴾آل عمران٨. بەهۆی جیاوازییانەوە، (غ) لە پیتەكانی گەرووە و، (ق) لە لای زمانە بچكۆلەدایە.

بەهەمان شێوە پیتی (ل) لەگەڵ (ت) دەردەخرێت و (ادغام) ناكرێت، **وەكو:** ﴿فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ﴾ الصافات١٤٢، لەبەر دووری مەخرەجەكانیان.

واتای گشتی هەردوو كۆپلەكە:

لە حاڵەتێكدا دووپیت لێكچوبن یان هاوچەشن، ئەگەر یەكەمی ئەو دوو پیتە زەنندداربوو لەگەڵ پیتی دووەم دا تێهەڵكێشی بكە.

وەكو: (قل رب) و (بل لا).

بەلاَم نابێت تێهەڵكێش بكرێت ئەگەر:

پیتی یەكەم پیتی مەدد بوو، **وەكو:** (فِي يوْمٍ)، (قَالُواْ وَهُم).

لامی زەننەدار لەگەڵ نون دا، **وەكو:** (قل نعم).

حائی زەننەدار لەگەڵ (ه)، **وەكو:** (سبحه).

(غ) لەگەڵ (ق) دا، **وەكو:** (ربنا لاتزغ قلوبنا).

(ل) لەگەڵ (ت)دا، **وەكو:** (فالتقمه).

ڕوونكردنەوە:

كەدوو پیت بەدوای یەكدا بن، لە چوار حاڵەت بەدەر نین:

یان لێكچون یان هاوچەشن یان نزیك لەیەكترن یان دوور لەیەكترن.

یەكەم: لێكچوو (متماثلان):

ئەو دوو پیتەیە كە یەكیان گرتووە لە مەخرەج و سیفەتدا، وەكو دوو پیتی (ب) لە (اضرب بعصاك) یان دوو (د) لە (وقد دخلوا) یان دوو (ل) لە (قل لن) یان دوو (ن) **وەكو:** (ومن نعمره).

سوود: (المتماثلان) لیكچوو دابەش دەبنە سێ بەشەوە:

لێكچووی بچووك – لێكچووی گەورە – لیكچووی ڕەها.

لێكچووی بچووك: پیتی یەكەم زەنندار (ساكن) بێت و، دووەم بزواو (متحرك) **وەكو:** (من نعمره – قلْ لن – إضرب بعصاك) ئەم جۆرەش جێگەی باسكردنمانەو پێویستە (ادغام) بكرێت.

متماثلان: **هەردوو پیتەكە بزواو (متحرك) بن، وەكو:** (السماءِ إن – إنه هوَ – الرحیم ملك) حوكمی ئەم بەشە دەرحستن (اظهار)ە، لەلای (حفص) و هاوبۆچوونەكان.

لێكچووی ڕەها: پیتی یەكەم بزواوبێت و، دووم زەنندار **وەكو:** (نَسخ – ممنون) (إظهار) دەكرێت لەلای هەموو پێشەوایانی خوێندنەوەی قورئان.

دووەم: (المتجانسان) هاوچەشن:

ئەو دوو پیتەیە كە یەكیان گرتووە لە مەخرەج داو، لە سیفەتدا جیاوازن،
ئەمەش دەبێتە سێ جۆرەوە: **هاوچەشنی بچووك و گەورەو ڕەها.**

هاوچەشنی بچووك، پێویستە تێهەڵكێش (ادغام) بكرێت، بۆنمونە:

١. (د) و(ت) **وەكو:** (كدت) (قد تبيّن).

٢. (ت) لە (د – ط) **وەكو:** (اجیبت دعوتكما) و(ودّت طائفة).

٣. (ذ) لە (ظ) **وەكو:** (إذ ظلموا).

٤. (ط) لە (ت) **وەكو:** (بسطت) بەڵام تێهەڵكێشانێكی ناتەواوە (إدغام ناقص)، **واتە:** سیفەتی بەرزی لە (ط)دا هەردەمێنێتەوە.

٥- (ق) لە (ك) دا لە وشەی (نخلقكّم) (حفص) بە دوو شێوە دەیخوێنێتەوە: تێهەڵكێشكردنی تەواو ناتەواو.

٦- (ث) لە (ذ) دا، لە ئایەتی (يلهث ذّلك) (حفص) بە (ادغام) دەیخوێنێتەوە.

٧- (ب) لە (م) دا، لە ئایەتی (اركب مّعنا) (حفص) بە (ادغام) دەیخوێنێتەوە.

هاوچەشنی گەورە: وەكو: (الصالحات طوبى - مريم بهتّاناً) (اظهار) دەكرێت.

هاوچەشنی ڕەها وەكو: (لم يشكر)؟ (اظهار) دەكرێت.

سێ یەم: نزیك لە یەكتری (المتقاربان):

ئەو دوو پیتەیە لە مەخرەج دا جیاوازن و، لە سیفەتدا نزیكن، ئەویش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش: بچووك و گەورەو ڕەها.

نزیك لە یەكتری بچووك: وەكو: (اورثتموا - يرد ثواب).

نزیك لە یەكتری گەورە: وەكو: (نفقد صواع - بعد ضراء).

نزیك لە یەكتری ڕەها: وەكو: (لن - فضرب).

هەموو ئەمانەش (اظهار) دەكرێن، تەنها لە حاڵەتی لامی زەننەدار لەگەڵ (ر) **وەكو:** (قل رب - بل رفعه).

مامۆستا (محمود خليل الحصري) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە كتێبی (احكام تلاوة القران الكريم) دا لاپەرە (١٣٠) **فەرموویەتی:**

(ل) و (ر) لەسەر ڕێڕەوی (الفراء) و هاوبۆچونەكانی بە هاوچەشن دەژمێردرێ بە هۆی یەكگرتنەوەیان لە مەخرەج دا، بەڵام لەسەر ڕێڕەوی جومهور كە (الشاطبي و الجزري)یشیان تێدایە، بە (متقاربين) **واتە:** نزیك لە یەكتری دادنرێن چونكە لە یەكترەوە نزیكن لە ڕووی مەخرەج و سیفەتەوە.

چوارەم: (المتباعدان) دوور لە یەكتری:

ئەو دوو پیتەیە كە لە مەخرەج و سیفەتدا دوورن لە یەكتری، ئەویش بە هەمان شێوە دەبێتە سێ بەشەوە: بچووك و گەورەو ڕەها.



بابەتی (ض) و (ظ)

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین باسەکانی تەجوید، کە (إبن الجزري) باسی هەندێ لەو حاڵەتانەمان بۆ دەکات کە خوێنەران تێی دەکەون، **وەکو:**

دەربڕینی (ض) وەکو پیتی (ظ)، یان تێهەڵکێش کردنی لەوشەی (أَفضتم) و، شتی تریش کەدواتر باسی دەکەین بەپشتیوانی خوای گەورە.

٥٢. وَالضَّادَ بِاسْتِطَالَةٍ وَمَخْرَجِ   مَيِّزْ مِنَ الظَّاءِ وَكُلُّهَا تَجِي

(مَيِّزْ) واتە: پیتی (ض) لە (ظ) جیابکەرەوە بە دوو شت:

١- بە سیفەتی درێژبوونەوە (إستطالة)، چونکە دەستپێکردنی (ضاد) لە سەرەتای قەراغی زمانەوەیە بۆ کۆتاییەکەی. تاکو دەگاتە مەخرەجی پیتی (ل)، بە هۆی ئەو سیفەتە بە هێزانەشەوە کە هەیەتی **وەکو:** (جهر) و (اطباق) و(إستعلاء) پیتێکی تریش نییە لە نێو پیتەکاندا ئەوندەی (ض) لە سەر زمان قورس بێت، هەر بۆیە لە دەربڕینیدا خەڵکی جیاوازن. هەندێکیان بە (ظ) و هەندێکیان بە (د) و (ط) دەریدەکەن.

یان بە شێوازێك دەریدەبڕن کە بۆنی (ذ)ی لێبێت.

(وَكُلُّهَا تَجِي) **واتە:** هەموو ئەو وشانەی کە پیتی (ظ)ی تێدایە لە قورئاندا، **لەو حەوت کۆپلەی لای خوارەوە دەیانخەینە ڕوو.**

٢- بە جێگەی دەرچوونی پیتەکە (مخرج)، چونکە (ض) لە قەراغی زمانەوە دەردەچێت و(ظ) لە سەرەتای زمانەوە دەردەچێت.

بۆچوونی (دکتۆر غانم قدوري الحمَد):

ئەم توێژەرە لەبارەی سیفەتی (الإستطالة) لە پیتی (ض) **دەڵێت:**

وادیارە ئەم سیفەتە لە خوێندنەوەی زۆربەی قورئانخوێنانی ئەم سەردەمەی خۆماندا بەدینەهاتووە، چونکە بەزۆری لە مەخرەجی(د،ط،ت)ەوە دەریدەکەن، کورتەی کێشەی دەربڕینی ئەم پیتەش لەم ڕۆژگارەی خۆماندا ئەوەیە؛ خوێنەرانی قورئان سیفەتی توندی (الشدّة)ی پێدەدەن و، لەجێگەی دەرچوونی پیتی (ط)ەوە دەریدەبڕن بەزۆری، هەندێکیشیان سیفەتی نەرمیی (الرّخاوة)ی پێدەدەن، ئەم دوو شێوازەش هەڵەن و ناگونجێن لەگەڵ ئەو باسانەی لە کتێبەکاندا دەربارەی (ض) هاتوون، چاکتریشە خوێنەر لەم سەردەمەدا بەپێی ئاراستەی مامۆستاکەی ئەو پیتە بخوێنێتەوە و، واز لە کێشەی پیتی (ض) بهێنێت بۆ توێژینەوە مێژووییەکان[١].

٥٣. فِي الظَّعْنِ ظِلَّ الظُهرِ عُظْمِ الْحِفْظِ أَيقظْ وَأَنْظُرْ عَظْمِ ظَهْرِ اللَّفْظِ

(ظَعْنِ) **واتە:** گەشت، **تەنها لە یەك جێگەدا لە قورئان هاتووە:** ﴿يَوۡمَ ظَعۡنِكُمۡ وَيَوۡمَ﴾ النحل٨٠.

[١] الشرح الوجيز على الجزرية / ٥٣-٥٤.

(ظِلّ) **واتە:** سێبەر، **لە بیست و دوو جێگەی قورئاندا هاتووە، وەکو:** (ظلا ظليلا – يوم الظلة – وظللنا).

(الظُهرِ) **واتە:** نیوەڕۆ، **لە دوو جێگەی قورئاندا هاتووە:** ﴿وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ﴾النور٥٨، ﴿وَحِينَ تُظْهِرُونَ﴾الروم١٨.

(عُظْمِ) **واتە:** مەزنی، **لە (١٠٣) جێگەی قورئاندا هاتووە، وەکو:** (العلي العظيم – اعظم درجة – ميلا عظيما).

(الْحِفْظِ) **واتە:** پاراستن، **لە چل و دوو جێگەی قورئاندا باسکراوە، وەکو:** (وما انا عليكم بحفيظ – ولا يؤوده حفظها – حافظوا على الصلوات).

(أيقِظْ) **لە** (اليقظة)ەوە **هاتووە، واتە:** بێداری، تەنها لە یەك ئایەتدا باسکراوە: ﴿وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظاً﴾الكهف١٨.

(أُنْظُرْ) **واتە:** چاوەڕوانی، **لە بیست جێگەی قورئاندا هاتووە، وەکو:** (ولا هم ينظرون - انظرونا نقتبس من نوركم).

(عَظْمِ) **واتە:** ئێسك، **لە پانزە جێگەی قورئاندا هاتووە، وەکو:** (وهن العظم – رفاتا و عظاما – عظاما نخرة).

(ظَهْرِ) واته: پشت، له شانزه جێگەی قورئاندا باسکراوه، وەکو: (وراء ظهورهم – علی ظهورهم – الذی انقض ظهرك).

(اللَّفْظِ) واته: وشه، له یەك جێگەی قورئاندا هاتووه: (ما یلفظ من قول).

٥٤. ظَاهِرْ لَظَى شُوَاظُ كَظْمٍ ظَلَمَا　　اُغْلُظْ ظَلاَمَ ظُفُرٍ انْتَظِرْ ظَمَا

(ظَاهِرْ) پێچەوانەی (باطن)، شەش واتای هەیە، له چل و یەك جێگەی قورئاندا باسکراوه: (ظاهر الاثم –الظاهر و الباطن – وظاهره من قبله العذاب).

(لَظَى) یەکێکە له ناوەکانی دۆزخ خوا پەنامان بدات، تەنها له دوو ئایەتدا باسکراوه: ﴿نَاراً تَلَظَّى﴾ اللیل١٤، ﴿کلا انها لظی﴾ المعارج ١٥.

(شُوَاظُ) واته: بڵێسەی بێ دوکەڵ، له یەك جێگەی قورئاندا باسکراوه: ﴿يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ﴾الرحمن٣٥.

(كَظْمٍ) واته: خواردنەوەی ڕق و قین و دەرنەبڕینی، له شەش جێگەی قورئاندا باسکراوه، وەکو: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ﴾آل عمران١٣٤.

(ظَلَمَا) واته: ستەم، یان دانانی شت له جێگەی نەگونجاوی خۆی، له دووسەدو هەشت جێگەی قورئاندا باسی هاتووه، وەکو: (الظالمین - ظالم).

(اُغْلُظْ) لە (الغلظة)ەوە هاتووە **واتە:** زبری، **لە سیانزە جێگەی قورئاندا باسكراوە، وەكو:** (غليظ القلب – واغلظ عليهم).

(ظَلامَ) **واتە:** تاریكی، زانایان جیاوازیان لە نێواندایە سەبارەت بە ژمارەی باسكردنی لە قورئاندا، (إبن الجزري) لە كتێبی (التمهيد)لاپەڕی/٨٠ **فەرموویەتی:** بیست و شەش جار باسكراوە، بەڵام كوڕەكەی كە ناسراوە بە (إبن الناظم) دەڵێ سەد جار باسكراوە لە قورئاندا.

بەڵام بۆچوونی پەسەند ئەوەیە كە (إبن الجزري) هەڵیبژاردووە كە بیست و شەش جێگەیە، هەندێ زانای گەورەش لە سەر ئەم بۆچوونەن، **وەكو:** (على النوري الصفاقسی) لە كتێبی (تنبية الغافلين) لاپەڕەی٧٤، هەروەها (الملا علي القاري) و (إبن بالوشة) لە (شرح المقدمة الجزرية) لاپەڕەی /٣٥، نموونەی ئەم وشە لە قورئاندا: (فِي ظلمات).

(ظُفُر) **واتە:** نینۆك، **لەیەك جێگەی قورئاندا باسكراوە:** ﴿حَرَّمْنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ﴾الأنعام١٤٦.

(انْتَظِرْ) **واتە:** چاودێریكردن، **لە بیست و شەش جێگەی قورئاندا هاتووە، وەكو:** (قل انتظروا) (هل ينظرون).

(ظَمَا) **واتە:** تینوێتی، **لە سێ جێگەی قورئاندا باسكراوە، وەكو:** ﴿لاَ يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ﴾التوبة١٢٠، ﴿وَأَنَّكَ لَا تَظْمَأُ فِيهَا﴾طه١١٩.

٥٥. أَظْفَرَ ظَنًّا كَيْفَ جَا وَعَظْ سِوَى عِضِينَ ظَلَّ النَّحْلُ زُخْرُفٍ سَوَى

(أَظْفَرَ) **واتە:** سەرکەوت، **لەیەك جێگەی قورئاندا هاتووە** ﴿ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ﴾الفتح٢٤.

(ظَنًّا كَيْفَ جَا) **واتە:** وشەی (ظن) کە گومان دەگەیەنێ لەهەر جێگەیەکی قورئاندا هاتبێت – **لە شەست و نۆ جێگەی قورئاندا بە هەموو واتاکانیەوە هاتووە وەکو:** (يظنون ــ ظننتم).

(وَعَظْ) لە (وَعْظْ)ەوە هاتووە، **واتە:** ئامۆژگاری، بۆچوونی پەسەند ئەوەیە **لە بیست وچوار جێگەی قورئاندا هاتووە وەکو:** (وموعظة ـ وعظهم ـ توعظون) (سوى عضين) **واتە:** وشەی (عضين) بە (ظ) نیە لە ئایەتی: ﴿الَّذِينَ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ﴾ الحجر٩١.

(ظَلَّ) **واتە:** بەردەوام بوو، **لەنۆ جێگەی قورئاندا باسکراوە، وەکو:** ﴿ظَلَّ وَجْهُهُ﴾النحل٥٨، ﴿فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ﴾الواقعة٦٥.

(النَّحْلُ زُخْرُفٍ سَوَى) **واتە:** دووانی بریتین لەئایەتێکی هاوشێوە لە هەردوو **سورەتەکەدا** (٥٨/ النحل ــ ١٧/ الزخرف).

٥٦. وَظَلْتُ ظَلْتُمْ وَبِرُومٍ ظَلُّوا   كَالْحِجْرِ ظَلَّتْ شُعَرَا نَظَلُّ

ئەم كۆپلەیە تەواوكەری داهاتووە لە ئەژماركردنی وشەی (ظل) كە بەواتای بەردەوامی هاتووە لە قورئاندا، دوو جێگەی لە كۆپلەی داهاتوودایە **لێرەشدا حەوت وشەكەی تری دەخاتە ڕوو:**

(ظَلْتُ) **لە ئایەتی:** ﴿ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفاً﴾طه٩٧ .

(ظَلْتُمْ) **لە ئایەتی:** ﴿فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ﴾الواقعة٦٥ .

(بِرُومٍ ظَلُّوا) **واتە: لە ئایەتی** ﴿لَظَلُّوا مِن بَعْدِهِ يَكْفُرُونَ﴾الروم٥١ .

(كَالْحِجْرِ) **واتە: وەكو ئەوەی لە ئایەتی** ﴿فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ﴾الحجر١٤

(ظَلَّتْ شُعَرَا) **واتە: لە ئایەتی:** ﴿فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ﴾الشعراء٤ .

(ظَلَّتْ شُعَرَا) **واتە: لەئایەتی** ﴿ فَنَظَلُّ لَهَا ﴾الشعراء٧١، (نَظَلُّ) **لە كۆپلەی داهاتوودا واتە: لە ئایەتی** ﴿فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَى ظَهْرِهِ﴾الشورى٣٣، **تەواوكەری نۆ جێگەكەیە.**

٥٧. يَظْلَلْنَ مَحْظُورًا مَعَ المُحْتَظِرِ وَكُنْتَ فَظًّا وَجَمِيْعِ النَّظَرِ

(مَحْظُورًا) **واتە:** قەدەغە كراو لە یەك جێگەی قورئاندا باسكراوە: ﴿وَمَا كَانَ عَطَاء رَبِّكَ مَحْظُوراً﴾الإسراء٢٠، (مَعَ المُحْتَظِرِ) **واتە:** خاوەنی شوورە، **لە یەك جێگەی قورئاندا باسی هاتووە،** ﴿فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ﴾القمر٣١.

(وَكُنْتَ فَظًّا) لە (الفظاظة)ە وە هاتووە، **واتە:** ڕەقی و زبری. **لە یەك جێگەی قورئاندا باسكراوە** ﴿وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ﴾ آل عمران١٥٩.

(وَجَمِيْعِ النَّظَرِ) (النظر) **واتە:** تەماشاكردن یان بیركردنەوە، **هەشتاو چوار جار لە قورئاندا باسی هاتووە بۆ نموونە:** ﴿وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ﴾الأعراف١٩٨، ﴿وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ﴾البقرة٥٠.

٥٨. إلاَّ بِوَيْلٌ هَلْ وَأُولَى نَاضِرَهْ وَالْغَيْظِ لاَ الرَّعْدِ وَهُودٍ قَاصِرَهْ

(وَجَمِيْعِ النَّظَرِ إلاَّ بِوَيْلٌ هَلْ وَأُولَى) **واتە:** هەموو بابەتی وشەی (النظر) بە ڕەهایی كە لە قورئاندا هاتووە بە پیتی (ظـ) جگە لە (نضرة) نەبێت لە سورەتی (المطففين)، **هەروەها وشەی** (نضرة وسرورا) **لە سورەتی** (الإنسان).

(وَالْغَيْظِ) **واتە:** تووڕەیی زۆر و هەڵچوون، لە یانزە شوێنی قورئاندا هاتووە، **وەکو:** ﴿مُوتُواْ بِغَيْظِكُمْ﴾آل عمران١١٩، ﴿تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ﴾الملك٨.

(الرَّعْدِ) **واتە:** فەرموودەی خوای گەورە ﴿وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ﴾الرعد٨ و، لە سورەتی (هُـودٍ) ﴿وَغِيضَ الْمَاء﴾٤٤.

ئەم دوو وشە بە (ظ) نین و، بە (ض)ن...

(قَاصِرَهْ) **واتە: جگە لە دوو وشە لە قورئاندا نەهاتووە.**

٥٩. وَالْحَظُّ لاَ الْحَضُّ عَلَى الطَّعَامِ   وَفِـي ضَنِيْنٍ الْخِلاَفُ سَامِي

(وَالْحَظُّ) **واتە:** پشك، **لە حەوت جێگەی قورئاندا باسکراوە... وەکو:** ﴿يُرِيدُ اللّهُ أَلاَّ يَجْعَلَ لَهُمْ حَظّاً فِي الآخِرَةِ﴾ آل عمران١٧٦.

(لاَ الْحَضُّ عَلَى الطَّعَامِ) ئاگادارمان دەکاتەوە کە (حض) بەپیتی (ض) کە بەمانای هاندان دێت جیاوازەو لێرەدا باسەکە ئەو وشە ناگرێتەوە، ئەم وشەیەش **لە سێ جێگەی قورئاندا باسکراوە، وەکو:** ﴿وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ﴾الحاقة٣٤.

(وَفِـي ضَنِيْنٍ) به (ض) **واتە:** چرووك.

(الْخِلاَفُ سَامِي) ڕاجیاییەکی بەناوبانگ هەیە دەربارەی، چونکە لە قیرائەتێکدا بە (ظنين) هاتووە، **واتە:** تۆمەتبار لە خوێندنەوەی (حفص) دا بە (ض) هاتووە.

٦٠. وَإِنْ تَلاَقَيَـا الـبَيَـانُ لاَزِمُ   أَنْقَضَ ظَهْرَكَ يَعَضُّ الظَّالِمُ
٦١. وَاضْطُرَّ مَعْ وَعَظْتَ مَعْ أَفَضْتُمُ   وَصَـفِ هَا جِبَاهُهُم عَلَيْهِمُ

(وَإِنْ تَلاَقَيَـا) **واتە:** ئەگەر هەردوو پیتی (ض) و (ظ) یەكیان گرت ئەوە بزانە كە پێویستە لە سەرت هەڵسی بەئەنجامدانی ڕوونكردنەوە واتە هەردوو پیتەكە ڕوونكەیتەوە بەجوانی دەریانبخەیت.

(لاَزِمُ) **واتە:** ئەو كارە پێویستە لە سەرت، **بۆنموونە وەكو:** ﴿انقَضَ ظَهْرَكَ﴾ النوح٣، لێرەدا لەوانەیە زمان پێشكەوێت بۆ دەربڕینی (ض) وەكو (ظ) یان **وەكو:** ﴿يَعَضُّ الظَّالِمُ﴾الفرقان٢٧.

پاشان ئاگاداری دەدات دەربارەی دەرخستنی (ض) لە وشەی (اضْطُرَّ) نەوەكو (ادغام) بكرێت لە پیتی (ط) هەروەها وریابە لەتێهەڵكێشانی پیتی (ظ) لەپیتی (ت) لە وشەی (وَعَظْتَ) بەڵكو پێویستە بە جیا هەر دوو پیتەكە دەربخەیت، بە هەمان شێوە وریابە لە (ادغام)كردنی پیتی (ض) لە پیتی (ت) دا لە وشەی (أَفَضْتُمُ) بەڵكو پیویستە بە جوانی (ض) دەربخەیت.

(إبن الجزري) لە كتێبی (النشر في القراءات العشر) لاپەرە ٢٢٠ **دەفەرمویت:**

(پیویستە خوێنەری قورئان ڕاهێنان بكات لەسەر كارامە بوون لە دەربڕینی پیتی (ض) بە تایبەتی كاتێك بە تەنیشت پیتی (ض)ەوە بێت **وەكو:** (انقض ظهرك) و (یعض الظالم)، یان كاتێك نزیكی پیتیكی گەورە دەبێت **وەكو:** (الأرض-

آللّٰه) یان نزیکی پیتێکی **هاوچەشنی خۆی بێت وەکو:** (الارض ذهبا) یان کاتێك (ساکن) بێت و، یەکێك لە پیتەکانی (اطباق)ی بە دوادا بێت **وەکو:** (فمن اضطر – افضتم- وخضتم - تضليل).

(وَصَـفّ) **واتە:** بە ڕوونی دەریببڕە.

(هَـا جِبَاهُهُـم) **واتە:** هەردوو پیتی (ﻫ) لەم وشەیە بە جوانی ئاشکرا بکە.

(عَلَيْهِـمُ) بەهەمان شێوە پیتی (ﻫ) لەم وشەیە بە جوانی دەریببڕەوە، لە پیتە **هاوشێوەکانیشی وەکو:** (جنوبهم – اليهم – يزكيهم) چونکە پیتی (ﻫ) پیتێکی لاوازە و شاراوەیە پێویستە خوێنەر کۆشش بکات بۆ جوان دەرخستنیان.



بابەتی مینگە (غنّة) لە هەردوو پیتی (م) و (ن)ی (شدة)داردا

٦٢. وأَظْهِرِ الغُنَّةَ مِنْ نُونٍ وَمِنْ   مِيْمٍ إِذَا مَا شُدِّدَا وَأَخْفِيَنْ

(وأَظْهِرِ الغُنَّةَ مِنْ نُونٍ وَمِنْ) **واتە:** مینگە بە ڕوونی دەربخە لە هەردوو پیتی (ن–م)، مینگەش سیفەتێكی هۆگرە بۆ ئەم دوو پیتە لە هەموو حاڵەتێكدا، زەننەدار بن یان بزواو، ئاشكرا بن یان تێهەڵكێش كراو.

(وَأَخْفِيَنْ) **واتە:** بیشارەوە.

پایەكانی مینگە (غنة)

هەموو (غنة)یەك لە پیتەكاندا وەكو یەك نین بەڵكو جیاوازییان تێیدایە وەكو مامۆستا (ایمن سوید) ڕوونیان دەكاتە بەم شێوەی لای خوارەوە.

١. **تەواوترین مینگە (أكمل ماتكون):** لە پیتی نون و میمی (شدّە) دار و تێهەڵكێشدایە **وەكو:** (الجنّة – لن نّصبر – حمّالة الحطب – لكمْ مّاكسبتم).

٢. **مینگەی تەواو (غنّة كاملة):** لە نون و میمی شاراوەدایە **وەكو:** (ترميهمْ بحجارة – الإنْسان) **هەروەها لە نونی هەڵگێڕاوە وەكو:** (انبئهم) ئەمەش كەمێك لە شاردنەوە كورتترە، بەڵام مینگە لە هەردوكیاندا هەر درێژە.

٣. **مینگەی ناتەواو (غنة ناقصة):** لە نون و میمی زەننەدار ئاشكرا كراودایە **وەكو:** (الرحيم - من امن) كەمێك درێژ دەكرێتەوە چونكە ئەم دوو پیتە سیفەتی (بینیة) یان تێدایە.

٤. **ناتەواوترین مینگە (أنقص ما تكون):** لە نون ومیمی بزواو (متحرك) دایە **وەكو:** (نمارق مصفوفة).

واتە: هەردوو پیتی (ن) و (م) بە مینگە دەردەبڕدرێت، بەلاّم بەم پێ یەی كە ڕوونمان كردەوە.

٦٣. اَلْمِيْمَ إِنْ تَسْكُنْ بِغُنَّةٍ لَـدَى بَاءٍ عَلَى الْمُخْتَارِ مِنْ أَهْـلِ الأدَا

(اَلْمِيْمَ إِنْ تَسْكُنْ بِغُنَّةٍ لَـدَى بَاءٍ) **واتە:** ئەگەر پیتی (م) زەننەدار (ساكن) بوو لەلای پیتی (ب) دەشاردرێتەوە **واتە:** (اخفاء) دەكرێت.

(عَلَى الْمُخْتَارِ مِنْ أَهْـلِ الأدَا) **واتە:** بە پێ ی بۆچوونی پەسەندی مامۆستایانی شارەزا لەم زانستە كە (إبن الجزري) خۆیشی یەكێكە لەو كەسانە. بۆچونێكی تریش هەیە كەم كەس لە زانایان كاری پێدەكەن ئەویش بریتییە لە دەرخستنی (م)ی زەننەدار كە لەگەڵ پیتی (ب) كاتێك یەكبگرن.

بۆنموونە: (ومن يعتصمْ باالله) (وهمْ بالآخرة).

واتای گشتی كۆپلەكە:

ئەگەر میمی زەننەدار لەگەڵ پیتی (ب) یەكبگرن بەپێی بۆچوونی پەسەند (إخفاء)ی بكە.

٦٤. وَأَظْهِرَنْهَا عِنْدَ بَاقِي الأَحْرُفِ وَاحْذَرْ لَدَى وَاوٍ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي

(وَأَظْهِرَنْهَا) **واته:** ئاشكرای بكە و (اخفاء)ی مەكە.

(عِنْدَ بَاقِي الأَحْرُفِ) لەگەڵ پیتەكانی تر، ئیتر ئایا لە یەك وشەدا **وەكو:** (انعمت) یان لە دوو وشەدا بێت، **وەكو:** (مِثْلهمْ كمثل)، (ذلكمْ خير لكمْ عند بارئكم).

(وَاحْذَرْ) وریابە.

(لَدَى وَاوٍ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي) لەوەی بشاردرێتەوە كاتێك لەگەڵ پیتی (و – ف) یەكدەگرن، **وەكو:** (هم فيها خالدون) (عليهم ولا).

چونكە لەگەڵ (و) مەخرەجیان یەكێكە و لەگەڵ پیتی (ف)یش مەخرەجیان نزیكە.

تێبینی: زۆر لە خوێنەرانی قورئان دەكەونە هەڵەی شاردنەوەی (م) كاتێك بە تەنیشتی (ف) ەوە بێت بۆیە پێویستە لەو هەڵەیە وریا بن و خۆیان ڕابهێنن لەگەڵ دەرخستنیدا.

واتای گشتی:

ئەی خوێنەری قورئان وشەی (م) جگە لەو كاتەی لەگەڵ پیتی (ب) یەكدەگرن پێویستە بیشاریتەوە، لەگەڵ هەموو پیتەكانی تر بە ئاشكرا بیخوێنەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ هەردوو پیتی (و) و (ف).

سوود: لە كاتی (اخفاء) كردنی پیتی (م) و (ب) وریابە بە تەواوەتی و بە توندی لێوەكانت دانەخەیت، بەڵكو تەنها بە ئەسپایی لە یەكتر بدەن.

زانای بە ناوبانگ (المرعشی) وەكو لە كتێبی (احكام تلاوة القران/١٨٠)دا هاتوە **دەڵێت:** وا دەردەكەوێت (اخفاء)ی پیتی (م) واتای ئەوە ناگەیەنێت كە بە تەواوی پیتەكە بشاریتەوە. بەلكو لاوازی بكەیت و، داپۆشیت لە ڕێگەی پشت نەبەستنی زۆر بە مەخرەجەكەی كە لێوە.

مامۆستا (محمد منیار) لە كتێبی (الملاحظات الهامة) لاپەڕەی ٦٨ **دەلێت:**

پێویستە داخستنی لێوەكان لە كاتی دەربڕینی پیتی (م) بە هێواشی بێت چونكە واتای شاردنەوە (الإخفاء) ئەوەیە پشت بەستنی كەم بكەین لەسەر مەخرەج نەك وازهێنان لە مەخرەج بە جاریٚ، خوێنەرانیش لە دەربڕینی ئەم پیتەدا دوو جۆر هەڵە دەكەن: یان لێویان بە توندی دادەخەن و، یان بۆشاییەكی كەم لە نێوانیاندا دەهێڵنەوە، ڕاستەكەشی ئەوەیە كە باسمان كرد.



یاساكانی نونی زەننەدار و تەنوین

پیتی (ن)ی زەننەدار (ساكن)، دەكرێت لە ناو دا هەبێت، **وەكو:** (المنتهی — الانهار) دەكرێتیش لە پیتدا بێت، **وەكو:** (من — عن) لە ناوەڕاست و كۆتایی وشەشدا دێت و، هەرگیز لە سەرەتایی وشەوە نایەت، چونكە سەرەتای وشە هەمیشە دەبێت بزواو(متحرك) بێت.

سوود: دەستپێكردن پێچەوانەی ڕاوەستانە، چونكە وەكو چۆن ناكرێت وشە بە پیتی (ساكن) دەست پێ بكرێت، ناشكرێت بە بزواو لەسەر كۆتایی وشە ڕاوەستین.

٦٥. وَحُكْمُ تَنْوِينٍ وَنُونٍ يُلْفَى إِظْهَارٌ ادْغَامٌ وَقَلْبٌ اخْفَا

(وَحُكْمُ تَنْوِينٍ وَنُونٍ) **واتە:** یاسای پیتی نونی زەننەدار و تەنوین **واتە:** (دوو سەرو، دوو بۆرو، دوو ژێر).

(يُلْفَى) **واتە:** هەیە لەم حاڵەتانەی لای خوارەوە:

(إِظْهَارٌ ادْغَامٌ وَقَلْبٌ اخْفَا) **واتە:** ئاشكرا كردن و تێهەڵكێشان و هەڵگەڕانەوە و شاردنەوە.

واتای گشتی:

یاسای تەنوین و نونی زەننەدار خۆی دەبینێتەوە لە حاڵەتەكانی ئاشكرا كردن و تێهەڵكێشان و هەڵگەڕانەوە و شاردنەوە.

٦٦. فَعِنْدَ حَرْفِ الحَلْقِ أَظْهِرْ وَادَّغِمْ فِي اللاَّمِ وَالرَّا لاَ بِغُنَّةٍ لَزِمْ
٦٧. وَأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي يُومِنُ إِلاَّ بِكِلْمَةٍ كَدُنْيَا عَنْوَنُوا

پێشەوا (إبن الجزری) لەم دوو كۆپلەیەدا یاسای ئاشكراكردن و تێهەڵكێشانمان لە قورئاندا بۆ روون دەكاتەوە.

(حَرْفِ الحَلْقِ) **واتە:** پیتەكانی گەروو.

(أَظْهِرْ) **واتە:** نونی زەننەدار و تەنوین ئاشكرا بكە كاتێك دەكەونە پێش یەكێك لە پیتەكانی گەروو، كە شەش پیتن: (ء – هـ – ع – ح –غ – خ).

پێناسەی (الاظهار):

لە زمانەوانیدا: **واتە:** ڕوونكردنەوە و ئاشكراكردن.

لە زاراوەدا **واتە:** دەرخستنی نون بە تەواوی بەبێ هیچ دەستكاریەك لە سیفەتەكانی.

سوود: هۆكاری ئاشكرا كردن (الإظهار) دووریی مەخرەجی پیتی نونە لە مەخرەجی شەش پیتەكانی ئاشكراكردن، بۆیە هیچ نزیكبوونەوە یان لێكچونێك نیە لە نێوانیاندا.

ئاشكراكردن (اظهار) سێ پایەی هەیە:

یەكەم: بەرزترین پایەی كە لە هەموویان ڕوونترە. دەرخستنی نونی زەننەدار و تەنوینە لەگەڵ هەردوو پیتی (ء– هـ) چونكە دوور ترین پیتەكانی (گەروو)ن لە پیتی نونەوە.

دووەم: پایەیەكی مام ناوەندی لەگەڵ (ع – ح) چونكە ناوەڕاستی گەرووە.

سێ یەم: نزمترین پایەی لەگەڵ (غ – خ) چونكە نزیكترین پیتەكانی گەروون لە مەخرەجی پیتی نونەوە.

ئاماژە: ئەم جۆرە (اظهار)ە پێیی دەوترێت (اظهار حلقي) ئەمەش هەندێ نمونەی ئاشكراكردنی پیتی نونە لەگەڵ پیتەكانی گەروو:

لە دوو وشەدا **وەكو:** (مَنْ امن – مَنْ هاد – مَنْ عند – مَنْ غير – ولَمَنْ خاف).

لە یەك وشەدا **وەكو:** (ينأون – منهم – الانعام – ينحتون).

ئەمەش هەندێ نمونەی ئاشكرا كردنی تەنوینە لەگەڵ پیتەكانی گەروو كە تەنها لە دوو پیتدا دروست دەبن **وەكو:** (عذابٌ اليم – سلامٌ هي – حكيمٌ عليم – غفورٌ حليم – ربٌ غفور – علياً خبيراً).

(وَأَدْغِمَنْ) لێرەوە (إبن الجزري) باسی یاسای دووەممان بۆ دەكات كە بریتی یە لە تێهەڵكێشان (الإدغام):

پێناسەی (الادغام):

لە زمانەوانیدا: **واتە:** تێهەڵكێشان. لە عەرەبیدا **دەوترێت:** (ادغمت اللجام في فم الفرس – لەغاوەكەم لەدەمی ئەسپەكە **هەڵكێشا**) **واتە:** لە یەكگرتنی دوو پیت و، دوومیان بزواو (متحرك) بێت لەو حاڵەتەدا پیتی یەكەم لا دەبەین لە دەربڕیندا و، پیتی دووەم (شدة) دار دەكەین.

تێهەڵکێشان (ادغام) یش دەبێتە دوو بەشەوە:

یەکەم: تێهەڵکێشانی تەواو، **واتە**: تێهەڵکێشانی بیّ مینگە، ئەمەش لە هەردوو پیتی (ل – ر) دا دروست دەبێت، ئەوەش مەبەستی (إبن الجزري) کە **فەرمویەتی**:

(فِي اللاَّمِ وَالـرَّا لاَ بِغُنَّـةٍ لَـزِمْ).

نمونەی ئەم جۆرە: (فانْ لم يفعلوا – هدىً للمتقين – منْ ربهم – من ثمرةٍ رزقاً).

دووەم: تێهەڵکێشانی ناتەواو، **واتە**: مینگە دار، ئەم جۆرەش لەگەڵ پیتەکانی وشەی (یومن)[1] دروست دەبێت، ئەمەش واتای فەرموودەی (إبن الجزري):

(وَأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي يُومِنُ) نمونەی ئەم جۆرە: (منْ يقول – منْ ورائهم – وجناتٍ وعيون).

(إِلاَّ بِكِلْمَةٍ كَدُنْيَا عَنْوَنُوا) **واتە**: ئەگەر لە حاڵەتێکدا دوو پیتەکە لە یەك وشەدا بوون وەکو وشەی (دنْیا)، یان (صنْوان) و (قنْوان) و (بنْیان) لەم چوار وشەی قورئاندا دروست نیە (ادغام) بکرێت بەڵکو پێویستە (اظهار) بکرێت.

بۆچی تێهەڵکێشان لەو چوار وشەیە دروست نیە؟

مامۆستا (محمود خلیل الحصري) لە کتێبی (احکام تلاوة القران الکریم) لاپەڕە ١٧٦ **دەفەرموێت**:– **هۆکاری** (ادغام) نەکردن لەو چوار پیتە مەترسی تێکچونی

---

[1] هەندێکیش بە وشەی (ینمو) دایانرێژاوە.

واتاكەیە **وەكو:** (صنْوان)، دروست نیە بلێین: (صوّان) یان (دنیا) چونكە لەو حالەتەدا بنچینەی وشەكە نازانرێت چیە[١].

سوود: (ادغام)ی مینگەدار، بۆیە بەناتەواو ناو دەبرێت، چونكە پیتی نون (ادغام) دەكەین، بەلاّم سیفەتی مینگەی تێدا دەهێڵینەوە.

(ادغام)ی بێ مینگەش بۆیە ناونراوە (ادغام)ی تەواو چونكە نونەكە بە تەواوەتی تێهەڵكێش دەكەین و هیچ سیفەتێكی ناهێڵینەوە.



[١] بڕوانە: اللمعة البدرية فی شرح متن الجزرية /٦٩.

هەڵگەڕاندنەوە و شاردنەوە
(الإقلاب و الإخفاء)

٦٨. وَالقَلْبُ عِنْدَ البَا بِغُنَّةٍ كَذَا   لاخفَا لَدَى بَاقِي الحُرُوفِ أُخِذَا

(وَالقَلْبُ عِنْدَ البَا بِغُنَّةٍ كَذَا) **واتە:** هەڵگەڕاندنەوەی نون و تەنوین لەگەڵ پییتی (ب) و گۆڕینی بۆ میمێكی شاراوە پێویستە **وەكو:** (أنْبِئْهم – مِنْ بعد – صمٌّ بكم).

سوود: (إبن الجزري) لەكتێبی (تقريب النشر) لاپەڕە ١٣٢ **دەڵێت:** (دوو پیتی نون وتەنوین لەلای پیتی (ب) دەكرێتە میمێكی پەتی بەلأم "اخفاء" دەكرێت)[١].

پێناسەی (القلب)[٢]:

لەزمانەوانیدا: **واتە:** هەڵگەڕانەوە.

---

[١] نونی زەننەدار و تەنوین ئاشكرا دەكرێن كاتێك یەك بگرن لەگەڵ پیتەكانی گەروو كە بریتین لە (ء، هـ، ع، ح، غ، خ) بەلأم كاتێك لە گەڵ هەر دوو پیتی (ل، ر) یەكبگرن تێهەڵكێش دەكرێن بەتەواوی و بەبێ مینگە، ئەگەر لەگەڵ چوار پیتی وشەی (یومن) یەكبگرن تێهەڵكێشی ناتەواوی مینگەدار دەكرێن تەنها لە چوار وشەدا نەبێت لە قورئان پێویستە ئاشكرا بكرێن ، ئەو وشانەش بریتین لە: (دنیا – صنوان – قنوان – بنیان) .

[٢] لە كتێبی (احكام التلاوة)ی ماموستا (الحصري) داهاتووە كەوشەی (الاقلاب) لەڕووی زمانەوانی یەوەهەڵەیەوە ڕاست و دروست ئەوەیە بڵێین (قلب) نەك (اقلاب)!

لەزاراوەدا: گۆڕینی پیتێك بۆ پیتێكی تر لەگەڵ ڕەچاوكردنی مینگە و شاردنەوە لەپیتی یەكەمدا، **واتە:** گۆڕینی نونی زەنەدار (ساكن) لەدەر بڕیندا بۆ

پیتی (م) ئەگەر پیتی (ب) ی بەدوادابێت. هاوكات لەگەڵ (اخفاء) كردنی میمەكە.

(لاخْفَا لَدَی) **واتە:** شار دنەوەش بەهەمان شێوە.

پێناسەی (الاخفاء):

لەزمانەوانیدا **واتە:** شاردنەوە.

لەزاراوەدا **واتە:** كاتێك نون و تەنوین بكەوێتە پێش پیتەكانی تر كەبریتین لە پانزە پیت دەشار درێتەوە.

پیتەكانی (الاخفاء): (ص – ذ – ث – ك – ج – ش – ق – س – د – ط – ز – ف – ت – ض – ظ).

ئەم پیتانەش لە سەرەتای پیتەكانی ئەم دێرە دا كۆكراوەتەوە:

صف ذا ثنا كم جاد شخص قد سما دم طيبا زد في تقى ضع ظالما

نمونەی (اخفاء): (يَنْصركم – ءأُنذرتهم – منْشورا – ينْكثون – وانْجينا – منْشورا – ينْقلب – منْسأته – انْدادا – ينْطقون – انْزلنا – انْفقوا – كُنْتم - منْضودا – ينْظرون)[1].

---

[1] بڕوانە: الجامع في تجويد قراءة القران الكريم / ٧٧ .

پایەکانی شاردنەوە سێ پایەن:

١- **بەرزترین شاردنەوە:** لەپیتەکانی (ط - د - ت)ە بەهۆی نزیکیان لە مەخرەجی نونی زنندارو تەنوینەوە.

٢- **نزمترین شاردنەوە:** لەپیتەکانی (ق - ك)ە بەهۆی دووریی مەخرەجیان لەپیتی نونی زنندارو تەنوینەوە.

٣- **شاردنەوەی مام ناوەند:** لە پیتەکانی تردایە چونکە مەودایەکی مام ناوەندیان هەیە لە مەخرەجی نونەوە[1].

چۆنیەتی دەربڕینی شاردنەوە (الأخفاء):

١- خوێنەر خۆی بۆ ئامادە دەکات لەپێش پیتی نونەوە، **واتە:** بۆنمونە لەپیتی (فانذر) خوێنەر دەمی ئامادە دەکات لە مەخرەجی هەمزەوە بۆ مەخرەجی (ذ).

٢- هاوکات پێویستە (غنة) **واتە:** مینگەی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت.

٣- دەنگێکی کەمیش لەدەمەوە دەر دەچێت بەهۆی دانەخستنی مەخرەجی نون بەڵام دەبێت مینگەکە زۆر بێت ٧٥٪ مینگە، ٢٥٪ لە دەمەوە[2].

سوود: گەورەیی و بچوکی مینگە لە حالەتی شاردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی و نزمی پیتەکە، بۆ نمونە: مینگە گەورە دکرێتەوە ئەگەر بە دوای نونی زەنندارو تەنویندا پیتێکی بەرز بێت: (ص - ض - ط - ظ - ق)، **وەکو:** (ينصركم - منظود - ينطقون - فانظر - ينقلب). ۞۞۞

---

[1] بڕوانە: الميسر الفريد / ١٠٤ ، غاية المريد / ٦٥ .

[2] ئەمە بۆچونی دکتۆر (ايمن سويد)ە، لەکتێبی النور المبين /٤٠ .

بابەتی مەددەکان

٦٩. وَالمَـدُّ لاَزِمٌ وَوَاجِــبٌ أَتَــى   وَجَائِزٌ وَهْـوَ وَقَصْـرٌ ثَبَتَا

واتە: جۆرەکانی مەدد بریتین لە مەددی (لاَزِمٌ) و (وَاجِــبٌ) و (جَائِزٌ).

پێناسەی (المد):

لە زمانەوانیدا **واتە:** زیادە.

لەزاراوەدا **واتە:** درێژکردنەوەی دەنگ بەیەکێك لە پیتەکانی مەدد.

پیتەکانی مەدد بریتین لە:

(ا) ئەلفی زننە دار پیتی پێش خۆی سەر (فتحة)ی هەبێت **وەکو:** (قال).

(و) واوی زننەدار پیتی پێش خۆی بۆر (ضمة)ی هەبێت **وەکو:** (يقول).

(ي) زەننەدار پیتی پێش خۆی (کسرة)ی هەبێت **وەکو:** (قيل).

هەموو پیتەکانی مەددیش لەوشەی (نوحيها) کۆبونەتەوە[1].

مەدد دوو جۆرە:

– **بنەڕەتیی یان (ئاسایی):** ئەم جۆرە هۆکارێك نیە بۆ درێژ کردنەوەی، بەڵکو درێژ دەکرێتەوە تەنها بەهۆی بوونی یەکێك لە پیتەکانی "مەدد و لین" لەوشەکەدا،

---

[1] بروانە: الفتح المجيد في علم التجويد / محمد ابراهيم المالكي / ٢٠ .

هۆی ناونانیشی بە بنەڕەتی یان ئاسایی ئەوەیە خاوەنی فیترەت و سروشتی تەواو بەبێ زیادوو کەم بەو شێوە دەریدەبڕێت، لەوانەشە ئەوە هۆکاری باس نەکردنی (إبن الجزري)بێت بۆ ئەو جۆرە مەددە.

– **مەددی لاوەکی (الفرعي):** هۆی دروست بوونی یان هەمزەیە یان زننەیە، وەکو دواتر باسیان دەکەین (إن شاءالله).

واتای گشتی:

جۆرەکانی مەدد بریتین لە مەددی (لازم) و (واجب) و (جائز) ئەم جۆری سێیەمیشە دروستە بەکورتی و بەدرێژی بخوێنرێتەوە[١].

٧٠. فَلاَزِمٌ إِنْ جَاءَ بَعْدَ حَرْفِ مَـدْ   سَـاكِنُ حَالَيْنِ وَبِالطُّولِ يُمَدْ

(إبن الجزری) لەم دێڕەدا یەکەمین جۆرەکانی مەدد ڕووندەکاتەوە، کە مەددی (لازم)ە.

(إِنْ جَاءَ بَعْدَ حَرْفِ مَـدْ) **واتە:** ئەگەر لەدوای یەکێك لە پیتەکانی مەددەوە بێت.

(سَـاكِنُ حَالَيْنِ) **واتە:** لەحالەتی ڕاوەستان و بەردەوام بووندا هەر (ساكن) بێت.

[١] بەلاَم کورتکردنەوە واتە: (القصر) لەڕێگەی (الطیبة)وەیە، نەك لەڕێگەی (الشاطبیة)وە، بۆیە ئەو کەسەش کەڕیوایەتی (حفص) لەڕێگەی (الشاطبیة)ەوە دەخوێنێت بۆی نیە بە (قصر) مەددی نفصل بخوێنێت.

(وَبِالطُّولِ يُمَدْ) **واتە:** بەئەندازەی شەش جوڵە (حركة).

دوو وتە هەیە سەبارەت بە ناونانی ئەم جۆرە مەددە بە مەددی (لازم):

یەكەم: چونكە هەموو خوێنەرانی قورئان (القراء) یەك دەنگن لەسەر پێویستی درێژكردنەوەی.

دووەم: چونكە ئەم جۆرە مەددە هەر دەمێنێتەوە لە حاڵی ڕاوەستان و بەر دەوام بووندا.

مەددی (لازم) دەبێتە چوار بەشەوە:

أ- مەددی وشەیی قورس كراو (المد الكلمي المثقل) واتە: زەننە كەوتبێتە پاش پیتی مەدد لە یەك وشەدا، زننەكەش تێهەڵكێش كرابێت، **وەكو:** (الضَّالِّين – حاجّك – تأمرونّي).

ب – **مەددی وشەیی سوككراو (المد الكلمي المخفف) وەكو:** (ءَآلْـَٔنَ) لەهەردوو جێگەكەی سورەتی یونس دا.

ج- **مەددی پیتیی قورسكراو (المد الحرفي المثقل) واتە:** زننەكە ئەسڵی بێت و تێهەڵكێشراو بێت كەوتبێتە پاش پیتی مەدد، ئەم جۆرەش تەنها لەسەرەتای سورەتەكانەوە هەیە **وەكو:** (طسم) (الم).

د- **مەددی پیتی سووككراو (المد الحرفي المخفف) واتە:** زننەی ئەسڵی تێهەڵكێش نەكراو لەپاش پیتی مەددەوە هاتبێت **وەكو:** (ق) (الـر).

تێبینیەك سەبارەت بە دەر بڕینی پیتی (م) لەئایەتی (الم) كەلەسەرەتای سورەتی (أل عمران)ە

لەو حالەتە پێویستە بە ئەندازەی شەش جوڵە درێژ بكرێتەوە، ئەگەر لەگەڵ ئایەتی پاش خۆی پێكەوە خوێندمانەوە لەو حالەتە پیتی (م) لە وشەی (الم) سەر (فتحة)ی دەبێت و هەمزەی وشەی مەزنی (الله)یش دەرناكەوێت، چونكە ئەوە (همزة الوصل)ە لەكاتی بەر دەوام بوون دا لا دەبرێت، (فتحة)ی میمەكەش هەر تووش هاتوە بەهۆی یەككگرتنی دوو زەنتەدار.

لەكاتی بەردەوام بوون دا دوو حالەت دروستە:

١- درێژ كردنەوەی پیتی (م) بە شەش جوڵە لەڕووی ئەوەوە كە لە بنچینەدا زەنتەدارە.

یان كورت كردنەوەی بۆ دوو جووڵە لەڕوی ئەوەی كە زننەكەی نەماوە، هۆكاری مەددە (لازم)ەكە لا چووە.

تێبینی: مەددی (لازم)ی وشەیی كە لە پێشەوەی هەمزەی پرسیار هاتبێت و لەپاشی لامی ناساندن (لام التعريف) هاتبێت پێی **دەوترێت:** (مد الفرق) **واتە:** مەددی جیاكردنەوە، بۆنمونە جیاوازی نێوان وشەی (ءَآلۡـَٔنَ)ی پرسیار كردنەكە دوو جار لە سورەتی (یونس) هاتووەو وشەی (الآنَ)ەی خەبەری تەنها مەددەكەیە.

مەددی (واجب)ی لكاو (متصل):

٧١. وَوَاجِـبٌ إِنْ جَاءَ قَبْلَ هَـمْزَةِ   مُتَّـصِلاً إِنْ جُـمِعَا بِكِلْمَةِ

لێرەدا باسی جۆرێكی تری مەدمان بۆ دەكات كە بریتیە لە:

(وَوَاجِـبٌ إِنْ جَاءَ قَبْلَ هَـمْزَةِ) **واتە:** مەددی (واجب) ئەو مەددەیە كە پیتی مەدد لە پێش هەمزەوە هاتبێت لەناو یەك وشەدا وەكو دەر دەكەوێت لەوتەی (إبن الجزري) (مُتَّـصِلاً إِنْ جُـمِعَا بِكِلْمَةِ) **واتە:** لكاو بێت و لە نێو یەك وشە دا بێت **وەكو:** (السوء – قروء – سيئت – جيء - اولئك - ساء).

ئەم جۆرە مەددە هەمیشە لەیەك وشەدا دروست دەبێت، پێشەوایانی خوێندنەوەی قورئان هەموویان یەك بۆچونن لەسەر درێژ كردنەوەی، بەلاَم جیاوازیان تێدایە سەبارەت بە ئەندازەی درێژ كردنەوەكەی.

مەددی ڕێپێدراوی جیا (المد المنفصل الجائز):

٧٢. وَجَائِزٌ إِذَا أَتَـى مُنْفَصِلاَ   أَوْ عَرَضَ السُّكُونُ وَقْفًا مُسْجَلاَ

(وَجَائِزٌ) **واتە:** ئەم جۆرە مەددە ڕێپێدراو (جائز)ی پێ دەوترێت.

(إِذَا أَتَـى مُنْفَصِلاَ) **واتە:** ئەگەر پیتی مەدد لە هەمزەكە جیا بێت.

واتە: لە دوو وشەدا بن، پیتی مەدد لە كۆتای وشەی یەكەمدا بێت و هەمزەكە لەسەرەتای وشەی دووەم دا بێت، **وەكو:** (اني أنا – وما أرسلنا – قالوا آمنا) ئەمە بەشی

یەكەمە لە بەشەكانی مەددی ڕێپێ دراو (جائز)، بەشی دووەمیش لە حاڵەتێك دایە (عَـرَضَ السُّكُونُ) **واتە:** زننەیەكی توشهاتوو دروست بێت.

(وَقْـفًا) **واتە:** بەهۆی ڕاوەستانەوە، **وەكو:** (العالمين – نستعين – بارزون – المؤمنون – الباد – البلاد).

لەم واتایانە باسمان كرد، دەر دەكەوێت **مەددی (جائز) دوو جۆرە:**

یەكەم: مەددی جیا (المنفصل) كە هۆكارەكەی هەمزەیە.

دووەم: مەددی توشهاتو بەهۆی زننە (المد العارض للسكون) ئەوەش بەهۆی زننە (سكون)ەوەیە، **حوكمی ئەم دوو جۆرە مەددش ئەوەیە.**

١. كورت بكرێتەوە بۆ دوو جوڵە (٢ حركە).

٢. مام ناوەندی درێژ كرێتەوە چوار جوڵە (٤ حركە).

٣. درێژ كردنەوەی تەواو شەش جوڵە (٦ حركە).

سەبارەت بە مەددی جیا (المنفصل) ئەوە بزانە كە جیابونەوەكەی دوو جۆرە:

١. جیابوونەوەیەكی ڕاستە قینە:

واتە: پیتی مەدد جێگیر بێت لە نوسینی قورئان و دەر بڕینی دا، **وەكو:**

(بما انزل – امري الى الله).

٢. جیا بوونەوەیەكی حوكمی:

واتە: پیتی مەدد جێگیر بێت لە دەربڕیندا و، لابرێت لەنووسیندا (**واتە:** لەنووسینی قورئاندا) **وەکو:** (يأيها – يأدم – هؤلاء – إنه أنا) ئەمەش هەمان یاسای بەسەردا دەسەپێت.

سوود: لەوشەی (هؤلاء) دوو جۆر لە جۆرەکانی مەدد کۆبوەتەوە مەددی جیا لە(هؤ)مەددی لکاو لە (لاء) بۆیە ئاگادار بە)[1].

ئاگاداری: جۆرێکی تر هەیە لەمەدد مەددی گۆڕاو (بدل)ی پێ دەوترێت، **واتە:** یەکەم جار هەمزەدێت و پاش ئەوە پیتی مەدد دێت، **وەکو:** (آدم – إيمان – اوذوا– آزرْ– اوتوا) لەبنچینەشدا ئەم جۆرە وشانە دوو هەمزەیان هەیە، **واتە:** ئەو وشانە لەبنچینەدا بەم شێوەیە بوونە (أأدم – إئمان – أؤذوا – أأزر – أؤتوا) بەلاَم بەهۆی قورسی دەربڕینی دوو هەمزە پێکەوە عەرەب هەر لەدێر زەمانەوە هەمزەی دووەمیانی گۆڕیوە لە چەشنی جوولەی پێش خوی، **ئەم جۆرە مەددەش دەبێت بەدوو بەشەوە:**

١. مەددی گۆڕاوی بنەڕەتی (مد البدل الاصلي) کە کەمێك پێش ئێستا باسمان کرد.

٢. مەددی لێکچو بە گۆڕاو (المد الشبيه بالبدل) کە پیتی هەمزەی دوای پیتی مەد لە هەمزەوە نەگۆڕاوە (وەکو جۆری پێشوو) بەڵکو بنەڕەتیە لەخودی وشەدا، **وەکو:** (يشاؤون – ليؤوس).

---

[1] بڕوانە: اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / ٧٧ – ٧٩.

مامۆستای قورئان خوێنی پایە بەرز (محمود خليل الحصري)ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت لەكتێبی (احكام تلاوة القران الكريم) لاپەڕە/٢٢٨ **فەرمویەتی:**

جیاوازی هەیە لە پایەكانی درێژ كردنەوەی پیتە كانی مەددا، لەڕووی بەهێزی ولاوازی بەپێی جیاوازی هۆكارەكانیان، جا ئەگەر هۆكاری درێژ كردنەوەكە بە هێز بوو، درێژ كردنەوەكە بەهێز دەبێت، ئەگەریش لاواز بوو لاواز دەبێت.

لە هەموویان بەهێزتر مەددی (لازم)ە، چونكە لەڕاوەستان و بەردەوام بووندا هەر جێگیرە، هەروەها هەموو پێشەوایانیش یەك دەنگن لەسەر درێژ كردنەوەی بەیەك ئەندازە كە شەش جوڵەیە، پاشان هۆكاری مەددی لكاو كە هەمزەیە، ئەویش بەهۆی جێگیربوونی لە ڕاوەستان و بەردەوام بووندا و، یەك دەنگی زانایان لەسەر درێژ كردنەوەی بەئەندازەیەكی جیاواز.

پاش ئەو دوو جۆرە هۆكاری مەددی توش هاتوو بەزەننە دێت، كە (سكون)ە، دكتۆر (أيمن سويد) **دەڵێت:**

ئەگەر زیاتر لە هۆكارێك كۆبوویەوە بۆ یەك پیتی مەدد، هۆكارە لاوازەكە لا دەبرێت و، بەهێزەكە كاری پیٚ دەكرێت، **وەكو:** لابردنی (بدل) وكار پێكردنی (لازم)و (متصل) یان لابردنی (بدل) و كارپێكردنی (عارض) و (المتصل)، ئەگەر مەددی (متصل) و (عارض) كۆببێتەوە لەوشەیەكدا **وەكو:** (السماء)بە هۆكارە بەهێزەكە كار دەكرێت كە (متصل)ە.

دكتۆر ئەیمن دەڵێت:

هەموو ئەم باسەش لەلایەن (إبراهیم شحاتة السمنودي) مامۆستامەوە پوختە كراوەتەوە بەوەی كە **فەرموویەتی:**

اقوى المدود لازم فما اتصل   فعارض فذو انفصال فبدل

وسـبـبـا مـد اذا مـا و جــدا   فــان اقـوى السببين انفـرادا



بابەتی ڕاوەستان و دەست پێكردن (الوقف والإبتداء)

٧٣. وَبَعْدَ تَجْوِيدِكَ لِلْحُرُوفِ — لاَبُدَّ مِنْ مَعْرِفَةِ الْوُقُوفِ

٧٤. وَالابْتِدَاءِ وَهْيَ تُقْسَمُ إِذَنْ — ثَلاَثَةً تَامٌ وَكَافٍ وَحَسَنْ

پێناسەی (الوقف والابتداء):

(الوقف): لە زمانەوانیدا **واتە:** ڕاوەستان، یان **وەكو:** (إبن منظور) دەڵێت: پێچەوانەی دانیشتن)[١].

لە زاراوەدا **واتە:** دەنگ بڕین و كۆتایی هێنان بە خوێندنەوەی وشەیەكی قورئانی پیرۆز لەگەڵ هەناسەدان و هەبوونی نیاز بۆ تەواو كردنی خوێندنەكە جارێكی تر، ڕاوەستانیشی پێ ناوترێت ئەگەر هەناسە نەدات، وەستانیش لە كۆتایی ئایەتەكاندا دەبێت، یان لە كۆتایی وشەیەكدا، هەرگیز لە ناوەڕاستی وشەشدا ئەنجام نادرێت[٢].

(الابتداء):

لە زمانەوانیدا: دەستپێكردن.

---

[١] بڕوانە: (لسان العرب) ماددەی (و، ق، ف)، هەروەها بۆ هەموو واتا زمانەوانییەكانی بڕوانە: علم الوقف والابتداء في القران واللغة العربية / د. عبدالرزاق أحمد الحربي /١٣ – ١٤ .

[٢] بڕوانە: اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / ٨٣ .

له زاراوەدا: دەستپێكردنی قورئان خوێندن پاش برین یان ڕاوەستان له خوێندنەوە، بە ئارەزووی خوێنەرەكە[١].

یان: چۆنییەتی دەستپێكردنی دەربڕینی وشەی قورئان له حاڵەتی گواستنەوە له بێ دەنگی یەوە بۆ قسەكردن[٢].

گرنگی فێربوونی ئەم زانستە:

دەگێڕنەوە كە (عبدالله بن عمر) ڕەزای خوای لێبێت **فەرموویەتی:** (سەردەمێكمان له تەمەنمان بەسەربرد، ئیمان و باوەڕمان بەسەردا دادەبەزی له پێش دابەزینی قورئان، سورەتێك دادەبەزییە سەر پێغەمبەری سەروەر، ئێمەش فێری حەڵاڵ و حەرام دەبووین و، فێردەبووین له چی جێگەیەكدا پێویستە ڕاوەستین، وەكو چۆن ئێوە ئەمڕۆ فێری قورئان خوێندن دەبن، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ كەسانێكمان بینی قورئانی لەپێش ئیماندا دەدرێتێ سەرتاسەری قورئان دەخوێنێتەوە بەڵام نازانێ كامە فەرمانە و كامە هەڕەشەیە، یان لەكام ئایەتدا پێویستە ڕاوەستێ)[٣].

ئەم شوێنەوارەش كە پێشەوا (البيهقي) دەیگێڕێتەوە، وەكو پێشەوا (السيوطي) **فەرموویەتی:** (بەڵگەیە لەسەر یەكدەنگی هاوەڵان لەسەر گرنگی ئەم بابەتە).

---

[١] الجامع / ٣٤٤ .
[٢] اللمعة /٨٣ .
[٣] بروانە: الاتقان في علوم القران / السيوطي/١/٢٣٦.

هەروەها بەڵگە لەسەر ئەوەی هاوەڵە بەڕێزەکان فێری ڕاوەستان دەبوون لە قورئاندا، هاوەڵان و تابیعییەکانیش، هەروەها پێشەوا قورئان خوێنەکانیش، لەسەر هەمووشیانەوە پێشەوایان (نافع و ابو عمرو و یعقوب و عاصم) یەکدەنگن لەسەر گرنگی ئەم زانستە بەڕادەیەك کە زۆرێك لە زانایان مەرجیان داناوە کە ئیجازە نەدرێتە هیچ قوتابییەك تاوەکو شارەزانەبێت لە ڕاوەستان لە قورئاندا.

(وَبَعْدَ تَجْوِيدِكَ لِلْحُرُوفِ) **واتە:** پاش شارەزابوونت لە ڕاست و جوان خوێندنەوەی پیتەکان لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی کە وەرتگرت دەربارەیان.

(لأَبُدَّ) **واتە:** پێویستە ئەوان بڕازێنیتەوە بە:

(مَعْرِفَةِ الْوُقُوفِ) شارەزابوون لە زانستی ڕاوەستان لە قورئاندا هەروەها بە:

(الإبتداء) بە زانستی دەستپێکردنیش، چونکە ئەویش مەسەلەیەکی گرنگە. بەهەمان شێوە ئەوەش بزانە کە ڕاوەستان لە قورئاندا دەبێتە سێ بەشەوە:

١- ڕاوەستانی تەواو (تام).

٢- ڕاوەستانی کیفایەت (کافي).

٣- ڕاوەستانی جوان (حسن).

پاشان پێشەوا (إبن الجزري) دەست دەکات بە شیکردنەوەی ئەم مەسەلە، دەفەرموێت:

٧٥. وَهْيَ لِمَا تَمَّ فَإِنْ لَمْ يُوجَدِ تَعَلُّقٌ أَوْ كَانَ مَعْنًى فَابْتَدِي

٧٦. فَالتَّامُ فَالْكَافِي وَلَفْظًا فَامْنَعَنْ إِلاَّ رُؤُوسَ الآيِ جَوِّزْ فَالْحَسَنْ

(وَهْيَ) **واته:** ئەو جۆرە ڕاوەستانانەی باسمان كرد بۆ ئەوە دەبێت كە:

(لِمَا تَمَّ) واتاكەی تەواو بێت.

واته: ئەو ڕاوەستانە بۆ ئەو جێگایانە لە قورئان كە واتایەكی تەواو بگەیەنێت. تاكو ئێرە قسە دەربارەی ڕاوەستان تەواو بوو، ئینجا دەستی كردە باسكردنی دەستپێكردنەوەی پاش ڕاوەستان و، فەرمووی:

(فَإِنْ لَمْ يُوجَدِ) **واته:** ئەو جێگەی كە لەسەری ڕادەوەستێت (تَعَلُّقٌ) پەیوەندی نەبوو بە پاشی خۆیەوە.

(أَوْ كَانَ) یان هەیبوو، بەڵام پەیوەندییەكی واتایی بوو، نەك وشەیی[١].

(فَابْتَدِي) **واته:** بۆت هەیە لەكاتی گەڕانەوەت بۆ خوێندنی قورئان لەو جێگەوە دەست پێبكەیت كە لە پێشەوە ڕاوەستای. تاكو ئێستا باسی دووجۆر ڕاوەستانی كردووە (تَامُ) پەیوەندی نییە بەدوای خۆیەوە (الْكَافِي) كە پەیوەندی هەیە بەدوای خۆیەوە.

---

[١] واته: قسەكە پێكەوە لكاوە لە ڕووی واتاوە، بەڵام جیایە لە ڕووی وشەوە، وەكو ڕاوەستان لەسەر ﴿لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا﴾الكهف٧١، ئەمە كۆتاییی ئایەتەكەیە و، دابڕاوە لە پاشی خۆی لە ڕووی وشەوە، بەڵام پێوەی لكاوە لە ڕووی واتاوە .

(وَلَفْظًا) **واتە:** ئەگەر ئەو پەیوەندییە لە وشەدا بوو (فَامْنَعَنْ) ئەو جۆرە دەستپێکردنە قەدەغە بکە، **واتە:** دەست پێمەکە لەو جێگەی کە لەپێشەوەی ڕاوەستاو بووی، بەڵکو لە هەرجێگەیەکەوە دەست پێبکە لە ئایەتەکە کە دروست بێت دەستی پێبکەیت.

(إِلَّا) تەنها لەیەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش:

(رُؤُوسَ الآيِ) **واتە:** سەری ئایەتەکان، دروستە ڕاوەستی لەسەریان و، لە سەرەتای ئایەتەکەی پاش خۆیەوە دەست پێبکەیت. با باسەکەشی پێکەوە لکاو بێت لە ڕووی وشەوە، ئینجا ڕوونی کردەوە کە ئەم جۆرە پێی دەوترێت: (الْحَسَنْ).

واتای گشتی:

ئەو ڕاوەستانانەی کە باس کران بۆ حاڵەتێکە واتاکەی تەواو بێت، جا ئەگەر ئەو جێگەی لەسەری ڕاوەستای هیچ پەیوەندییەکی بەدوای خۆیەوە نەما، لەو حاڵەتە دەتوانی لەوشەی پاش ڕاوەستانەکەتەوە دەست پێبکەیت، یان ئەگەر پەیوەندی هەبوو لە ڕووی واتاوە، نەك لە ڕووی وشەو ئیعرابەوە ئەوەش هەر دەتوانی لە پاش ئەو جێگەیەی ڕاوەستای لەسەری دەست پێبکەیت.

ڕاوەستانی تەواویش ئەوەیە کە **هیچ** پەیوەندی بە پێشی خۆیەوە نەبێت ئەمەش زیاتر لەسەر ئایەتەکاندا ڕوودەدات، یان لە کۆتایی سەرگوزشتەکان، **وەکو:** (مالك يوم الدين) و، دەست پێکردن بە (اياك نعبدواياك نستعين).

ڕاوەستانی (کافی)یش ئەوەیە لە جێگەیەك ڕاوەستیت واتاکەی تەواو بووبێت بەلاّم لە ڕووی واتاوە پەیوەندی هەر مابێت بەدوای خۆیەوە **وەکو:** (ومما رزقناهم (وبالآخرة هم يوقنون) بەلاّم ئەگەر لە ڕووی وشەو ئیعرابەوە پەیوەندی مابوو لەو جێگەوە دەست پێ مەکە، ئەگەر سەر ئایەتەکان بێت ئەوە دروستەوە و ڕاوەستانی (حسن)ی پێ دەوترێت.

٧٧. وَغَيْرُ مَا تَمَّ قَبِيْحٌ وَلَـهُ ... أَلْوَقْفُ مُضْطَرًّا وَيُبْدَا قَبْلَهُ

واتە: ئەوە بزانە هەر ڕاوەستانێك جگە لەم ڕاوەستانە (التام – الكافی– الحسن) ڕاوەستانی ناشیرینی پێدەوترێت، دروست نییە ئەو جۆرە ڕاوەستانە مەگەر لە ڕووی ناچارییەوە، دروستیش نییە لە پاش ئەو جێگەی ڕاوەستانەوە دەست پێبکرێت، بەڵکو پێویستە بگەڕێتە دواوە لە پێش ئەو جێگەوە دەست پێبکات کە بەناچاری لەسەری ڕاوەستاوە.

نموونەی ڕاوەستانی ناشیرین (الوقف القبيح) لە دوو جۆر ڕاوەستاندایە:

جۆری یەکەم: ڕاوەستان لەسەر وتەیەك کەواتاکەی ڕوون نییە بە هۆی پەیوەندی زۆری بە پێش خۆیەوە وەکو ڕاوەستان لەسەر وشەی (بسم) لە (بسم الله) یان ڕاوەستان لە سەر (الحمد) لە (الحمد لله)[1].

[1] وەکو ڕاوەستان لەسەر (حرف جر) و جیاکردنەوەی لە (إسم مجرور) و، ڕاوەستان لەسەر (مضاف) و جیاکردنەوەی لە (مضاف إليه)، هەروەها ، ڕاوەستان لەسەر (مبتدأ) و جیاکردنەوەی لە (خبر). ((م. دلێر گەرمیانی))

جۆری دووەم: ڕاوەستان لە جێگەیەك كە گومان دروست دەكات دەربارەی واتایەك كە خوای گەورە ئەوەی نەویستووە **وەكو:** (ان الله لا يستحيي) یان (ما من اله) یان (لاتقربوا الصلاة) و، ڕاوەستانی لەم جۆرە شوێنانە ناشرین ترە.

٧٨. وَلَيْسَ فِي الْقُرْآنِ مِنْ وَقْفٍ وَجَبْ   وَلاَ حَرَامٌ غَيْرَ مَا لَهُ سَبَبْ

واتە: لە قورئاندا جێگەیەك نیە ئەگەر خوێنەر لەسەری ڕانەوەستێت گوناهباربێت، یان ڕاوەستان لەسەری قەدەغەبێت، مەگەر هۆكارێكی هەبێت، مەگەر ئەوەی كەسێك بەئەنقەست لەسەر (ما من إله) یان (إني كفرت) ڕاوەستێت[1].



[1] بڕوانە: الدرر البهية ٧١-٧٣، اللمعة البدرية / ٨٣-٨٥، المنح الفكرية ٢٢٠-٢٤٠ .

پوختەی جۆرەكانی ڕاوەستان

ڕاوەستان لە قورئاندا دەبێتە چوار بەشەوە:

بەشی یەكەم: ڕاوەستانی تاقیكردنەوە (الوقف الإختباري). **واتە:** خوێنەر لەسەر وشەیەك ڕاوەستێت خۆی جێگەی ڕاوەستان نەبێت، بەمەبەستی تاقیكردنەوە یان فێركردن، **بۆنموونە:** لەسەر وشەی (الأَيدي) ڕادەوەستێت لە ئایەتی ﴿وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُوْلِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ﴾ص٤٥، بەمەبەستی ئەوەی كە بەرانبەرەكەی بزانێت ئەو وشەیە لێرەدا بە جێگیركردنی پیتی (ي) دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە، بەپێچەوانەی وشەی (الأَيد) لەئایەتی ﴿اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الْأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ﴾ص١٧، لێرە بەپیتی (ي) نەنووسراوە بەبێ ئەو پیتەش دەخوێنرێتەوە.

- **بۆچی ناونراوە ڕاوەستانی تاقیكردنەوە (الإختباري)؟**

چونكە ڕوودانی وەكو وەڵامێكە بۆ پرسیارێك یان بۆ فێركردنی قوتابیە.

حوكمی: دروستە لەسەر هەر وشەیەك ڕاوەستیت، بەمەرجێك بۆ دەستپێكردن خوێنەر بگەڕێتەوە و، لەجێگەیەكەوە دەست پێبكات واتاكەی ڕێك بێت.

بەشی دووەم: ڕاوەستانی ناچاری (الوقف الإضطراري).

واتە: ڕاوەستانی خوێنەری قورئان بەهۆی پێویستیەكەوە **وەكو:** پژمین و، هەناسەكورتی و، گریان، یان هەر هۆكارێكی تر.

- هۆكاری ناونانی بە ناچاری ئەوەیە كەخوێنەر بەویستی خۆی ڕاناوەستێت بەڵكو لەبەر هۆكارێك ناچار دەبێت.

حوكمی: دروستە خوێنەر لەسەر هەرپیتێك ڕاوەستێت، تاكو هۆكاری ڕاوەستانەكەی تەواو دەبێت و، ئینجا بگەڕێتەوە و، بەشێوەیەك دەست پێبكات واتاكەی ڕێكوپێك بێت.

بەشی سێیەم: ڕاوەستانی چاوەڕوانی (الوقف الإنتظاري).

واتە: وەستان لەسەر وشەیەكی قورئان بەمەبەستی تەواو كردنی شێوازەكانی خوێندنەوەی ئەو ئایەتە لەڕووی قیرائاتەوە لەڕووی كۆكردنەوەی قیرائەتەكان.

- هۆكاری ناونانی بە (انتظاري)، چاوەڕوانكردنی مامۆستایە لە قوتابی كە هەڵسێ بەخوێندنەوەی ئایەتەكە بە هەموو ڕووەكانی، وەكو ڕاوەستان لەسەر ئایەتی ﴿أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾البقرة٦ و، خوێندنەوەی بەپێی خوێندنی پێشەوایانی قورئان خوێندن، **وەكو:** (نافع) و (إبن كثير) و (ابو عمرو) و (ابن عامر) و (عاصم) و (حمزە).

حوكمی: دروستە ڕاوەستان بۆ ئەم مەبەستە لەسەر هەر وشەیەك، تاكو تەواو كردنی شێوازەكانی خوێندنەوە، با واتاكەشی تەواو نەبێت، بەمەرجێك لەپاش تەواو بوون بەشێوەیەك دەست پێ بكاتەوە واتاكەی ڕاست و دروست بێت.

بەشی چوارەم: ڕاوەستانی ویستن(الوقف الإختياري).

واتە: خوێنەر لەسەر وشەیەكی قورئان ڕاوەستێت بەویست و ئارەزووی خۆی، بێ ئەوەی هیچ هۆكارێك ناچاری بكات بۆ ڕاوەستان.

- هۆكاری ناونانی بەم ناوە چونكە خوێنەر بەتەواوی بە ویست و ئارەزووی خۆی ڕاوەستان هەڵدەبژێرێت لەو جێگەیەدا.

حوكمی: ڕاوەستان دروستە مەگەر لە بارێكدا بێت واتایەكی نەویستراو بگەیەنێ، هەروەها دەكرێت لە وشەی پاش ئەو وشەی كە لە سەری ڕاوەستا دەست پێ بكات ئەگەر گونجاو بێت، ئەگەر نا لەپێشترەوە دەست پێ دەكات.

بەشەكانی ئەم جۆرە ڕاوەستانە:

لەڕاستیدا زانایان دەربارەی بەشەكانی ئەم جۆرە ڕاوەستانە جیاوازییان لەنێواندایە، وەكو مامۆستا (محمد علي الضباع) باسی دەكات لە كتێبی (الإضاءة في أصول القراءة) لاپەڕە ٤٨-٥٣[١]، بەڵام ئەوەی كە زانا گەورەكان لەسەری پێكهاتوون و هەڵیان بژاردووە (٤) بەشە، **وەكو:** (أبو عمرو الداني) و (إبن الجزري) بڕیاریان داوە:

یەكەم: ڕاوەستانی تەواو (الوقف التام).

پێناسەی: واتە ڕاوەستان لەسەر قسەیەكی تەواو لەخۆیدا، كەپەیوەندی بەپاشی خۆیەوە نەمابێت، لەڕووی وشەو ئیعرابەوە، نەك لەڕووی واتاوە، **ئەمەش دەبێـە دوو جۆرەوە:**

جۆری یەكەم: پێویستە لەسەری ڕاوەستیت و لەپاش خۆیەوە دەست پێ بكەیت، چونكە ئەگەر بدرێتە دەم برگەی پێش خۆیەوە، گومان دروست دەكات كەواتایەكی نەویستراو ببەخشێت، هەربۆیە هەندێك بە ڕاوەستانی (لازم) و هەندێك

---

[١] بڕوانە: الإضاءة في أصول القراءة / ٥١، بە وەرگرتن لە المريد في علم التجويد / ٢٠٦ - ٢٠٨ .

بەڕاوەستانی (واجب) ناوی دەبەن، ئەم جۆرە ڕاوەستانە (التام المقید) واتە تەواوی مەرج بۆدانراوی پێدەوترێت.

نمونە: ﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ﴾یس٧٦، ڕاوەستان لەسەر وشەی (قَوْلُهُمْ) پێویستە چونکە گەر بدرێتە دەم وشەی پاش خۆیەوە ﴿إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾یس٧٦، گومان دروست دەکات ئەم دوایین بڕگەیە وتەی بێباوەڕان بێت، خۆیشی وانیە، یان ڕاوەستان لەسەر وشەی (يَسْمَعُون) لەئایەتی ﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾الأنعام٣٦ پێویستە، چونکە گەر بدرێت بەدەم بڕگەی پاش خۆیەوە گومان دروست دەکات کە مردووەکانیش وەکو زیندووەکان بەشدارن لە گوێڕایەڵی.

حوکمی: پێویستە لەسەری ڕاوەستیت و، لەپاش خۆیەوە دەست پێبکەیت، هەربۆیە ناونراوە بە ڕاوەستانی (اللازم).

نیشانەکەی: میمێکی ئاسۆیی بۆ دادەنرێت بەم شێوەیە(مـ).

جۆری دووەم: ئەوەیە جوانترە لەسەری ڕاوەستیت و لەپاش خۆیەوە دەست پێبکەیت، بەواتایەکی تر، دەتوانیت بەدەم بڕگەی دوای خۆیەوە بیخوێنیتەوە مادام واتاکەی ناگۆڕێت، هەندێکیش لەزانایان بەم ڕاوەستانە دەڵێن: تەواوی ڕەها(التام المطلق).

هۆی ناونانی: چونکە وتەکە لەو شوێنەدا تەواو دەبێت و،پێویستی نابێت بە پاش خۆی، نە لەڕووی وشەو، نە لەڕووی واتا، زۆرجاریش ئەم جۆرە ڕاوەستانە لە کۆتایی ئایەتەکان و لە کۆتایی بەسەرهاتەکاندا دروست دەبێت، یان لەکۆتایی حوکمێکی دیاریکراو، لەوانەشە لە ناوەڕاستی ئایەت یان سەرەتای بێت.

نمونە: ئەم جۆرە ڕاوەستانە نمونەکانی **بەچوار شێواز دێن**:

شێوازی یەکەم: لەسەر ئایەتەکان، وەکو﴿ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾البقرة٥، کە ئەوە کۆتایی ئەو ئایەتانەیە پەیوەندیدارن بەحاڵی ئیماندارانەوە، لەپاش ئەوەش باسی بارودۆخی بێ باوەڕان دەکات.

شێوازی دووەم: لەپێش کۆتایی ئایەتەکە دەبێت، وەکو فەرموودەی خوای گەورە ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَداً إِلَّا اللَّه﴾الأحزاب٣٩، ئەمەش کۆتایی ستایش کردنی پێغەمبەرانە، لە پاش ئەوە دەفەرموێت ﴿وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً﴾ .

شێوازی سێیەم: لە ناوەڕاستی ئایەتە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي﴾الفرقان٢٩، ئەمە کۆتایی قسەی کەسی ستەمکارە، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولاً ﴿٢٩﴾﴾الفرقان٢٩.

شێوازی چوارەم: لەسەرەتای ئایەتەکان، وەکو خوای گەورە **دەفەرموێت:** ﴿وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ ‌ ۝ وَبِاللَّيْلِ﴾الصافات١٣٧-١٣٨، ئەمە کۆتایی واتاکەیە ئەگەر چی (مُّصْبِحِينَ) کۆتایی ئایەتەکەیە.

حوکمی: جوانترە لەسەری ڕاوەستیت و، لەپاش خۆیەوە دەست پێبکەیت، ڕاوەستانیش لەسەری لەپێشترە تاکو بەردەوام بوون.

نیشانەکانی: دانانی وشەی (قلى) لەسەر پیتەکە کە وتمان جوانترە لەسەری ڕاوەستیت.

سوود: وشەی (ﻗﻠﻰ) كورتكراوەی ئەم برگەیە (الوقف اولى من الوصل) **واتە:** ڕاوەستان پێشترە لە بەردەوام بوون[١].

بەشی دووەم: ڕاوەستانی (الكافي).

پێناسەكەی: واتە ڕاوەستان لەسەر واتایەكی تەواو لە خۆیدا، بەڵام پەیوەندی ماوە بە واتای پاش خۆیەوە نەك لەڕووی وشەو ئیعرابەوە.

نمونە: ڕاوەستان لەسەر ئایەتی ﴿أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ ۝﴾البقرة٦ و، دەستپێكردن بەئایەتی ﴿خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ﴾البقرة٧، كۆتایی ئایەتەكە واتایەكی تەواوە هیچ پەیوەندیەكی وشەیی یان ئیعرابی بەپاش خۆیەوە نەماوە، بەڵام لەڕووی واتاوە پەیوەندیان پێكەوە ماوە، چونكە هەردوو ئایەتەكە باس لە بارودۆخی بێ باوەڕان دەكەن.

حوكمی: جوانترە لەسەری ڕاوەستیت و لەپاش خۆیەوە دەست پێ بكەیت، وەكو ڕاوەستانی تەواو، بەڵام ڕاوەستان لەسەر (وقف تام) جوانترە.

هۆی ناونانی: چونكە پێویستیت نابێت بە واتای پاش خۆی، ئەمیش زۆرترین جۆری ڕاوەستانە لەقورئاندا هاتبێت[٢].

---

[١] بڕوانە: نهاية القول المفيد في علم التجويد/ ١٥٤–١٥٥ بەوەرگرتن لە كتێبی/ غاية المريد في علم التجويد / ٢٠٩–٢١٠.

[٢] بڕوانە: العميد في علم التجويد/ ١٨٥ بەوەرگرتن لە كتێبی/ غاية المريد في علم التجويد ٢١٠-٢١١.

نیشانەی: پیتی (ع) لەسەر ئەو وشە دادەنرێت وەكو﴿لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾المائدة٩٥.

بەپێی وتەی (إبن الجزري) لەكتێبی (النشر في القراءات العشر ج١/٣٢٠) ڕاوەستانی كافی هەمووی وەكو یەك نین، بەڵكو هەندێكیان لە هەندێكیان شیاو ترن، وەكو:

﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾البقرة١٠، ئەمە (كافي)ە.

﴿فَزَادَهُمُ اللّهُ مَرَضاً﴾ البقرة١٠، ئەمە (كافي) ترە.

﴿بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾ البقرة١٠، لەهەردووكیان (كافي) ترە.

بەشی سێیەم: ڕاوەستانی جوان(الوقف الحسن).

پێناسەكەی: ڕاوەستانە لەسەر واتایەكی تەواو لەخۆیدا، بەڵام پەیوەندیدارە بە پاش خۆیەوە لەڕووی وشەو واتاوە.

هۆی ناونانی: چونكە سوودی ئەوەی هەیە ڕاوەستان لەسەری كارێكی جوان و گونجاوە.

جۆرەكانی:

یەكەم: لەناو ئایەتەكەدا بێت، وەكو ڕاوەستان لەسەر فەرموودەی خوای گەورە: ﴿بِسْمِ اللهِ﴾الفاتحة١، یان لەسەر ﴿الْحَمْدُ للّهِ﴾الفاتحة٢، ئەوە واتایەكی تەواوە، بەڵام لەهەردوو ڕووەكەوە پەیوەندی بەپاش خۆیەوە ماوە.

حوکمی: دەگونجێت لەسەر ئەو وشە ڕاوەستیت و، ناگونجێت لەپاش خۆیەوە خوێندنەوە دەست پێبکەیت، چونکە پەیوەندی نێوانیان بەهێزە.

دووەم: سەری ئایەت بێت، **ئەوەش دوو شێوازی هەیە:**

یەکەم: ڕاوەستان لەسەر ئایەتەکە هیچ گومانی واتای نەویستراو دروست نەکات، وەکو ڕاوەستان لەسەر ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ یان لەسەر ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾البقرة١٨٩، یان لەسەر ﴿يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ﴾المزمل١ ئەمەش بەپێی شارەزایانی ئەم زانستە **وەکو:** (السجاوندي) و، دانەری کتێبی (الخلاصة) و، کەسانی تر: جوانترە لەسەری ڕاوەستیت و، باش نیە لەپاش خۆیەوە دەست پێبکەیت[١]...

دووەم: ئەوەیە ڕاوەستان لەسەر ئایەتەکە گومانی واتایەکی نەخوازراو دروست بکات، وەکو ڕاوەستان لەسەر ﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ﴾الماعون٤، ئەمەش بەپێی بۆچوونی(إبن الجزري) و، زۆرێك لەزانایانی تر، دروست نیە لەسەری ڕاوەستیت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ پاشی خۆیدا پێکەوە بخوێنرێتەوە، چونکە نوێژگەران ناوێکی ستایشکراوە، بۆیە نەگونجاوە گوێگر واتیٚ بگات وەیل بۆ ئەوانە، ئەوانەی لەسەر ئەم ڕێرەوەن پێیان وایە ڕاوەستان لەسەر ئەم ئایەتە ڕاوەستانێکی ناشیرینە (وقف قبيح).

تێبینی: لەوانەیە ڕاوەستان جوان بێت، بەڵام دەستپێکردن لەپاش خۆیەوە ناشیرین بێت **وەکو:** ﴿يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ﴾الممتحنة١، ڕاوەستان جوانە لەسەری، بەڵام

---

[١] بڕوانە: نهاية القول المفيد في علم التجويد/ ١٦١، بەوەرگرتن لە کتێبی / غاية المريد في علم التجويد /٢١٢.

دەست پێكردن لەدوای ئەوەوە ناشرینە ﴿وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ﴾، چونكە ئەوە واتای هۆشداری لە ئیمان هێنان بەخوا دەگەیەنێ.

بەشی چوارەم: ڕاوەستانی ناشرین (القبیح).

پێناسەی: ڕاوەستان لەسەر واتایەك تەواو نەبووبێت خۆی لەخۆیداو،واتایەكی ڕاستیشی نەگەیاندبێت، بە هۆی توندی پەیوەندیەكەی لەگەڵ پاش خۆیدا.

هۆی ناونانی: چونكە ڕاوەستان لەو جێگەیەدا واتا ناگەیەنێت، بۆیە خوێنەر بۆی نیە بەئەنقەست لەسەری ڕاوەستێت مەگەر بۆ پێویستیەكی ناچاری.

ڕاوەستانی ناشرین دوو جۆرن:

جۆری یەكەم: ڕاوەستان لەسەر بڕگەیەك كە واتا نەبەخشێت، وەك: ﴿بِسْمِ﴾ لە ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ﴾، ڕاوەستان لەو جێگەیەدا ناشرینە چونكە نازانرێت بەناوی كێ.

جۆری دووەم: ڕاوەستان لەسەر وشەیەك گومانی واتایی دروست بكات كە خوای گەورە ئەوەی نەویستبێت، وەكو ڕاوەستان لەسەر ئایەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي﴾البقرة٢٦ یان ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ﴾ الإسراء٥٤، یان ﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ﴾النساء٤٣، ئەم جۆرە ڕاوەستانانە زۆر ناشرینە، ئەگەریش بە ئارەزووی خۆی ڕاوەستێت و، مەبەستی ئەوە بێت، ئەو كارە لە بێباوەڕیەوە سەر دەر دەكات پەنابەخوا، بەڵام ئەگەر بەناچاری ڕاوەستا با بگەڕێتەوە و، پێكەوە ئایەتەكان بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی واتاكان ڕوون ببنەوە.

تاکو ئێرە باسی جۆرەکانی ڕاوەستان لە قورئان تەواو بوو[١]، ئێستاش باسی دەستپێکردن (الإبتداء) دەکەین.

پێناسەی (الإبتداء):

لەزمانەوانیدا **واتە:** دەستپێکردن.

لەزاراوەدا **واتە:** دەستپێکردنی قورئان خوێندن، ئیتر ئایا لەپاش بڕینی خوێندن بێت و جارێکی تر گەڕابێتەوە، یان لەپاش ڕاوەستان بێت. بەڵام ئەگەر لەپاش بڕینی خوێندن بێت پێویستە ڕەچاوی حوکمەکانی (إستعاذة) و (بسملة) بکات لەکاتی دەستپێکردندا، بەڵام ئەگەر لەپاش ڕاوەستان بێت پێویست بەوە ناکات چونکە ڕاوەستانەکە بۆ پشوو دان و هەناسەدان بووە.

لە کتێبی (النشر في القراءات العشر) پیشەوا (إبن الجزري) **دەفەرمویت:**

دەست پێکردن هەمیشە بە ویست و ئارەزووە، بەپێچەوانەی ڕاوەستانەوە کە لەوانەیە بەناچاری بێت، بۆیە دروست نیە دەستپێکردن بە واتایەکی تەواو و قسەیەکی سەربەخۆوە نەبێت، **دەستپێکردنیش دوو جۆرە:**

١. دەستپێکردنی جوان.

٢. دەستپێکردنی ناشیرین.

یەکەم: دەکرێت لەهەر ئایەتێکەوە کە واتایەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت دەست بکەیت بە قورئان خوێندن، نمونەی ئەم جۆرەش زۆرە.

---

[١] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد / عطية قابل نصر/٢١٠-٢١٤.

دووەم: دەستپێكردن بە قسەیەك واتاكە بشێوێنێت، یان بیگۆڕێت، ئەمەش دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك، **نمونە:**

دەست پێكردن بە ﴿أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾المسد١، دەستپێكردنێكی ناشیرینە چونكە واتاكە دادەبڕێت، بەلاَم دەستپێكردن بە (يد الله مغلولة) ناشرین ترە، یان دەستپێكردن بە ﴿عُزَيْرٌ إبن اللهِ﴾التوبة٣٠، یان ﴿وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ﴾الممتحنة١، یان ﴿لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي﴾يس٢٢، زۆرتر ناشیرینە، بۆیە پێویستە خوێنەر خۆی لەو جۆرە دەستپێكردنانە بپارێزێت.بەم شێوەیەش باسەكانی ئەم بابەتەمان تەواو بوو، جگەلە دوو پێناسەی گرنگ كە بریتین لە: (السکت) و (القطع).

پێناسەی بێدەنگی (السکت):

لەزمانەوانیدا **واتە:** لێكترازانی نێوان دوو ئاواز بەبێ هەناسەدان.

لەزاراوەدا **واتە:** بێدەنگی بۆ ماوەیەك كەمتر لەماوەی ڕاوەستان (وقف) بەبێ هەناسەدان بەمەبەستی بەردەوام بوون لە خوێندنەوە.

تێبینیەكی گرنگ:

مامۆستا (محمود خليل الحصري) لە كتێبی (أحكام التلاوة القرآن) لاپەڕە ٢٦١، دەگێڕێتەوە كە (إبن الجزري) **فەرموویەتی:** بێدەنگی تەنها پەیوەستە بە (سماع)ەوە، **واتە:** بەپێی ڕیواتە لە پێغەمبەر (ﷺ) یان لە هاوەلاَنی كە پێمان گەیشتبێت، بۆیە بێدەنگی دروست نیە لەشوێنێكدا نەبێت كە ڕیوایەتی ڕاستی لەسەر هاتبێت[1].

---

[1] بڕوانە: احكام التلاوة القرءآن الكريم ⁄ ٢٦١، بەوەرگرتن لە اللمعة البدرية ⁄٨٨.

جێگەكانی بێدەنگی لە قورئاندا:

یەكەم: لەسەر وشەی (عِوَجًا) لە ئایەتی ﴿وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجًا ۝١ قَيِّماً﴾الكهف١، هۆكاری بێدەنگیش لێرەدا ڕوونكردنەوەی واتاكەیە، بۆئەوەی كەس گومانی بۆ دروست نەبێت (قَيِّماً) **واتە:** ڕاست، وەسف بێت بۆ (عِوَجًا) **واتە:** لار، بەڵكو (قَيِّماً) ستایشە بۆ قورئان.

دووەم: لەسەر وشەی (مرقدنا) **لەئایەتی**﴿قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَٰذَا﴾يس٥٢، **هۆكاری بێدەنگی** لێرەدا ئەوەیە بزانرێ كە وشەی (هَٰذَا) تەواوكەری قسەی بێباوەڕان نیە.

سێیەم: لەسەر وشەی (مَنْ) لە ئایەتی ﴿وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ﴾القيامة٢٧.

چوارەم: لەسەر وشەی (بَلْ) لەئایەتی ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم﴾المطففين١٤، هۆكاری بێدەنگی لەهەردوو جێگەی سێیەم و چوارەم لە قورئاندا ئەوەیە گومان دروست نەبێت بۆ خوێنەر كە (مَنْ رَاقٍ) و(بَلْ رَانَ) تێهەڵكێشن و بە (مرّاق) و (برّان) بیخوێنێتەوە.

پێنجەم: پیتی (هـ) لەسەر وشەی (مَالِيَهْ) لە ئایەتی ﴿مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ ½ هَلَكَ﴾ الحاقة٢٨، بەڵام ئەم ئایەتە بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە، بێدەنگی یەكێكیانە، دروستیشە بە ئاشكراكردن (أظهار) بخوێنرێتەوە، هەروەها دروستیشە بەبێ بێدەنگی (عدم سكت) بخوێنرێتەوە ئەوكاتەش تێهەڵكێش دەكرێت، چونكە دوو پیتی هاوشێوەن، بۆیە بە (ماليهّلك) دەخوێنرێتەوە.

شەشەم: (عَلِيمٌ) لە كۆتایی سورەتی (الأنفال) لە ئایەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧٥﴾﴾٧٥، لەكاتێكدا لەگەڵ سورەتی (التوبة) بخوێنرێتەوە، **ئەوەش یەكێكە لە سێ شێوازی خوێندنەوە كە دروستە پێی بخوێنرێتەوە:**

١. بەشێوازی هەڵگێڕانەوە (قلب) واتە (علیمُمْبرآءة...).

٢. ڕاوەستان (الوقف) **واتە:** ڕاوەستان لە كۆتایی سورەتی (الأنفال) و، هەناسە دان و پاشان دەستپێكردن بە سورەتی (التوبة).

٣. بێدەنگی (السكت) **واتە:** بەبێ هەناسەدان، كە ماوەیەكی كورتترە لە (وقف).

پێناسەی (القطع):

لەزمانەوانیدا **واتە:** بڕین ولابردن.

لەزاراوەدا **واتە:** بڕینی خوێندنەوە بەیەكجاری و ڕۆشتنە ناو حالەتێكی ترەوە، **واتە:** ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە بە (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) دەگەڕێیتەوە، بڕینیش تەنها لەكۆتایی ئایەتەكاندا دروستە، (إبن الجزري) لە (عبدالله بن أبي الهذيل) كە یەكێكە لەسەرانی تابیعیەكان دەگێڕێتەوە كە **فەرموویەتی:** "ئەگەر كەسێكتان ئایەتێكی دەخونێد با نەیبڕێت، تاكو تەواوی دەكات" هەروەها لێی دەگێڕنەوە كە **فەرموویەتی:** "هاوەڵان حەزیان نەدەكرد لەناوەڕاستی ئایەتدا ڕاوەستی پێش تەواو كردنی هەموو ئایەتەكە" ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی كەس بۆی نیە لەهەر شوێنێكی ئایەتدا ڕاوەستێت لە نوێژ بێت یان لەدەرەوەی نوێژ، تاكو ئایەتەكە تەواو نەكات[١].



[١] بڕوانە: احكام تلاوة القرآن الكريم/ ٢٦٣، بەوەرگرتن لە اللمعة البدرية /٨٩-٩١.

بابەتی پچڕاو و پێك گەیشتوو
(المقطوع والموصول)

یەكێك لە پێویستیەگرنگەكانی خوێنەری قورئان ئەوەیە پچڕاو و پێك گەیشتوو لە ئایەتەكاندا بزانێت، **واتە:** لەسەر كامیان دروستە ڕاوەستیت و لەسەر كامیان دروست نیە.

ئەم بابەتەش دەبێتە سیٚ بەشەوە:

بەشی یەكەم: پێویستە پێكەوە بخوێنرێتەوە.

بەشی دووەم: پێویستە بە پچڕاوی بخوێنرێتەوە.

بەشی سێیەم: جیاوازی لەسەرە. زانایان بە (واجب)یان داناوە لەسەر خوێنەری لێهاتووی قورئان لەم بابەتە شارەزابێت، چونكە هەر وشەیەك بڕاو بێت لە وشەكانی تر، دروستە خوێنەر لەسەری ڕاوەستێت بەمەبەستی فێربوون، یان تاقیكردنەوە، یان هەناسە كورتی و، هۆكاری لەم شێوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ وشەی پاش خۆی پێكگەیشتبێتن دروست نیە ڕاوەستیت لەسەر وشەی دووەم نەبێت، خۆ ئەگەر جیاوازی لەسەر هەبێت لەنێوان زانایاندا ئەوا دروستە خوێنەر ڕاوەستێت لەسەر وشەی یەكەم و دووەمیش.



باسەكانی پچڕاو و پێكگەیشتو
(المقطوع والموصول)

٧٩. وَاعْـرِفْ لِمَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ وَتَا   فِي مُصْحَفِ الإِمَامِ فِيمَا قَدْ أَتَى [1]

---

[1] مەبەستی لە موسحەفەكانی ئیمامی عوسمانە كە فەرمانی كرد بە نووسینەوەیان پاش ئەوەی ناكۆكی خەڵكی بینی لەشێوازی خوێندنەوەی قورئان، پێشتر أبوبكر قورئانی كۆكردبوویەوە و، لەلای (حفصة)ی دایكی ئیمانداران دایانابوو (ﷺ)، نووسینەوەی قورئان كەسانێك پێی هەڵسان لە قورەیش بەسەرۆكایەتی (زید بن ثابت) (ﷺ)، لە شێوازی ڕێنووسی قورئان لیژنەكە ئەوەیان ڕەچاو دەكرد ئەو وشەی زیاتر لە خوێندنەوەیەكی تێدا بێت بەشێوازێ بنووسرێت ئەو خوێندنەوانە هەڵبگرێت، نوقتە و جووڵەشیان بۆ پیتەكان نەدەكرد، بۆ نموونە: ﴿فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ﴾الحجرات٦، بەم شێوە (فسىىو)یان نووسیوە، بۆیە دەكرێت بە (فتثبتوا)ش بخوێنرێتەوە، وەكو پێشەوایان (حمزة) و (الكسائي) و (خلف العاشر) دەیخوێننەوە، هەروەها دەكرێت بە (فتبینوا)ش بخوێنرێتەوە، وەكو پێشەوایانی تر دەیخوێننەوە، بەڵام كاتێك دەیانبینی شێوازی وشەیەك ناكرێت بەشێوەیەك بنووسرێت كە دوو خوێندنەوە هەڵبگرێت، لە موسحەفێكدا بە شێوەیەك دەیاننووسی بەپێی خوێندنەوەیەك، لە موسحەفێكی تریشدا بەشێوەیەكی تر دەیاننووسی بەپێی خوێندنەوەیەكی تر، بۆ نموونە (تجري تحتها الأنهار) لە موسحەفی مەككە بە (تجري من تحتها الأنهار) نووسیان بە زیادكردنی وشەی (من)، ئەوەش خوێندنەوەی (إبن كثیر المكي)یە، لەپاش نووسینەوەی موسحەفەكان ئیمامی عوسمان (ﷺ) فەرمانی كرد بەناردنیان بۆ شارە ناودارەكان **وەكو**: (بصرة)، (كوفة)، (شام)، (مكة) موسحەفێكیشی لەلای خۆی بەجێهێشت كە بە (المصحف الأمام) ناسراوە یەكێكیشی بۆ خەڵكی مەدینە

پێشەوا (إبن الجزري) ڕوو دەكاتە خوێنەری قورئان و پێی **دەڵێت:** ئەی خوێنەری قورئان، زانا و شارەزابە بە وشە پچڕاو و پێك گەیشتووەكانی قورئانی پیرۆز، ئەوەش بزانە كە پچڕاو لەپێشترە چونكە ئەوە بنچینەیە، هەروەها پێویستە شارەزاییت هەبێت دەربارەی پیتی (ت) لەكاتێكدا ژێردار بێت، یان بەشێوازی (ـة)ی كۆتایی بنووسرێت لە قورئاندا، نموونەی (مقطوع) **وەكو:** ﴿فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ﴾ الأنبياء ٨٧ و، (موصول) **وەكو:** ﴿ أَلَّن نَّجْمَعَ عِظَامَهُ ﴾القيامة٣.

٨٠. فَاقْطَعْ بِعَشْرِ كَلِمَاتٍ أَنْ لَا ... مَـعْ مَلْجَإٍ وَلَا إِلَـهَ إِلَّا

٨١. وَتَعْبُدُوا يَاسِينَ ثَانِي هُودَ لَا ... يُشْرِكْنَ تُشْرِكْ يَدْخُلَنْ تَعْلُوا عَلَى

٨٢. أَنْ لَا يَقُولُوا لَا أَقُـولَ إِنَّ مَـا ... بِالرَّعْدِ وَالْمَفْتُوحَ صِلْ وَعَنْ مَـا

(فَاقْطَعْ بِعَشْرِ كَلِمَاتٍ أَنْ لَا) فەرمانی كردووە بە پچڕانی (ان) لە (لا) لە (١٠) جێگەی قورئاندا.

تەرخان كرد، لەگەڵ هەموو موسحەفێكیشدا هاوەڵێكی نارد بۆ خوێندنەوە و فێركردنی خەڵكی، بۆیە فەرمانی كرد بە (زيد بن ثابت) بە موسحەفی مەدینە قورئان بخوێنێت وە (عبدالله بن السائب)ی نارد بۆ مەككە و، (المغيرة بن أبي شهاب المخزومي) نارد بۆ شام و، (أبو عبدالرحمن السلمي) و (عامر بن عبد القيس) بۆ بەسرە، بەم شێوەیەش هەموو ناوچەیەك بە موسحەفی خۆی قورئانی دەخوێند، ئوممەتی ئیسلامیش یەك دەنگن لەسەر ڕاستی ئەو شێوازە ڕێنووسانەی كە قورئانیان پێنووسراوەتەوە.

بڕوانە: أحكام تلاوة القرآن الكريم/٢٦١.

١. لەگەڵ وشەی (مَلْجَأً) لەئایەتی ﴿وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ﴾التوبة١١٨.

٢. لەگەڵ وشەی (وَلَا إِلَــهَ إِلَّا) لەئایەتی ﴿وَأَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ هود١٤.

٣. لەگەڵ وشەی (تَعْبُدُوا) لەسورەتی (يَاسِين) لەئایەتی:﴿أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ﴾٦٠.

٤. لەئایەتی ﴿أَن لاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾هود٢٦، بۆیەش فەرمووی (ثَانِي هُـودَ) لەبەر جیاكردنەوەی لە جێگەی یەكەم ﴿أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنَّنِي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ﴾هود٢.

٥. لەگەڵ وشەی (يُشْرِكْنَ) لەئایەتی ﴿يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئاً﴾ الممتحنة١٢.

٦. لەگەڵ وشەی (تُشْرِكْ) لەئایەتی﴿وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئاً﴾الحج٢٦.

٧. لەگەڵ وشەی (يَدْخُلَن) لەئایەتی ﴿أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ﴾القلم٢٤.

٨. لەگەڵ وشەی (لا تَعْلُوا عَلَى) لەئایەتی ﴿وأَن لَّا تعلو عَلَى الله﴾ الدخان١٩.

٩. له (أَن لاَّ يقولوا) له ئايەتی ﴿أَن لاَّ يقولوا عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ﴾الأعراف١٦٩.

١٠. له (لاَّ أَقُولَ) لەئايەتی ﴿حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ﴾ الأعراف١٠٥.

سوود: جیاوازی هەیە سەبارەت بە پچڕانی (أَن لَّا) له ئایەتی ﴿فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ﴾الأنبياء٨٧، پچڕانیشی لەپێشترە.

(إِنَّ مَـا بِالرَّعْـدِ) فەرمانە بە پچڕانی (ان) لەگەڵ (م) لەیەك جێگەدا، له ئایەتی ﴿وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ﴾الرعد٤٠.

(وَالْمَفْتُـوحَ صِـلْ) فەرمانە بە پێك گەیاندنی (أن) لەگەڵ (ما) هەرچۆنێك هاتبێت، بەم شێوەیە (أمّا).

٨٣. نُهُوا اقْطَعُوا مِنْ مَا بِرُومٍ وَالنِّسَـا   خُلْفُ الْمُنَافِقِينَ أَمْ مَـنْ أَسَّسَـا

٨٤. فُصِّلَتْ النِّسَـا وَذِبْحٍ حَيْثُ مَـا   وَأَنْ لَـمِ الْمَفْتُوحَ كَسْرُ إِنَّ مَـا

٨٥. لأنْعَامِ وَالْمَفْتُوحَ يَدْعُونَ مَعًا   وَخُلْفُ الانْفَالِ وَنَحْلٍ وَقَعَا

(عَـنْ مَـا نُهُوا) واته: (عن) له (ما) بپچڕێنن تەنها لەیەك لەئایەتی ﴿فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ﴾الأعراف١٦٦.

(اقْطَعُوا مِنْ. . . المُنَافِقِينَ) **واتە: (من) لە (ما) بپچڕێنن لە دوو جێگەی قورئان بەبێ جیاوازی و ناكۆكی:**

یەكەم: لەئایەتی ﴿هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيمَانُكُم﴾الروم٢٨.

دووەم: لەئایەتی ﴿فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ﴾النساء٢٥.

ئاماژەشی بۆ ئەم دوو جێگەیە كردووە (بروم والنسا)، لە جێگەیەكی تریشدا هەیە بەڵام جیاوازی لەسەرە لە ئایەتی ﴿وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ﴾المنافقون١٠، پچڕاندنیشی لەپێشترە.

(ام من. . .وذبح) **واتە: (ام) لە (من) لە چوار جێگەی قورئاندا بەبێ جیاوازی لەیەكتر بپچڕێنن:**

١. لەئایەتی ﴿خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ﴾التوبة١٠٩.

٢. لەئایەتی ﴿خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِناً يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾فصلت٤٠.

٣. لەئایەتی ﴿أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً﴾النساء١٠٩.

٤. لەئایەتی ﴿أَم مَّنْ خَلَقْنَا إِنَّا خَلَقْنَاهُم﴾الصافات١١.

ئاماژەشی كردووە بۆ جێگەكەی سورەتی (الصافات) بە (وَذِبْحٍ) بەهۆی بەسەرهاتی سەربڕینی (اسماعیل) لەو سورەتەدا.

(حَيْثُ مَا) **واتە:** (حيث) لە (ما) لەهەر شوێنێکدا هات لە قورئاندا بیپچڕێنن، تەنها لە دوو جێگەشدا هاتووە لە قورئاندا:

یەکەم : ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ﴾البقرة١٤٤.

دووەم: ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلاَّ يَكُونَ﴾البقرة١٥٠.

(وَأَنْ لَمِ الْمَفْتُوحَ كَسْرُ) **واتە:** (أَنْ) کە هەمزەکەی سەری هەبێت لە (لم) لەهەر شوێنێکی قورئاندا بێت بیپچڕێنن.

(إِنَّ مَا الأَنْعَامِ) **واتە:** (ان) لە(ما) **لەیەك جێگەی قورئاندا لەیەکتر بپچڕێنن،** لەئایەتی ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لآتٍ﴾الأنعام١٣٤، (وَالْمَفْتُوحَ يَدْعُونَ مَعًا) **واتە:** (أن ما) **لەگەڵ وشەی یدعون لەیەکتر بپچڕێنن لە دوو جێگەدا:**

یەکەم:لەئایەتی ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ﴾الحج٦٢.

دووەم: لەئایەتی ﴿وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ﴾لقمان٣٠.

(وَخُلْفُ الأنْفَالِ وَنَحْلِ وَقَعَا) **واتە: جیاوازی هەیە لەدوو جێگەدا:**

یەکەم: لەئایەتی ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ﴾الأنفال٤١.

دووەم: لەئایەتی ﴿إِنَّمَا عِندَ اللّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾النحل٩٥، **پێك گەیاندنیشیان لەپێشترە.**

تێبینیش دەكرێت كە جێگەی كۆتایی تایبەتە بە (إن ما) نەك (أن ما) بەم شێوەیە:

(إن ما) لە سورەتی الأنعام دا بەبێ جیاوازی دەپچڕێندرێت، بەڵام لەسورەتی (النمل) دا ناكۆكی لەسەرە و، پێك گەیاندنی لەپێشترە، (أن ما)یش بەبێ جیاوازی دەپچڕێندرێت، لە سورەتی (الحج) و (لقمان)دا، لە سورەتی (الأنفال)یش دا ناكۆكی لەسەرەو، پێك گەیاندنی لەپێشترە. خوای گەورەش زاناترە.

تێبینی: لەم چەند دێڕە هۆنراوەیەدا، وشەی (الأنعام) و(الأنفال) بە (لَنْعام) و (لَنْفال) دەخوێنرێتەوە.

٨٦. وَكُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَاخْتُلِفْ رُدُّوا كَذَا قُلْ بِئْسَمَا وَالْوَصْلُ صِفْ

٨٧. خَلَفْتُمُونِي وَاشْتَرَوْا فِي مَا اقْطَعَا أُوحِيْ أَفَضْتُمُ اشْتَهَتْ يَبْلُوا مَعَا

٨٨. ثَانِي فَعَلْنَ وَقَعَتْ رُومٌ كِلاَ تَنْزِيلُ شُعَرَاءٍ وَغَيْرَ ذِي صِلاَ

(إبن الجزری) فەرمان دەكات بە پچڕاندنی (كُلِّ) لە (مَا) لەیەك جیگەی قورئاندا، بەیەك دەنگی زانایان، لەئایەتی ﴿وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾ إبراهيم٣٤، ناكۆكیش هەیە سەبارەت بە جیاكردنەوەی (كُلِّ) لە (مَا) لەچوارجێگەدا[1]:

یەكەم: لەئایەتی ﴿كُلَّ مَا رُدُّوَاْ إِلَى الْفِتْنِةِ﴾النساء٩١.

[1] بڕوانە: (الفتح المجيد) / للقمحاوي، (الدقائق المحكمة) و (أحكام تلاوة القرآن الكريم لاپەڕە/٢٨٠، بە وەرگرتن لە اللمعة البدرية/ ٩٢-٩٦.

دووەم: لەئایەتی ﴿كُلَّ مَا جَاءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ﴾المؤمنون٤٤.

سێیەم: لەئایەتی ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾الأعراف٣٨.

چوارەم: لەئایەتی ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾الأعراف٣٨، لەجێگەی یەکەم و دووەم بڕاندنە، بەڵام لەجیگەی سێیەم و چوارەم پێك گەیاندنە، جگە لەم جێگانەش ئاماژەمان پیکرد، هەمووی بە یەك دەنگی زانایان بە پێك گەیاندن دەخوێنرێتەوە.

فەرمان دەکات بە پێك گەیاندنی (بِئْسَ) لەگەڵ (مَا) بەبێ ناکۆکی **لەدوو جێگەدا:**

یەکەم: لەئایەتی ﴿بِئْسَمَا اشْتَرَوْاْ بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ﴾البقرة٩٠، ئەوە جێگەی یەکەمە لە سورەتی (البقرة).

دووەم: لەئایەتی ﴿قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ﴾الأعراف١٥٠، ئەوەش لە وتەی (إبن الجزري) (وَالْوَصْلُ صِفْ خَلَفْتُمُونِي وَاشْتَرَوْا) دەردەکەوێت، باسی ئەوەشی کردووە کە لە ئایەتی ﴿قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ﴾البقرة٩٣، ناکۆکی لەسەر هەیە چونکە **فەرموویەتی:** (كَذَا قُلْ بِئْسَمَا) بەڵام زیاتر کار بە پچڕاندن دەکرێت لەم جێگەیانەدا، هەروەها فەرمانی کردووە بە پچڕاندنی (فِي) لە (مَا) لە (١١) جێگەدا بەبێ ناکۆکی:

١. ﴿قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ﴾الأنعام١٤٥

٢. ﴿لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ﴾النور١٤

٣. ﴿وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ﴾الأنبياء١٠٢.

٤. ﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾المائدة٤٨.

٥. ﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ﴾الأنعام١٦٥.

٦. ﴿فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ﴾البقرة٢٤٠، **كەئەمەش جێگەی دووەمە لە سورەتی (البقرة) و، (إبن الجزري) بە (ثَانِي فَعَلْنَ) ئاماژەی پێكردووە.**

٧. ﴿وَنُنشِئَكُمْ فِي مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾الواقعة٦١.

٨. ﴿ضَرَبَ لَكُم مَّثَلاً مِنْ أَنفُسِكُمْ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن شُرَكَاء فِي مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾الروم٢٨.

٩. ﴿فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾الزمر٣.

١٠. ﴿فِي مَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾الزمر٤٦، **تێبینی بكە چۆن ئاماژەی كردووە بۆ هەردووە جێگەكەی سورەتی (الزمر) بە (كِلاَ تُنزِيلُ).**

١١. ﴿أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ﴾الشعراء١٤٦، **جگە لەم جێگایانەش پێكەوە دەخوێنرێتەوە بەبێ ناكۆكی، ئەوەش لە فەرموودەی (إبن الجزري) (وَغَيْرَ ذِي صِلاَ) دەردەكەوێت.**

٨٩. فَأَينَمَا كَالنَّحْلِ صِلْ وَ مُخْتَلِفْ   فِي الشُّعَرَا الأَحْزَابِ وَالنِّسَا وُصِفْ

واتە: وشەی (فَأَينَمَا) لەهەركوێیەك هات لە قورئاندا لەگەڵ پیتی (ف) پێكیان بگەیەنە، وەكو چۆن (أَينَمَا) لەسورەتی (النَّحْل) پێك دەگەیەنی.

كەواتە: وشەی (أَينَمَا) لە دوو جێگەی قورئاندا دێت:

یەكەم: ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ﴾البقرة١١٥.

دووەم: ﴿أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لَا يَأْتِ بِخَيْرٍ﴾النحل٧٦.

(وَ مُخْتَلِفْ) **واتە: لەسێ جێگەی تردا ناكۆكی لەسەرە.**

یەكەم: ﴿وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ﴾الشعراء٩٢.

دووەم: ﴿مَلْعُونِينَ أَيْنَمَا ثُقِفُوا أُخِذُوا﴾الأحزاب٦١.

سێیەم: ﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ﴾النساء٧٨.

پچڕاندنیشی لەپێشترە لە سورەتی (الشُّعَرَا) بەڵام پێك گەیاندنیشی لەپێشترە لە هەردوو جێگەی سورەتی (الأَحْزَابِ) و (وَالنِّسَا) چونكە فەرموویەتی: (وُصِفْ)

واتە: وەسف كراوە.

٩٠. وَصِلْ فَإِلَّمْ هُودَ أَلَّنْ نَجْعَلاَ نَجْمَعَ كَيْلاَ تَحْزَنُوا تَأْسَوْا عَلَى

٩١. حَجٌّ عَلَيْكَ حَرَجٌ وَقَطْعُهُمْ عَنْ مَنْ يَشَاءُ مَنْ تَوَلَّى يَوْمَ هُمْ

لێرەدا فەرمان دەكات بە پێك گەیاندنی (إن) و (لم) لەیەك جێگەدا.

لەئایەتی ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلِ بِعِلْمِ اللّهِ﴾هود١٤، **هەروەها فەرمانی كردووە بە پێك گەیاندنی (ان) لەگەڵ (لن) لەدوو جێگەدا:**

یەكەم: ﴿ بَلْ زَعَمْتُمْ أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِداً ﴾الكهف٤٨.

دووەم: ﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ ﴾القيامة٣.

بۆ جێگەی یەكەم بە (نَجْعَلاَ) و بۆ جێگەی دووەم (نَجْمَعَ) ئاماژەی كردووە.

سوود: مامۆستا (محمود خليل الحصري) باسی جیاوازی كردووە لە ئایەتی ﴿أَن لَّن تُحْصُوهُ﴾ المزمل٢٠، كە پچڕاندنی تێیدا لەپێشترە، هەربەوەش كاردەكرێت، وادیارە ڕێڕەوی (إبن الجزري) پچڕاندنێتی و، خوای گەورەش زاناترە.

هەروەها فەرمانی كردووە بە پێك گەیاندنی (كَيْلاَ) لە چوار جێگەی قورئاندا بەبێ ناكۆكی.

یەكەم: ﴿لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ ﴾ال عمران١٥٣.

دووەم: ﴿لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ﴾الحديد٢٣.

سێ یەم: ﴿لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا﴾ الحج٥.

چوارەم: ﴿لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ﴾ الاحزاب٥٠، **کە جێگەی دووەمە تێیدا، لە (٣) جێگەکەی تریش بەبێ جیاوازی لەیەکتر پچڕاون، کە بریتین لە:**

یەکەم: ﴿ لِكَيْ لاَ يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئاً ﴾ النحل ٧٠.

دووەم: ﴿لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ﴾الاحزاب ٣٧، **کەجێگەی یەکەمە لە** سورەتەکە.

سێ یەم: ﴿كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ﴾ الحشر٧.

هەروەها فەرمانی کردووە بە پچڕاندنی (عَنْ) لە (مَنْ) لەدوو جێگەدا بەبێ جیاوازی:

یەکەم: ﴿وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاء ﴾ النور٤٣.

دووەم: ﴿فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا ﴾النجم٢٩.

(عَنْ مَنْ)یش تەنها **لەم دوو جێگەی قورئاندا هاتوون**. پاشان فەرمانی کردووە

به پچڕاندنی (یَوْم) لە (هُمْ) **لەدوو جێگەدا بەبێ ناکۆکی:**

یەکەم: ﴿يَوْمَ هُم بَارِزُونَ لَا يَخْفَى ﴾غافر١٦.

دووەم: ﴿يَوْمَ هُمْ عَلَى النَّارِ يُفْتَنُونَ﴾الذاريات١٣.

٩٢. ومَـالِ هَـذَا وَالَّذِيـنَ هَـؤُلاَ ... تَ حِينَ فِي الإِمَامِ صِلْ وَوُهِّـلاَ

لێرەدا ئاگادارمان دەكاتەوە كە پیتی (ل) كە لە پاش (ما) دێت، بەجیاكراوەیی دەنووسرێت **لەچوار جێگەی قورئاندا :**

یەكەم: ﴿وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ﴾الفرقان٧.

دووەم: ﴿وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ﴾الكهف٤٩.

سێیەم: ﴿فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ﴾المعارج٣٦.

چوارەم: ﴿فَمَا لِهَؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثاً﴾النساء٧٨، **ماموستا (محمود خلیل الحصري)** لە (أحكام تلاوة القرآن) لاپەڕە ٢٨٤ **دەفەرموێت:**

لەو حاڵەتەشدا خوێنەر بۆی هەیە لەسەر پیتی (ما) یان (ل) ڕاوەستێت بەهۆی كورتی هەناسە یان تاقیكردنەوە و شتی هاوشێوە، بەڵام دروست نیە لە لامەكەوە یان لە (بهؤلاء) و (بالذي) دەست پێبكات، بەڵكو پێویستە لە (ما) دەست پێ بكات.

(تَ حِينَ فِي الإِمَامِ صِلْ) **واتە:** پیتی (ت) بە پیتی (حين) بگەیەنە **وەكو لەم ئایەتەدا هاتووە:** (ولات...مناص) **وەكو:** لە موصحەفی (الإمام)ی عوسماندا **هاتووە** (رضي الله عنه).

(وَوُهّـلاَ) **واتە:** بەهەڵە دەخوێنرێتەوە خاوەنی ئەو وتەیە، جیاوازی هەیە لەسەر پچڕاندن و پێك گەیاندنی (ت) لە (حین) بۆچوونی ڕاست و پەسەندیش ئەوەیە لەیەكتر جیابكرێتەوە، **واتە:** (لات) وشەیەكە و (حین) وشەیەكی ترە، بۆچوونێكی تریش هەیە بەڵام ناپەسەندە، بریتیە لە پێك گەیاندنی (ت) لەگەڵ (حین) لەو حاڵەتەشدا دەبێتە (ولا) (تحین) وەكو دوو وشە، ئەم بۆچوونەشی كارپێنەكراوە، بەبەڵگەی ئەوەی پێشەوا گەورەكانی خوێندنەوەی قورئان لەسەر وشەی (ولات) لەكاتی پێویستیدا ڕاوەستاون ئیتر چی بە (ت) بێت یان بە (ه) لەجیاتی (ت) هیچ كەسێك لەو پێشەوایانە ڕانەوەستاون لەسەر (ولا) بەبێ (ت) ئەم مەسەلەش شتی زۆری لەسەرە، باسكراوە لە كتێب و سەرچاوەكانی تەجویدا[1].

٩٣. وَوَزَنُوهُـمْ وَكَالُوهُمْ صِـلِ كَذَا مِنَ الْ وَهَا وَيَا لاَ تَفْـصِلِ

لەم دێڕەدا فەرمانی كردووە بە پێك گەیاندنی (هُـمْ) لەگەڵ هەردوو وشەی (وَوَزَنُوهُـمْ) و (كَالُوهُـمْ) لەئایەتی ﴿وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ﴾المطففين٣، ئەمەش بە كۆدەنگی زانایان، دروستیش نیە ڕاوەستان لەسەر وشەی (كَالُو) یان (وَزَنُو) چونكە ئەوە وەكو ڕاوەستانە لەسەر وشەی (ثقفتموهم) لەئایەتی (حیث ثقفتموهم).

(كَذَا مِنَ الْ وَهَا وَيَا لاَ تَفْصِلِ) لێرەدا ڕوونی دەكاتەوە كە دروست نیە (ال) لە وشەی دوای خۆی جیابكرێتەوە **وەكو:** (المؤمنون، التقوى)، **هەروەها** دروست نیە (ه)

---

[1] بڕوانە: النشر ج٢، تقريب النشر/٨١، اتحاف فضلاء البشر/١٠٦. بەوەرگرتن لە الدرر البهية ٨٣/٢.

جیابكرێتەوە **لەم جۆرە وشانە:** (هأنتم، هؤلاء) هەروەها دروست نیە (ي) لەم جۆرە وشانە (يأيها، يآدم) جیابكرێتەوە.

سوود: (ان) لەگەڵ (لو) **تەنها لە چوار جێگەی قورئاندا هاتووە:**

یەكەم: ﴿أَن لَّوْ نَشَاء أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ ﴾الأعراف١٠٠.

دووەم: ﴿أَن لَّوْ يَشَاءُ اللّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعاً ﴾الرعد٣١.

سێیەم: ﴿أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ﴾سبأ١٤.

چوارەم: ﴿وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاء غَدَقاً﴾الجن١٦، لە هەرسێ جێگاكانی یەكەم و دووەم و سێیەمدا پچڕاون لەیەكترو، **لەجێگەی چوارەمیشدا جیاوازی لەسەر هەیە**[١].

سوود: هەندێ وشەی تر هەیە هەمیشە پێكەوەن و جیاناكرێنەوە، **كە بریتین لە:**

١. (من) لەگەڵ (ما) لەهەركوێیەكدا بێت لەقورئاندا.

٢. (من) لەگەڵ (ما)ی پرسیاركردندا **وەكو:** ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ﴾ الطارق٥.

٣. (إِلْ يَاسِينَ) **لەئایەتی** ﴿سَلَامٌ عَلَى إِلْ يَاسِينَ﴾الصافات١٢٣، بەجیا دەنووسرێت بەڵام ڕاوەستان دروست نیە لەسەر (ال).

---

[١] بڕوانە: فتح المجید شرح كتاب العمید/٢٧٠، بەوەرگرتن لە اللمعة البدرية/١٠٢.

٤. (نعما) تەنها لە دوو جێگەی قورئاندا هاتووە.

- ﴿إِن تُبْدُواْ الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ﴾البقرة٢٧١.

- ﴿إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ﴾النساء٥٨.

٥. مهما لەئایەتی﴿وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ﴾الأعراف١٣٢.

٦. (يوم) لەگەڵ (إذ) هەرچۆنێك بێت.

٧. (حين) لەگەڵ (إذ) هەرچۆنێك بێت.

٨. پیتی (ل) لەگەڵ (إن) لە (لئن).

٩. (لأن) لەگەڵ (لا) لە وشەی (لئلا).

١٠. (ويْ) لەگەڵ (كأن) لە دوو جێگەی یەك ئایەتدا لە سورەتی (القصص) ﴿وَيْكَأَنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ﴾ ٨٢.

١١. (يَبْنَؤُمَّ) لەئایەتی ﴿قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ﴾طه٩٤، بەجیاکراوەیش هاتووە لە ئایەتی {قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ﴾الأعراف١٥٠، هەربۆیە دەکرێت لەسەر (إبن) ڕاوەستیت لە سورەتی (الأعراف) و، دروست نیە ڕاوەستیت لەسەر ئەو پیتە لەسورەتی طه.

١٢. (لولا) هەمیشە بە پێك گەیەنراوی هاتووە، واتە ڕاوەستان دروست نیە لەسەر وشەی (لو)، هەروەها لەسەر وشەی (لوما).

سوود: ڕاوەستان لەسەر وشەی (ما) لەئایەتی ﴿أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى﴾الإسراء١١٠، هەروەها ڕاوەستان دروستە لەسەر (ایا) بەلاّم دەستپێكردن دروست نیە تەنها لەسەر (ایا) ەوە نەبێت[١].



---

[١] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە بڕوانە:
- أحكام تلاوة القرآن الكريم/ ٢٨٤.
- مختصر بلوغ الأمنية / ٢٣.

بابەتی تائەکان

٩٤.وَرَحْمَتُ الزُّخْرُفِ بِالتَّا زَبَرَهْ   لاعْرَافِ رُومٍ هُودٍ كَافِ الْبَقَرَهْ

(إبن الجزري) لەم دێڕی هۆنراوەکەیدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە وشەی (رَحْمَتُ) لە موصحەفی عوسماندا (ﷺ) **لە حەوت جێگەی قورئاندا** بە پیتی (ت)ی کراوە نووسراوە:

یەکەم: ﴿أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ﴾الزخرف٣٢.

دووەم: ﴿وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ﴾الزخرف٣٢.

سێیەم: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ اللهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ﴾الأعراف٥٦.

چوارەم: ﴿فَانظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ﴾الروم٥٠.

پێنجەم: ﴿رَحْمَتُ اللّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ﴾هود٧٣.

شەشەم: ﴿ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا﴾ مريم٢.

حەوتەم: ﴿أُوْلَـئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ﴾البقرة٢١٨.

سوود: (زَبَرَهْ) **واتە:** **نووسی، مەبەست لە پێشەوا عوسمانە (ﷺ)، هەر ئەویش بوو لە بەشی ڕابردوودا بە (في المصحف الإمام) ئاماژەی بۆ کرا.**

(الزبور) واتە: نووسراو (ولقد كتبنا في الزبور)[1].

٩٥. نِعْمَتُهَا ثَلاثُ نَحْلٍ إِبْرَهَمْ   مَعًا أَخَيْرَاتٌ عُقُودُ الثَّانِ هُمْ

٩٦. لُقْمَانُ ثُمَّ فَاطِرٌ كَالطُّورِ   عِمْرَانَ لَعْنَتَ بِهَا وَالنُّورِ

ئاگادارمان دەكات لەوەی كە وشەی (نِعْمَتْ) بە تائی كراوە نووسراوە، لە یانزە جێگەی قورئاندا:

یەكەمیان لە ئایەتی ﴿وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ﴾البقرة٢٣١، سێ جێگەشیان لە سورەتی (النحل) كە دانەر بە (ثَلاثُ نَحْلْ) ئاماژەی پێكردووە، كە بریتین لە:

یەكەم: ﴿أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ﴾النحل٧٢.

دووەم: ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ اللّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾ ٨٣.

سێیەم: ﴿وَاشْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾النحل١١٤.

دوو جێگەشیان لە سورەتی (ئیبراهیم)دایە، كە دانەر بە (إِبْرَهَمْ مَعًا) ئاماژەی بۆ كردووە:

یەكەم: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعْمَتَ اللّهِ كُفْراً﴾إبراهيم٢٨.

---

[1] بڕوانە: القاموس المحيط والمعجم الوسيط، بەوەرگرتن لە اللمعة البدرية.

دووەم: ﴿ وِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا ﴾إبراهيم٣٤.

(مَعًا أَخَيْرَاتٌ) **واتە: كۆتايەكانی هەردوو سورەتی (النحل) و (إبراهيم) وەكو جیاكردنەوە بۆ سەرەتاكانی، یەك جێگەشیان لە سورەتی (المائدة) دایە:** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ﴾ ١١.

(عُقُودُ الثَّانِ) **مەبەستی دوو جێگەی لە سورەتی (المائدە)، بۆئەوەی بزانرێ كە مەبەستی یەكەم جێگەی ئەو سورەتە نیە.**

(هُـمْ) **كە كردارەكەی تێدایەو، بریتیە لە (هُـمْ)، دێڕی دووەمیش باسی چوار جێگەی تری لەخۆ گرتووە:**

هەشتەم : ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِنِعْمَتِ اللَّهِ﴾لقمان٣١.

نۆیەم : ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ﴾فاطر٣.

دەیەم : ﴿فَذَكِّرْ فَمَا أَنتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ﴾الطور٢٩.

یازدەهەم: ﴿وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء﴾آل عمران١٠٣.

(عِـمْرَانَ لَعْنَتَ بِهَا وَالنُّـورِ) **واتە: وشەی (لعنت) لە دوو جێگەدا لە قورئان بە تائی كراوە نووسراوە:**

یەكەم: ﴿ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ اللّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ﴾آل عمران٦١.

دوو: ﴿وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ﴾النور٧.

٩٧. امْرَأَتُ يُوسُفَ عِمْرَانَ الْقَصَصْ تَحْرِيْمَ مَعْصِيَتْ بِقَدْ سَمِعْ يُخَصْ

لێرەدا ئاگادارمان دەكاتەوە كە وشەی (امْرَأَت) بە تائی كراوە نووسەراوە لە **حەوت جێگەی قورئاندا:**

یەكەم: ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ﴾يوسف٣٠.

دووەم: ﴿قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ﴾يوسف٥١.

سێیەم: ﴿إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ﴾آل عمران٣٥.

چوارەم: ﴿وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ﴾القصص٩.

پێنجەم: ﴿اِمْرَأَتَ نُوحٍ﴾التحريم١٠.

شەشەم: ﴿وَامْرَأَتَ لُوطٍ﴾ التحريم١٠.

حەوتەم: ﴿اِمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ﴾التحريم١١.

قسەیەكی خۆش: **هەموو وشەیەكی (أمرأت) ئەگەر لەگەڵ مێردەكەیدا باسكرابێت لە قورئاندا بە (ت)ی كراوە نووسراوە**[1].

(مَعْصِيَتْ بِقَدْ سَمِعْ يُخَصْ) **واتە:** وشەی (مَعْصِيَتْ) بە (ت)ی كراوە **نووسراوە لە دوو جێگەی سورەتی (المجادلة):**

---

[1] بڕوانە: أحكام تلاوة القرآن الكريم/ ٣٠١.

یەكەم: ﴿ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ ﴾المجادلة٨ .

دووەم: ﴿ فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ ﴾المجادلة٩ .

٩٨ .شَجَرَتَ الدُّخَانِ سُنَّتْ فَاطِرِ   كُلاً وَالانْفَالَ وَحَرْفَ غَافِرِ

(شَجَرَتَ الدُّخَانِ) **واتە:** وشەی (شَجَرَتَ) بە تائی كراوە نووسراوە، لەئایەتی ﴿ إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ الْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ ﴾الدخان٤٣ -٤٤.

(سُنَّتْ) **واتە:** وشەی (سُنَّتْ) بە تائی كراوە نووسراوە، **لە پێنج جێگەی قورئاندا:**

یەكەم: ﴿ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ ﴾فاطر٤٣ .

دووەم: ﴿ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً ﴾فاطر٤٣ .

سێیەم: ﴿ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلاً ﴾فاطر٤٣.

چوارەم: ﴿ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينِ ﴾الأنفال٣٨ .

پێنجەم: ﴿ سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ ﴾غافر٨٥ .

٩٩. قُرَّتُ عَيْنٍ جَنَّتٌ فِي وَقَعَتْ   فِطْرَتْ بَقِيَّتْ وَإِبنتْ وَكَلِمَتْ

١٠٠.أَوْسَطَ الاعْرَافِ وَكُلُّ مَا اخْتُلِفْ   جَمْعًا وَفَرْدًا فِيهِ بِالتَّاءِ عُرِفْ

(قُرَّتُ عَيْنٍ) **واتە:** وشەی (قُرَّت) بە پیتی (ت)ی كراوە نووسراوە، لە ئایەتی ﴿قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ﴾القصص٩.

(جَنَّتٌ فِي وَقَعَتْ) **واتە:** وشەی (جَنَّتْ) بە تائی كراوە نووسراوە، لەئایەتی: ﴿فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ﴾الواقعة٨٩.

(فِطْرَتْ بَقِيَّتْ وَإِبْنَتْ) **واتە:** ئەم سێ وشانە بە تائی كراوە نووسراون **لەهەركوێ هاتبێتن وەكو:** ﴿فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾الروم٣٠ و، **لەئایەتی** ﴿وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ﴾التحريم١٢، (وَكَلِمَتُ أَوْسَطَ الاعْرَافِ) **واتە:** وشەی (كَلِمَتْ) **بە پیتی** (ت)ی **كراوە نووسراوە، لە** سورەتی (الْاعْرَافِ) ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى﴾ الأعراف١٣٧.

(وَكُلُّ مَا اخْتُلِفْ...عُرِفْ) **واتە:** هەموو ئەو جێگانەی كە زانایانی قورئان خوێندن ناكۆكیان هەبووە دەربارەی، **لەم جێگەیەدا بە تائی كراوە دەنووسرێت:**

بەكورتی: وشەی (كَلِمَتْ) **لە پێنج جێگەی قورئاندا بە** (ت)ی **كراوە نووسراوە:**

یەكەم: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقاً وَعَدْلاً﴾الأنعام١١٥.

دووەم: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾الأعراف١٣٧.

سێیەم: ﴿كَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ فَسَقُوا﴾يونس٣٣.

چوارەم: ﴿إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾يونس٩٦.

پێنجەم: ﴿وَكَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا﴾غافر٦، **موسحەفەكانیش جیاوازیان تێدایە لە شێوەی نووسینی وشەی (كَلِمَتْ) لەسێ جێگەی ئەم پێنج جێگەیەدا،** كە بریتین لە سورەتی (الأعراف) و (یونس) و (غافر) هەر بۆیە دروستە بە (ت) و (ه) لەسەریان ڕاوەستیت، بەڵام ئەوەی زیاتر كاریان پێدەكرێت ڕاوەستانە لەسەریان بە (ت)[١].

هەروەها ئەم وشانە لە قورئاندا بە (ت) ی كراوە نووسراون:

١. (جِمَالَتٌ) ﴿كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ﴾المرسلات٣٣.

٢. (بَيِّنَتٍ) ﴿فَهُمْ عَلَى بَيِّنَتٍ مِّنْهُ﴾ فاطر٤٠.

٣. (غَيَابَتِ) ﴿أَن يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ﴾يوسف١٥.

٤. **ناوی كۆكراوە كە بە پیتی (ت) كۆتایی هاتبێت، وەكو:** (الآيات، آيات، مبينات، بينات، متبرجات، المؤتفكات، المنشآت، والعاديات، الذاريات، العاديات، المرسلات، النازعات).

٥. ملكوت، جالوت، طالوت، التابوت، الطاغوت.

٦. (أبت) **لە سورەكانی** (يوسف، مريم، القصص، الصافات).

---

[١] دەگەڕێتەوە بۆ (سماع) لە قارئەكانەوە. ((م.دلێر گەرمیانی))

٧. (هيهات) **لەئایەتی** ﴿ هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ ﴾المؤمنون٣٦.

٨. (مرضات) **لەسێ جێگەی سورەتەكانی:** (البقرة ٢٠٧-٢٦٥)،(النساء ١١٤)،(التحريم ١).

٩. (ذات) **لەئایەتی** ﴿ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ ﴾الأنفال١، ﴿ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ ﴾النمل٦٠.

١٠. (ولات) **لەئایەتی** ﴿ فَنَادَوْا وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ﴾ص٣.

١١. (اللات) **لەئایەتی** ﴿ أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى ﴾النجم١٩.



بابەتی هەمزەی پێك گەیاندن
(همزة الوصل)

بابزانین هەمزە لەسەرەتای وشەوە دوو جۆرە:

- **هەمزەی پچڕاندن (همزة القطع):** كە بریتیە لەو هەمزەی جێگیر دەبێت، لەحاڵی دەسپێكردن و بەردەوا بووندا.

- **هەمزەی پێك گەیاندن (همزة الوصل):** بریتیە لەو هەمزەی كە لە سەرەتای وشەدا جێگیر دەبێت و، لەبەردەوام بووندا نامێنێت[1]، هۆكاری ناونانیشی بەهەمزەی پێك گەیاندن ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی لەكاتی پێك گەیاندندا لادەبرێت، بەلاَم پێش و پاشی خۆی بەیەكتر دەگەیەنێت، دەڵێنیش هۆكارەكەی ئەوەیە كە قسەكەر بەهۆیەوە دەتوانێت زەنندار (ساكن) دەربڕێت، (الخليل بن أحمد)یش بە (سُلّم اللسان) **واتە:** پەیژەی زمان ناوی دەبرد، چونكە هەمیشە دەستپێكردن بە پیتێكی بزواو دەبێت و ڕاوەستانیش بە زەنندار، بۆیە نیاز زۆر بوو بەئامرازێك بۆئەوەی بتوانین زەنندار دەربڕین، ئەو ئامرازەش هەمزەی پێك گەیاندنە.

١٠١. وَابْدَأْ بِهَمْزِ الْوَصْلِ مِنْ فِعْلٍ بِضَمْ　　　إِنْ كَانَ ثَالِثٌ مِنَ الفِعْلِ يُضَمْ

بزوێنی دەستپێكردن لە كردارەكاندا لەوانەیە بە بۆر (ضمة) بێت و، لەوانەشە بە (كسرة) بێت، ئەگەر بە بۆر بێت، مەرجی ئەوەیە سێیەم پیتی بۆری هەبێت،

[1] بڕوانە: شرح الأشموني و شرح إبن عقيل لەسەر الفية إبن مالك.

بۆنموونە: (لە ڕابوردوودا): (استُحفظوا، اجتُثت، وابُتلی) وەکو: لەم ئایەتانەدا هاتووە.

- ﴿ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ ﴾المائدة٤٤.

- ﴿ وَمَثلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴾إبراهيم٢٦.

- ﴿ هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيداً ﴾الأحزاب١١.

نمونەی (فەرمان)یش:

- ﴿ ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ﴾النحل١٢٥.

﴿ اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ ﴾العنكبوت٤٥، **پێویستە بۆرەكەش (لازم) بێت، نەك توشهاتوو (عارض) وەكو:** (ابْنُوا) لە ئایەتی ﴿ فَقَالُوا ابْنُوا عَلَيْهِم بُنْيَاناً ﴾الكهف٢١، (وَامْضُواْ) **لەئایەتی** ﴿ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَامْضُواْ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ ﴾الحجر٦٥، **ڕوون كردنەوەی ئەم جۆرە وشانەش كە (عارض)ن ئەوەیە، بۆ نموونە: وشەی (اقضوا) بنچینەكەی (أقضیوا)ە بۆیە بۆری (ي)ەكە گۆیزرایەوە بۆ (ض)ەكە و، هەردوو پیتی زەنندەداری (ي) و (و) پێك گەیشتن، بۆیە (ي)ەكە بەهۆی یەككگرتنی دوو (ساكن) لابرا و، وشەكەش بوو بە (اقضوا)، بەهەمان شێوەش لە وشەكانی تر.**[1]

---

[1] لە بنەڕەتدا لەسەر وەزنی (يَفْعِل)ە كەواتە كەواتە عەینی فیعلەكە (كسرة)یە. ((م.دلێر گەرمیانی))

١٠٢. وَاكْسِرْهُ حَالَ الْكَسْرِ وَالْفَتْحِ وَفِي لاسْمَاءِ غَيْرَ اللاَّمِ كَسْرَهَا وَفِي

(وَاكْسِرْهُ حَالَ الْكَسْرِ وَالْفَتْحِ) **واتە:** هەمزەی پێك گەیاندنەكە با (كسرة)ی هەبێت، ئەگەر لەسەرەتای كردارەكەبوو سێیەمی ئەو دوو كردارەش (كسرة) یان (فتحة)دار بوو، **وەكو:** (اغْفر، انْهوا).

بەكورتی: بزوێنی دەستپێكردن بە ژێر (كسرة) مەرجەكەی ئەوەیە پیتی سێیەمی كردارەكەیان سەر (فتحة)ی هەبێت **وەكو:** ﴿وَإِذَا انقَلَبُوا إِلَى أَهْلِهِمُ انقَلَبُوا فَكِهِينَ﴾المطففين٣١، یان ژێر (كسرة)ی هەبێت **وەكو:** ﴿رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ﴾الدخان١٢.

(وَفِي الاسْمَاءِ) **واتە:** ئەو ناوانەی كە بە هەمزەی پێك گەیاندن دەست پێدەكات.

(كَسْرَهَا) **واتە:** ژێر دانان بۆ هەمزەكە، جگە لە (ال) كە جیایكردووەتەوە.

(غَيْرَ اللاَّمِ) **واتە:** جگە لە هەمزەی (ال)ی ناساندن (التعريف)، چونكە لەو حاڵەتەدا سەر (فتحة)ی هەیە **وەكو:** (النهار).

١٠٣. إبن مَعَ إبنةِ امْرِئٍ وَاثْنَيْنِ وَامْـرَأَةٍ وَاسْـمٍ مَـعَ اثْنَتَيْنِ

لەم دێڕەدا باسی هەندێ ناومان بۆ دەكات كە بە هەمزەی پێك گەیاندن دەنووسرێت، لەكاتی دەست پێكردندا بە ژێر (كسرة) دەست پێدەكات، ئەو ناوانەش بریتین لە:

١. (إبن) **وەكو:** ﴿ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي ﴾هود٤٥.

٢. (إبنة) **وەكو:** ﴿ وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَانَ ﴾التحريم١٢.

٣. (امرئ) **وەكو:** ﴿ إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٌ ﴾النساء١٧٦.

٤. (اثنین) **وەكو:** ﴿ ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ ﴾التوبة٤٠.

٥. (امرأة) **وەكو:** ﴿ وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ ﴾النساء١٢٨.

٦. (اسم) **وەكو:** ﴿ سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ﴾الأعلى١.

٧. (اثنتین) **وەكو:** ﴿ فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ﴾النساء١٧٦،

ڕوون كردنەوە: با بزانیت كە هەمزەی پێك گەیاندن (همزة الوصل) لەهەموو كردارێكی ڕابردوودا هەیە كەبریتیە لە زیاتر لە چوار پیت **واتە:** (پێنجی یان شەشی بێت) **وەكو:** (انطلق – استخرج) هەروەها لە چاووگی ئەو كردارانەش **وەكو:** (انطلاق – استخراج).

هەروەها ژێریشیان هەیە (مكسور)ن، لەو ناوانەی لای خوارەوە:

(إبن – إبنة – امرؤ – امرئ – امرأة – اثنان – اثنين – اثنتين – اسم).

بە هەمان شێوە بە ژێر (كسرة) دەست پێ دەكرێت ئەگەر سێیەم پیتی كردارەكە ژێری هەبێت، بەپێی بنچینەكەی دواتر بۆر (ضمة)ی توش هاتبێت، **لەو جۆرەش لە قورئاندا پێنج كردار هاتووە:**

١. (امشوا) **لەئایەتی** ﴿أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ﴾ص٦.

٢. (ائتوا) **لەئایەتی** ﴿ائْتُونِي بِكِتَابٍ مِّن قَبْلِ هَذَا﴾الأحقاف٤.

٣. (إبنوا) **لەئایەتی** ﴿قَالُوا ابْنُوا لَهُ بُنْيَانًا فَأَلْقُوهُ فِي الْجَحِيمِ﴾الصافات٩٧.

٤. (اقضوا) **لەئایەتی** ﴿ثُمَّ اقْضُوا إِلَيَّ وَلَا تُنظِرُونِ﴾ يونس٧١.

٥. (امضوا) **لەئایەتی** ﴿وَامْضُوا حَيْثُ تُؤْمَرُونَ﴾الحجر٦٥.

چونكە بنچینەی ئەو كردارانە **بریتین لە:** (امشیوا)، (ایتیوا)، (إبنیوا)، (اقضیوا)، (امضیوا).

سوود: ئەگەر ڕاوەستایت لەسەر وشەی (بئس) بۆ پێویستی یان تاقیكردنەوە، یان هەر هۆكارێكی تر و، ویستت بە (الإسم) دەست پێبكەیت لە سورەتی (الحجرات) لەئایەتی ﴿بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ﴾الحجرات١١، لەو حاڵەتەدا **دوو شێوازت لە بەردەمدایە بۆ خوێندنەوەی:**

١. دەست پێكردن بە هەمزەی پێك گەیاندن بەسەر (فتحة) و، **واتە:** (أَلسْمُ).

٢. لابردنی هەمزەكەو، دەست پێكردن بە لامێكی ژێردار، **واتە:** (لِسْمُ) بەلاَم لەحاڵەتی پێك گەیاندنی (بِئْس) بە (الِإسم) تەنها بەیەك شێواز دەخوێنرێتەوە ئەویش لابردنی هەمزەی پێك گەیاندن و دانانی ژێرە بۆ لامەكە، واتە وەكو حاڵەتی دووەم[1].



[1] بڕوانە: أحكام تلاوة القرآن الكريم ٤٢٣.

بابەتی ڕەوم و ئیشمام

١٠٤. وَحَاذِرِ الْوَقْفَ بِكُلِّ الحَرَكَهْ إِلاَّ إِذَا رُمْـتَ فَبَعْضُ حَرَكَهْ

١٠٥. إِلاَّ بِفَتْحٍ أَوْ بِنَصْبٍ وَأَشِـمْ إِشَارَةً بِالضَّمِّ فِي رَفْعٍ وَضَـمْ

(وَحَاذِرِ) **واتە:** وورِیابە لەوەی.

(الْوَقْفَ بِكُلِّ الحَرَكَهْ) **واتە:** بە هەموو جوڵەكە لەسەر پیتی كۆتایی وشەوە ڕاوەستیت، وەكو هەندێ —بۆ نمونە— لە وشەی (تَبَّ) لەئایەتی: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾المسد١، ئەنجامی دەدەن، چونكە لە پیتی كۆتایی وشە پێویستە بە زەننە (سكون) ڕاوەستێت.

(إِلاَّ إِذَا رُمْـتَ) **واتە:** مەگەر لە حاڵێتێكدا بە ڕەوم ڕاوەستیت، لەو حاڵەتەدا ڕێگەت دراوە هەندێ لە جوڵەی پیتەكە دەربڕیت سەرەڕای ئەوەش كە لەسەری ڕاوەستاوی.

(إِلاَّ بِفَتْحٍ أَوْ بِنَصْبٍ) **واتە:** مەگەر لە حاڵێتێكدا ئەو پیتەی لەسەری ڕاوەستابیت (فتحة)ی هەبێت، یان (منصوب) بێت، درووست نیە بە ڕەوم لەسەری ڕاوەستیت.

(وَأَشِـم إِشَـارَةً بِالضَّمّ فِي رَفْـعٍ وَضَـمْ) **واته:** بۆت هەیە ئەگەر ئەو پیتەی لەسەری ڕاوەستایت بۆر (ضمة)ی هەبێت یان (مرفوع) بێت، بە (إشمام) ڕاوەستیت.

(الرَّوم): **واته:** دەربڕینی هەندێ لە جوڵەی پیتەکە، داگرتنی دەنگ لەکاتی دەربڕیندا.

(الإِشْمام): لە (شم)ەوە هاتووە، **واته:** بۆن، وەکو ئەوەی بۆنی سەروبۆر (حركة)ت بە پیتەکە دابێت.

ئاگاداری: فێربوونی دەربڕینی (الرَّوم) و (الإشمام) لەلای مامۆستای شارەزا دەبێت، ناکرێت لە کتێبەوە وەربگیردرێت.

جۆرەکانی ڕاوەستان لەسەر کۆتایی پیتەکان:

١. زەنەی پەتی (السكون المحض)، بنچینەش ئەم شێوە ڕاوەستانەیە چونکە مەبەست پشوو دانە و، لابردنی سەروبۆریش کاریگەر ترە بۆ بەدەست هێنانی ئەو پشووە.

٢. ڕاوەستان بە ڕەوم: **واته:** کەم کردنەوە و داگرتنی دەنگ بە بزوانی پیتەکە، بەشێوەیەك بەو لاوازکردنە زۆربەی بڕوات و نەمێنیّ، هەندێکیش لە زانایان دەڵێن ڕەوم بریتیە لە دەربڕینی هەندێك لە جوڵەی پیتەکە، **واته:** سێیەکی جوڵەکە بەپێی بۆچوونی هەندێ لە زانایان، ئەم حاڵەتەش لە پیتی بۆر (ضمة) دار و، ژێر (كسرة) دار ادا دروست دەبێت نەك لەحاڵەتی (فتحة).

٣. ڕاوەستان بە (إشمام) کە بریتیە لە ئاماژە کردن بە لێو بەبێ دەربڕینی دەنگ لەپاش تەواو کردنی پیتی کۆتایی بە زەننە داری، بەکورتی (إشمام) بەچاو دەبینرێت و، بەگوێ نابیسترێت، بۆیە کەسی نابینا هەست بە ئیشمام ناکات، بەپێچەوانەی ڕەوم کە لە ڕێگەی بیستنەوە هەستی پێدەکرێت.



سوودی ڕاوەستان بە ڕەوم و ئیشمام

زانای گەورە (إبن الجزري) لە کتێبی (النشر ج ٢ /١٢٥) **فەرموویەتی:**

(سوودی ئاماژە کردن لە ڕاوەستاندا بە ڕەوم و ئیشمام دەرخستنی سەروبۆرە کە لە کاتی بەردەوام بووندا جێگیر دەبێت، بۆئەوەی چۆنێتی ئەو سەروبۆرە لە سەری ڕاوەستیت ئاشکرا بێت).

ئەمەش شتێکی باشە لەحاڵەتێکدا بێت کەسێك گوێ لە خوێنەرەکە بگرێت، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەگەر خوێنەر بەتەنها بێت لەو حاڵتەدا پێویستی بە ئەو دەرخستنە نیە، جا ئەگەر گوێگر شارەزا بێت بە دروستی خوێندنەوەی خوێنەرەکە دەزانێت، ئەگەر شارەزایش نەبێت بۆی دەبێتە ئاگەدارکردنەوەیەك بۆئەوەی حوکمی ڕاوەستان لەسەر ئەو پیتە بزانێت، ئەگەر خوێنەرەکەش قوتابی زانست بێت بۆ مامۆستاکەی دەردەکەوێت خوێندنەوەکەی ڕاستە تاکو پەسەندی بکات، یان هەڵەیە و بۆی چاك بکاتەوە.

زۆرجاریش قوتابیە سەرەتاییەکانی زانست و کەسانی تر لێیان تێکدەچێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەبەر دەستی مامۆستادا فێری قورئان خوێندن نەبوونە چۆن جیاوازی بکەن لە سەروبۆری کۆتایی وشەکاندا، **وەکو:** (وفوق كل ذي علم عليم) یان (اني لما انزلت الي من خير فقير)، چونکە ئەوان هەمیشە ڕاهاتوون بە (سکون) لە کۆتایی وشەکاندا ڕاوەستن، بۆیە نازانن چۆن وشەی (عليم) و(فقير) لەکاتی بەردەوام بووندا بخوێننەوە ئایا بە (ضمة) یان بە

(كسرة)؟ بۆیە زۆر لە مامۆستایانمان فەرمانیان پێدەكردین ئاماژە بكەین بە لێومان، هەندێكیشیان فەرمانیان پێدەكردین ڕانەوەستین لەسەر ئەو وشانە و بەردەوام بین، ئەوەش كارێكی جوانە.

دەڵێم:

ئەم وتەی پێشەوا (إبن الجزري) مەبەستی ئەو كەسەیە كە قورئان لەبەر بخوێنێتەوە – كە قوتابیانی ئەو سەردەمە بەگشتی لەبەر خوێندوویانەتەوە – چونكە لە موسحەفدا ئەو سەروبۆرانە ئاماژەیان پێكراوە.

١٠٦. وَقَدْ تَقَضَّى نَظْمِيَ الْمُقَدِّمَهْ مِنّي لِقَارِئِ الْقُرْآنِ تَقْدِمَهْ

(وَقَدْ تَقَضَّى) **واتە:** كۆتایی پێ هات و تەواو بوو.

(نَظْمِي) **واتە:** هۆنراوەكەم كە لەم زانستەدا ڕێكم خستبوو.

(الْمُقَدِّمَهْ) **واتە:** وەكو دیاریەك.

واتە: هۆنینەوەم بۆ ئەم پێشەكیە لە زانستی تەجوید و خوێندنەوەی قورئان كۆتایی پێ هات، ئەوەش دیارییەكە لە منەوە بۆ خوێنەری قورئان.

١٠٧. (وَالحَمْدُ للهِ) لَهَا خِتَامُ ثُمَّ الصَّلاَةُ بَعْدُ وَالسَّلاَمُ

١٠٨. عَلَى النَّبِيِّ الْمُصْطَفَى وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وتَابِعِي مِنْوَالِهِ

واتە: کۆتایی بەم کارە دەهێنم بە سوپاس و ستایش کردنی خوای گەورەو، درووود و سلاو ناردن بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری هەڵبژاردە (ﷺ) هەروەها بۆسەر یارو یاوەرانی و شوێنکەوتووانی ڕێبازەکەی بە گشتی.

ئەمە دوا دێڕی هۆنراوەکەیە، کەتێیدا سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکات لەسەر ئەنجامدانی کارەکەی، هەروەها درووود و سلاو دەنێرێتە سەر گیانی پاکی موحەممەد (ﷺ) بەڵام دێڕەکە جۆرێك لە نوقسانی تێدایە، چونکە ئاماژەی نەکردووە بۆ ئەو کەسەی کە درووود و سلاوی بۆ ناردووە ئەگەر چی ئاشکراشە کە پێغەمبەرە (ﷺ)، بۆیە یەکەمین کەسیش کەهەوڵیدا ئەوە چارەسەر بکات بە دێڕی ١٠٨ (عبدالدائم الأزهري) قوتابی (إبن الجزري) بوو کە لە ساڵی (٨٧٠ ك) کۆچی دوایی کردووە[١].

واتە: هۆنراوەکەم بریتیە لە سەد و حەوت دێڕ، هەرکەسێك بە جوانی

١٠٩. أَبْيَاتُهَا قَـافٌ وَزَايٌ فِي الْعَـدَدْ   مَنْ يُحْسِنِ التَّجْوِيدَ يَظْفَرْ بِالرَّشَـدْ

شارەزابێت لە زانستی تەجوید ڕێنوێنی کراوە و، ڕێگەی زانستی دۆزیوەتەوە.

پیتی (زَايٌ) بەرانبەر ژمارە حەوتە.

پیتی (قَـافٌ) بەرانبەر ژمارە سەدە.



[١] بڕوانە: الشرح الوجيز على الجزرية / ١٥٣.

پاشكۆی ژمارە (١)

چەند تێبینیەكی گرنگ لەكاتی خوێندنەوەی قورئاندا بە ڕیوایەتی (حفص عن عاصم)

١. وشەی (ءَاْعْجَمِيٌّ) لە ئایەتی ﴿ءَاْعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ﴾فصلت٤٤، بە تەسهیل دەخوێنرێتەوە، **واتە:** نە بەهەمزەی تەواو و نە بە ئەلیفی تەواو، تەنها پێویستە بەم شێوەش بخوێنرێتەوە.

٢. وشەی (مَجْرَاهَا) لە ئایەتی ﴿بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا﴾هود٤١، بە (إمالة) دەخوێنرێتەوە، **واتە:** بەنزیك كردنەوەی (فتحة)كە بەرەو (كسرة) و،ئەلیفەكە بەرە و (ي).

٣. (ضَعْفٍ) لەئایەتی ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِن بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفاً وَشَيْبَةً﴾الروم٥٤، ئەو وشە لە هەرسێ جێگەی ئایەتەكەدا دەكرێ پیتی (ض) بە (فتحة) و بە (ضمة) بخوێنرێتەوە، بەلاَم (فتحة) لەپێشترە.

٤. (وَيَبْصُطُ) لەئایەتی ﴿ وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُطُ﴾البقرة٢٤٥، بە سینی پەتی دەخوێنرێتەوە.

٥. (بَصْسطَةً) لەئایەتی ﴿وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَصْسطَةً﴾الأعراف٦٩، بەسینی تەواو دەخوێنرێتەوە.

٦. (ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ) لەئایەتی ﴿ أَمۡ هُمُ ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ ﴾الطور٣٧، بە (ص) و بە (س) دەخوێنرێتەوە، بەڵام دەربڕینی بە (ص) بەناوبانگترە.

٧. (بِمُصَيْطِرٍ) لەئایەتی ﴿لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾ الغاشية ٢٢، بە (ص) ی تەواو دەخوێنرێتەوە.

٨. لابردنی ئەلیف لەکاتی بەردەوام بوون و، جێگیر کردنی لەکاتی ڕاوەستاندا، لەم وشانەی لای خوارەوە:

(أَنَاْ) لەهەرکوێیەکی قورئاندا بێت، **وەکو:** ﴿وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَاْ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ﴾یوسف٤٥.

(لَّكِنَّا) لەئایەتی ﴿لَّكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَداً﴾الكهف٣٨، (الظُّنُونَا) لەئایەتی ﴿وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا﴾الأحزاب١٠، (الرَّسُولَا) لەئایەتی ﴿يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا﴾الأحزاب٦٦، (السَّبِيلَا) لەئایەتی ﴿وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا﴾ الأحزاب٦٧، (قَوَارِيرَا) الإنسان١٥، **لە جێگەی یەکەمی ئایەتی:** ﴿وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا﴾الإنسان١٥، **هەموو ئەم وشانە بە** جێگیرکردنی پیتی ئەلیف لەکاتی ڕاوەستاندا و لابردنی لەکاتی بەردەوام بووندا دەخوێنرێتەوە، بەڵام (قَوَارِيرَ) **لەجێگەی دووەمی سورەتی** (الإنسان) ﴿قَوَارِيرَ مِن فِضَّةٍ﴾، لادەبرێت لەبەردەوام بوون و ڕاوەستاندا.

٩. (سَلَاسِلَا) لەئایەتی ﴿إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَا وَأَغْلَالاً وَسَعِيراً﴾ الإنسان٤، لە بەردەوام بووندا لامەکەی بە (فتحة) دەخوێنرێتەوە بەبێ تەنوین،

لەڕاوەستانیشدا یان بە ئەلیف دەخوێنرێتەوە، یان بە (ساکن) کردنی لامەکە، هەردوو شێوە خوێندنەکەشی ڕاستن.

١٠. خوێندنەوەی ئەم وشانەی لای خوارەوە بە نون لەبەردەوام بووندا و، بە ئەلیف لە ڕاوەستاندا:

(ولیکونا)، (لنسفعا)، (واذا)، (ولیکونا)، لەئایەتی ﴿قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُوناً مِّنَ الصَّاغِرِينَ﴾يوسف٣٢، (لَنَسْفَعاً) لەئایەتی ﴿كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ﴾ العلق١٥.

١١. (ءاتىٰن) لەسورەتی النمل٣٦، لەکاتی بەردەوام بووندا بە (ي) دەخوێنرێتەوە، لەکاتی ڕاوەستاندا دوو شێوە خوێندنی هەیە: جێگیرکردنی (ي) و لابردنی.

١٢. (الِاسْمُ) لەئایەتی ﴿بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ﴾الحجرات١١، لەکاتی دەستپێکردن لەو وشەوەوە دوو شێواز خوێندنەوەی هەیە: دەسپێکردن بەهەمزەیەکی (فتحة)دار و لامێکی (کسرە)دار، یان بەلابردنی هەمزەی پێك گەیاندن و، دەشتپێکردنی بە لامێك (کسرة)ی هەبێت و سینێکی زەنندار.

١٣. خوێندنەوەی ئەم وشانە بە (مد)ی درێژ (شەش جووڵە) یان بە (تسهیل)، وشەکانیش بریتین لە: (ءالذکرین) لەهەردوو جێگەی سورەتی (الأنعام) و (آلآن) لەهەردوو جێگەی سورەتی (یونس) و، (ءالله) لە سورەتی (یونس) و (النمل) درێژکردنەوەشی بۆ شەش جووڵە پەسەند ترە.

١٤. پیتی (ع) لەهەریەك لە ئایەتی ﴿كهيعص﴾ی سەرەتای مەریەم و، ﴿حم ٦عسق﴾ی سەرەتای (الشورى)، دروستە بە (توسط) چوار جووڵە، یان (اشباع) شەش جووڵە كەئەوەش چاكترە.

١٥. (تَأْمَنَّا) لەئایەتی ﴿قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ﴾يوسف١١، بە (إشمام) یان بە (روم) دەخوێنرێتەوە.

١٦. **لەچوار جێگەی قورئاندا** بێ دەنگی (السكت) پێویستە لەلای (حفص) جیاواز لەهەموو خوێنەرەكانی قورئان.

- بێ دەنگی لەسەر ئەلیفی ﴿عِوَجَاً﴾الكهف١.
- بێ دەنگی لەسەر ئەلیفی ﴿مَّرْقَدِنَا﴾يس٥٢.
- بێ دەنگی لەسەر نونی ﴿مَنْ رَاقٍ﴾القيامة٢٧.
- بێ دەنگی لەسەر لامی ﴿بَلْ رَانَ﴾المطففين١٤.

١٧. ساكن كردنی پیتی (هـ) لە وشەی ﴿أَرْجِهْ﴾ لە سورەتی (الأعراف) و (الشعراء)، هەروەها وشەی (ألقهْ) لەسورەتی النمل، هەروەها خوێندنەوەی پیتی (هـ) بە (ضمة) و، بەبێ پێكگەیاندن (صلة) لەوشەی ﴿يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ لە سورەتی الزمر، بەڵام وشەی ﴿وَيَتَّقْهِ﴾ لە سورەتی النور لە ئایەتی٥٢ (حفص) بە (ساكن) كردنی پیتی (ق) و (كسرە) دانان بۆ پپیتی (هـ) خوێندوویەتیەوە بەبێ پێكگەیاندن.

١٨. دەرخستنی پیتی (ن) لەلای (و) لەهەردوو ئایەتی ﴿يس ۝ وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ﴾ و ﴿نٓ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾القلم١.

١٩. تێهەڵكێشانی پیتی (ث) بە پیتی (ذ) لەئایەتی ﴿يَلْهَث ذَّلِكَ﴾ لە سورەتی الأعراف١٧٦، هەروەها تێهەڵكێشانی پیتی (ب) بە پیتی (م) لەئایەتی٤٢ ﴿يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا﴾ لە سورەتی هود، بەشێوەیەكی تەواو بەهۆی ئەو هاوچەشنیەی كە لە نێوان هەردوو پیتەكەدا هەیە.

٢٠. وشەی (نَخْلُقكُّم) لەئایەتی ﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّاء مَّهِينٍ﴾المرسلات٢٠، جیاوازی هەیە سەبارەت بە تێهەڵكێشانی هەردوو پیتی (ق) و (ك) بەتەواوەتی یان بە ناتەواوی، (إبن الجزري)یش بۆ ئەم جیاوازیە ئاماژەی كردووە و فەرموویەتی: (والخلف بنخلقكم وقع)، هەردوو شێوازەكەش ڕاستن، تێهەڵكێش كردنی تەواو (أدغام كامل) **واتە:** پیتی (ق) بخرێتە ناو پیتی (ك) و دیارنەمێنێ، تێهەڵكێش كردنی ناتەواویش (أدغام ناقص) **واتە:** مانەوەی سیفەتی بەرزی لە (ق) و لاچوونی سیفەتی (قلقلة) تێیدا،بەلاَم (إبن الجزري) سیفەتی تێهەڵكێشی تەواوی هەڵبژاردووە[1].



[1] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد ⁄٢٦٣-٢٦٦.

پاشكۆی ژمارە (٢)

هەندێ لە داهێنان (بدعة)ی قورئان خوێنەكان كەزانایان ورياييان داوە دەربارەی[1]:

١. زۆر لەخۆكردن و توشبوونی گومان، وەسوەسە لە مەخرەجی پیتەكاندا، **واتە**: زێدە ڕەوی كردن و خۆگۆڕین لەكاتی دەربڕینی پیتەكان و قورس كردنەوەیان بەشێوەیەكی بەرچاو.

٢. دەربڕینی ئاواز و درێژكردنەوەی پیتەكان زیاد لە ئاستی خۆیان.

٣. ئاواز بۆدانانی سورەتەكان، وەكو چۆن ئاواز بۆ گۆرانی دادەنرێت.

٤. خوێندنەوەی قورئان لەچەشنی گۆرانی و زۆر دووبارە كردنەوەی ئایەتەكان هاوكات لەگەڵ خۆگۆڕین و زۆر لەخۆكردن و، ڕاهێنانی زۆر لەسەر ئاوازی جۆراوجۆر كە بە فێربوون و هەوڵی زۆر بەدەستی دەهێنن.

٥. لە خوێندنەوەی قورئاندا گوێگر خەریكی جگەرەكێشان بێت، یان گوێگران خەریكی خواردن و خواردنەوە بن.

٦. خوێندنەوەی قورئان بە (القراءات الشاذة)، كە جێگیر نەبوونە، پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان بەو شێوەیە خوێندبێتیانەوە.

---

[1] بڕوانە: بدع القراء القديمة و المعاصرة، بكر بن عبدالله أبو زيد، بەوەرگرتن لە كتێبی/ بسط المقال في شرح تحفة الأطفال / ٧٩-٨١.

٧. كۆكردنەوە لەنێوان دوو شێوازی خوێندنەوە لە یەك ئایەتدا، لەنوێژدا بێت یان لەهەر شوێنێكی تر بێت بۆ خۆهەڵكێشان.

(**دەڵێم**: زۆرێك لە خوێنەرە بەناوبانگەكانی میسر هەڵدەستن بە كۆكردنەوە لە نێوان چەند خوێندنەوەیەكدا).

٨. تایبەت كردنی هەندێ ئایەت یان سورەت لەنوێژدا، یان لەهەر كات و شوێنێكدا، یان لەبەر پێویستیەكی دیاری كراو.

٩. وابەستە بوونی خوێنەر یان گوێگر بەهەندێ نزا و ویردەوە، كە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە لەكاتی خوێندنەوەی ئایەتێك یان سورەتێك، بۆ نمونە: خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة) لەپاش قورئان خوێندن، یان لەكاتی بیستنی سورەتی (الفاتحة) **بڵێیت**: (صلوا علیه وسلموا تسلیما).

١٠. یان ئەوەی گوێگران بۆ خوێنەری قورئان **بڵێن**: (الله الله)، یان هەر وشەیەكی تر لەو بارەوە كە بۆ خوێنەر تەرخان بكرێت، خوای گەورە **فەرموویەتی**: (وإذا قرئ القرءآن فاستمعوا له وانصتوا لعلكم ترحمون).

(**دەڵێم**: دیسان شوێن و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم هاوار و هاندان و ژاوەژاوە لەكاتی قورئاندا وڵاتی میسرە و لەوێیشەوە هەناردە كرا بۆ وڵاتانی تر، واشدەردەكەوێت ئەو قورئان خوێنانە پێخۆشحاڵ دەبن بەو هاوار و سەرسامی دەربڕینەی جەماوەر لە دەنگیان و، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەوەندەی تر دەنگی خۆیان خۆش بكەنەوە و داهێنان بكەن لە ئاوازەكانی خوێندنەوەیاندا).

١١. خوێنەر هەردوو دەستی، یان دەستێكی بخاتە سەر گوێی لەكاتی قورئان خوێندنەوەدا وەكو زۆرێك لە خوێنەرە میسریەكان وخوێنەرانی تر دەیكەن[١].

١٢. وتنی (صدق الله العظیم) چونكە هیچ بنچینەیەكی شەرعی نییە لە كرداری پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان و شوێنكەوتوانیان، چاكەیەكیش ئەوان ڕێگەیان پێ نەبردبێت چاك نیە.



[١] بڕوانە: بسط المقال في شرح تحفة الأطفال ٧٩-٨١.

پاشكۆی ژمارە (٣)

پێناسەی هەندێك لەو زانایانەی ناویان لەم كتێبەدا هاتووە

الفراهيدي:

خەلیلی كوڕی ئەحمەد، سەرگەورەی زانایانی زمان و وێژەیە بەگشتی لە زانستدا، یەكەمین كەسە كە زانستی (العَروض)ی داهێنا، مامۆستای (سیبویە) و (الأصمعي) و زۆر لە زانایانی تر بوو، لە بەسرە، دانەری كتێبی (العین)ە، كە یەكەمین فەرهەنكە لە زمانی عەرەبیداله ساڵی ٧٨٦ ك كۆچی دوایی كردووە.

سیبویە:

عەمری كوڕی عوسمانی كوڕی قەمبەر، پێشەوای خەڵكی بەسرە لە زانسی (النحو)، (سیبویە) **واتە:** بۆنی سێو بە فارسی، یەكێكە لە گەورەترین زانایانی زمانی عەرەبی لە درێژایی مێژودا لەساڵی (٦١ یان ٨٨ یان ٩٤) ك وەفاتی كردووە.

الفراء:

یەحیای كوڕی زیادی كوفی، بە (أمیر المؤمنین) دەناسرێت لە زانستی (نحو)، ناونرا بە (الفراء) **واتە:** "لەتكەر"، چونكە وتەكانی لەت دەكرد و لێی ورد دەبوویەوە، خۆیی و (الكسائي) شارەزاترین خەڵكی كوفە بوون لە (نحو)، لەساڵی ٢٠٧ك وەفاتی كردووە.

الشاطبي:

(القاسم بن فيرُّه)ى نابينا، لەساڵی ٥٣٨ ك لە ئەندەلوس لەدایك بووە، قیرائاتی لەوێ تەواو كردووە دواتر كۆچی بۆ میسر كردووە و (القاضي الفاضل)ی وەزیری (صلاح الدين الأيوبي) ڕێزی زۆری لێگرت و كردی بە مامۆستای قوتابخانەی (الفاضلية)، كتێبی زۆری لە قیرائاتدا داناوە بەتایبەتی ئەو هۆنراوەی كە بە (الشاطبية) دەناسرێت، پێشەوایەكی گەورە و سەرسوڕهێنەر بوو لە زانستەكاندا، دونیا نەویست و خواپەرست بوو لەساڵی ٥٩٠ ك وەفاتی كردووە.

زكريا الأنصاري:

كوڕی موحەممەدی كوڕی موحەممەدی میسری شافیعی، (مفسر و حافظ)ی فەرموودەكانی پێغەمبەرە (ﷺ)، لەساڵی ٨٢٣ ك لەدایك بووە و، لە ٩٢٦ ك وەفاتی كردووە، یەكێكە لەو زانایانەی پێشەكی (إبن الجزري) لێكداوەتەوە.

طاش كبري زادة:

ئەحمەدی كوڕی موستەفا، لە ساڵی ٩٠١ ك لەدایك بووە، زانایەكی توركی حەنەفی گەورەیە، نووسینی لە زۆر لە زانستەكاندا هەیە، لەوانەش لێكدانەوەی بۆ پێشەكی (الجزرية)، لەساڵی ٩٦٨ ك كۆچی دوایی كردووە.

ملا علي القاري:

ناوی سوڵتانی كوڕی موحەممەد نورەددین، لەشاری (هزه) لەدایك بووە و كۆچی كردووە بۆ مەككە و تێیدا جێگیر بووە و هەر لەوێیش كۆچی دوایی كردووە لەساڵی ١٠١٤ك، زانایەكی حەنەفی بووە لەسەرانی زانست لەسەردەمی خۆیدا، دەڵێن ساڵانە بە خەتی خۆی موسحەفێكی بە پەراوێزی قیرائات و تەفسیرەوە دەنووسی و دەیفرۆشت و خەرجی ساڵكەی بۆ دابین دەكرد.

محمد المتولي:

سەرگەورەی قورئان خوێنە میسریەکانە، لە ڕۆژگاری خۆیدا، نابینا بوو، زاناو لێکۆلەرەوەیەکی گەورە بوو لە زانستەکانی قورئاندا، نزیکەی (٤٠) کتێبی هەیە، لەساڵی ١٣١٣ ك لە دونیا دەرچووە.

خالد الأزهري:

زانا و زماننناسێکی میسریە، ناوی خالیدی کوڕی عەبدوڵلاّیە، کتێبی زۆری داناوە کە یەکێکیان لێکدانەوەی پێشەکی (إبن الجزري)، لە ١٤٩٩ ز لە دونیا دەرچووە.

محمود خليل الحصري:

لە ساڵی ١٩١٧ ز لەدایك بووە، لە ئەزهەر خوێندوویەتی، دواتریش خۆی تەرخان کرد بۆ زانستەکانی قورئان بەهۆی لێهاتووی زۆری لە قورئان و دەنگ خۆشی لە خوێندنەوەیدا، یەکەم کەسە هەموو قورئانی بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە بە ڕیوایەتی (حفص) و (ورش) و (قالوُن) و (البزّی)، لە ئاسیاو ئیفریقیا و ئەوروپا و ئەمریکا و زۆر لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان قورئانی خوێندووە و، چەندین کەسیش لە گوێگرانی لەسەر دەستی موسوڵمان بوونە لە ساڵی ١٩٨٠ ز کۆچی دوایی کردووە.



پاشكۆی ژمارە (٤)

وێنەی ئیجازەی نووسەر لە خوێندنی قورئاندا

هذا وقد أجزت الأخ (**إحسان برهان الدين أمين**) ان يروي و يقرأ بما تلقاه مني من طريق الشاطبية و التيسير و اوصيه بتقوى الله في السر و العلن و ان لا يتوانى عن تعليم كتاب الله و ان يكون خادما في حياته لكتاب الله تعالى نفعنا الله جميعا بالقرآن الكريم في الدنيا والآخرة وصلى الله على سيدنا محمد و على آله وصحبه وسلم وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.



خادم القرآن
وافد القراء / ابو عبد الله دلير بن احمد
الجامع للقراءات العشر من الشاطبية و الدرة و الطيبة

سەرچاوەكان

١. ابحاث تجويدية / د. ايمن سويد / دار الغوثاني.

٢. الاتقان في علوم القرآن / جلال الدين السيوطي / المكتبة التوفيقية.

٣. الاجابات الواضحات لسؤال القراءات / احمد الحفيان / دار الكتب العلمية.

٤. احكام التجويد و التلاوة /محمود الزلط /مؤسسة قرطبة.

٥. البرهان في تجويد القرآن / محمد الصادق القمحاوي / المكتبة الثقافية.

٦. بسط المقال في شرح تحفة الاطفال / اسامة مراد / دار العالمية للنشر والتوزيع.

٧. التجويد الميسر / د. عبد العزيز القاري / مكتبة الدار بالمدينة المنورة.

٨. التسهيل لقراءات التنزيل / محمد فهد خاروف.

٩. تقريب النشر في القراءات العشر/ محمد بن الجزري / دار الحديث.

١٠. تنبيه القراء الى ماخفي و شاع من الاخطاء / محمد محمود حوا / له ئینتەرنێتەوە.

١١. الجامع في تجويد قراءة القرآن الكريم / كامل المسيري / دار الإيمان.

١٢. دراسات اسلامية معاصرة / انور الجندي.

١٣. الدرر البهية شرح المقدمة الجزرية / اسامة عبد الوهاب / مكتبة الإيمان.

١٤. السعود في قراءة عاصم بن أبي النجود / حامد العاني / ديوان الوقف السنّي.

١٥. الشرح الوجيز على المقدمة الجزرية / د.غانم قدوري الحمد / معهد الإمام الشاطبي.

١٦.شرح طيبة النشر في القراءات العشر/ محمد بن علي النويري / دار الكتب العلمية.

١٧.شيخ القراء إبن الجزري / د. محمد مطيع الحافظ / دار الفكر.

١٨.علم الوقف و الابتداء في القرآن الكريم واللغة العربية / د. عبد الرزاق الحربي / ديوان الوقف السنّي.

١٩. غاية المريد في علم التجويد / عطية قابل نصر.

٢٠. فتح المجيد في علم التجويد / محمد بن السيد ابراهيم المالكي / دار البشائر.

٢١. القراءات احكامها ومصادرها / د. شعبان محمد إسماعيل / دار السلام.

٢٢.قرة العيون بروايتي شعبة و قالون / محمود محمد ديري / دار القرآن الكريم.

٢٣.كتاب القراءات لأبي عبيد جمع و دراسة الدكتور جاسم الدليمي / الوقف السنّي.

٢٤. اللمعة البدرية شرح متن الجزرية / محمود محمدالعبد / شرح المقدمة الجزرية.

٢٥. المختصر المفيد في جداول التجويد / احمد الطويل / جمعية تحفيظ القرآن.

٢٦. معجم المؤلفين / عمر رضا كحالة / دار إحياء التراث العربي.

٢٧. المنجد في اللغة والأعلام / دار المشرق .

٢٨. المنح الفكرية شرح المقدمة الجزرية / ملا علي القاري / دار السلام.

٢٩. الميسر في علم التجويد / محمد فريد الجمل / مكتبة الإيمان.

٣٠. النشر في القراءات العشر/ محمد بن الجزري / دار الكتب العلمية.

٣١. النور المبين في تجويد القرآن الكريم / محاضرات د. ايمن سويد / تفريغ ميسون دهمان / دار افنان.

٣٢. الواضح في احكام التجويد / د. محمد عصام القضاة / دار النفائس.



نووسەر لەچەند دێڕێكدا

- لەدایكبووی ساڵی ١٩٧٤ لەشاری دوزخورماتوو.
- ماستەری هەیە لە زمانی عەرەبی و كاندیدە بۆ خوێندنی دوكتۆرا لە زانكۆی سلێمانی.
- مامۆستایە لە بەشی زمانی عەرەبی لە زانكۆی هەڵەبجە.
- مۆڵەتی قورئان خوێندنی لە قیرائاتی عەشرە هەیە.

تاكو ئێستا ئەم نووسینانەی بە چاپ گەیشتووە:

١. ژیاننانەی پێغەمبەر (ﷺ) (٢) بەرگ (نارین) دار المعرفة / بیروت. (وەرگێڕان)

٢. زەكاتی ماڵی بازرگانی چاپی دووەم. (دانان)

٣. ژیاننانەی (عبد العزيز بن عبدالله بن باز). (دانان)

٤. ڕابەری ئەوانەی كە عومرە دەكەن (بەوێنە). (ئامادەكردن)

٥. ڕابەری حاجیان (بەوێنە). (ئامادەكردن)

٦. نزار قباني ولوثة الفكر الحداثي في شعره / كتێبخانەی نارین چاپی بەیروت. (توێژینەوە)

٧. سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە (مجلد) پرۆژەی تیشك. (وەرگێڕان)

٨. کۆتایی جیهان / نیشانە گەورە و بچوکەکانی قیامەت (بەوێنە) (نارین) دار المعرفة / بیروت (وەرگێڕان).

٩. علماء الاسلام من هم و ماهي صفاتهم / کتێبخانەی تەفسیر (وەرگێڕان بۆ عەرەبی).

١٠. (الجامع الصغیر)ی السیوطي (٢) بەرگ / لەژێر چاپدایە (وەگێڕان).

١١. شانۆگەری (زاناو ستەم کار)ی یوسف القرضاوي / لەژێر چاپدایە (وەگێڕان).

١٢. باوەڕ بە ڕۆژی دوایی (نارین) دار المعرفة / بیروت (وەرگێڕان).

جگە لە چەند کتێبێکی تریش چاپ کراون و هەندێکیان چاوەڕوانی چاپ کردنن.



پێڕستی بابەتەكان